
بەرهەم
گۆڤاری ئەدەبی، فەرهەنگی و هونەری
ساڵی ٣ ژمارە ٤ بەهاری ١٣٩١ی هەتاوی
وت وویژ
ئاوێنە
چیرۆک
ڕەخنە
سەرچاوە
ڕەشنامە
کتێبی "مناڵە خێزانەکی..."
ئەدەبی مۆبایلین و مۆبایلیزە نیسم
پیاپەی پارک
تیبا بیرم لە تەسکانی بکەیت
جەژنەی هونەر "تالین بالیۆ"
گەڕانەوە بیبیرانێکی سینەمای ژاپۆنی
میرانگر

گۆڤاری ئەدەبی، فەرهەنگی و هونەری
ساڵی ۳ ژمارە ۴ بەهاری ۱۳۹۱ی هەتاوی

پێرست

سەروتار..... ۱
وتەی بەرهەم..... ۲
وتار: کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی لێو لە گۆشەنیگای شەیتانەوە! ــ عادڵ قادری..... ۳
بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا ــ دکتور ڕەهبەر مەحموودزادە ۱۳
کتێبی "مینا"لە خوێندنەوەیەکی سەرپێیدا ـ ڕەئوف مەحموودپوور ۲۰
خوێندنەوەیەکی گشتگیری بۆ ڕۆمانی(زندەای در تابوت)ی فەریبا ئیسماعیلی ـ نامق هەورامی ۲۲
ئەدەبی مۆدیرن و مۆدێرنیسم ـ محەممەد مستەفازادە ۲۵
خوڵقاندنی ئەوین وەک بەهێزترین پرەنسیپی گەورەیی ڕوحی منداڵ ـ گوڵاڵە ستاوەند..... ۲۸
وەرگێڕان:کۆرۆساوا ئیمپراتۆری سینەمای ژاپۆنی ـ فەرەیدوون سامان..... ۳۰
جەوهەری هونەر"ئالێن بادیۆ" ـ عەلی حسەینی..... ۳۳
لەکەناری پردەکەوە"هاینریش بۆل" و: مێهرداد ڕامیدی نیا..... ۳۸
پەیاپەی پارک ـ مەریەم ئەمینی "سووما"..... ۳۹
وتوویژ:دیمانەیەک لەگەڵ ئەرسەلان چەلەبی. فەوزیە سوڵتانبەگی، جەمیل مورادی ــ هەوار خزرزادە" شەفەق"..... ۴۰
شێعر:ڕووانا چووپانی. هەرمان وەتمانی. شەویار گولابی ئازەر و هتد. ... ۴۸-۵۸
ئەگەر نوو جار بمرم لە وانیە نەجاتیم بێ! مریەم قازی ۵۹
چیرۆک:میراتگر ـ ڕزگار لوتفی ۶۰
تەنیا بیرم لە قسەکانی دەکردەوە ـ کوردستان گولابی ئازەر..... ۶۲
کەجێل ـ لەیلا نووڕانی..... ۶۳
ئاوێنە ـ ک.د.ئازاد..... ۶۵
ڕەشایی ـ زێنەب بابایی..... ۶۶
جیهان کەرەمی..... ۶۷



خاوەن ئیمتیاز: ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد
دەستەی نووسەران:
عەبدولقادر نیازی، مریەم قازی،
هەرمان وەتمانی، هەوار خزرزادە،
شەویار گولابی ئازەر
تەڕاجی، گرافیست و ڕازاندنەوە و لۆگۆ: ئەمیر سەفا
ئاوەندی ڕاگەیاندنی مەگرافیک

Edebi.meh@gmail.com
Edebi-meh.blogfa.com

ــ هەرچی ئەم گۆڤارە چاپی دەکا حوکم نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ.
ــ بابەتەکان دێنە سەر ڕێنووسی گۆڤاری بەرهەم.



سەروتار

مریەم قازی

باران باران !
بەخێرهاتی
پێڵاوە خووساوەکانت بانی چاوان !
ئاگات لێبوو لە پێخەفی زەریاسای دوێنێ شەوێت
هەتاکوو پڕۆژ شەپۆلم دا
ئاگات لێبوو بە گرمەگرمی هەورانت
بە یەک سمی خولیاکانم
هەتاکوو کوێ هەلینگم دا !
باران باران !

لە پێخەفی زەریاسای بارانەکەی بەهاری ساڵی ١٣٩١ هەتاوی‌دا، بووکە "بەرهەم" دوای چەن ژمارەیەک چاوی بە یەکەم بەهاری تەمەنی پشکووت. "بەرهەم" تێگەیشت کە لە مەڵبەندێکی هەتیودا، لە داوێنی دایکێکی دڵسووتاو لە دایک بووە، تێگەیشت لەگەڵ هەموو کەمتەمەنی و کەمئەزموونی وەک هەموو منداڵە بێنازەکانی وڵاتەکەی ئەرکێکی قورستر لە شانە ناسکەکانی کەوتۆتە ئەستۆی. بەڵام دەگەڵ هەموو ئەوانەش‌دا، بە ئەوپەڕی هیوا و متمانەوە دەیڕوانی ئاسۆیەکی پوون و هەر بەم باوەڕەوە هێور و هێواش هاتە پێش و گوێی نەدا بە نەهامەتی، کەموکوڕییەکان و گرفتەکانی تری لەم ڕێگا هەڵەمووت و ڕژدەدا. لە بن بارانی خۆشەویستی هۆگرانی شێعر و ئەدەب چەقەڕەی دا. پەلی هاویشت و ڕیشەی کوتا.

بەهار وەک ڕاپسکاندنی زەوی لە چەقوچۆی تەزوو و سەهۆڵبەندانی زستان، وەک سەرهەڵدانی بە هەزاران گوڵی شلک و ناسک و هەمەڕەنگ، وەک "ژیانەوە"ی دووبارە، دەستێکی گەورەی دایە دەست "بەرهەم" کە بریتی بوو لە جوانترین بەرهەمی جیهان : "ئازادی". ئازادی بۆ هەناسەهەڵکێشان، بۆ دەرخستنی "هەبوونی" شاراوە لە ناخی بێدەسەڵاتی و چەقبەستوویی، بۆ خوێندنەوەی ڕاستەقینەی خۆی، بۆ بە دەستەوەدانی خۆی بە تاریفێک کە هیچ کات نابڕێتەوە. بۆ داڕشتنەوەی سەر لە نوێ ، بۆ خوێندنەوەی سەر لە نوێ، بۆ نوێبوونەوە. بۆ ئەوەی بە پانایی ئاسمانی پانوبەرینی وڵاتەکەی سەر هەڵبڕێ، هەر دوو باڵی لێک کاتەوە و بفڕێ ...بفڕێ.. بفڕێ تا ئەو پەڕی ڕزگاربوون لە هەر چەشنە کۆتوبەند، دیوار و زنجیرێک. "بەرهەم" هەر لەم چەند ژمارەی کەمتەمەنەی خۆی‌دا تێگەیشت :"هیچ کەس ناتوانێ بۆ ئەم جیهانە کارێک نەکا و ڕێبازێک هەڵنەبژێرێ و تەنانەت تێگەیشت هەڵنەبژاردنیش بۆ خۆی چەشنێک هەڵبژاردنە." ئەویش هات تا لە بەستێنی هەراوی ئەدەبیات‌دا "کارێک" بکا و ئەگەریش کارستان نەبێ، هەناسەیەک بێت لە تەک چەند نازدارێکی هۆگری "خۆخوێندنەوە". تێگەیشت کاتێک دێیە سەر جیهان، هیچ چارەیەکت نییە جگە لە ژیان! جگە لە "بوون"، ئەویش بوونێکی جوان، بوونێکی هزرمەند، بوونیکی بە واتا و مانا، بوونێک بە عەترێکی بلاوێنی وەک بۆنی سەربەستی بەهار! وەک تەقینەوەی کانی و هاوار و هاژەی ڕووبارەکان، وەک پێدەشتی سەوزی بەر پێی ڕێبواران، وەک هەتاو و با و باران...

" بەرهەم " ئێستا خۆی بەهارێکە لە داوێنی وەرزی زستان‌دا، فرچکی گرتووە و گڕوگاڵی بە قاسپەی کەوی بەهاران ڕازاوەتەوە و هیواداره بە دوا ڕۆژێکی گەرم و بەتین.

وتەی بەرهەم

بەدەر لە هەر ڕوانگە و ڕوویکەردێکی جیاواز بۆ ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، ڕەنگە بتوانین تایبەتمەندییەکان بۆ دیاری کەین ئەویش ئەوەیە کە دەکرێ لە دیدێکی دیکەوە وەک گۆڤارێکی زارەکی " مجلەیەکی شفاهی" لێیان بڕواندرێ.

ئەگەر بمانهەوێ لەو پێوەندییەدا بە ئاکام یا لانیکەم قەناعەتێکی تر بگەین، دەتوانین بڵێین کە جیا لە هەستی دەروەستبوون بە ئەدەبیات، ترسێکیش داوێنگری ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و ئەندامەکانیان بووە کە ئەویش ترس لە لەبیرچوونەوە و فەرامۆشکرانە. بەتایبەت ئەگەر بمانهەوێ لەو نێوەشدا جێگەوپێگەیەک بۆ ئەنجومەنە ئەدەبییەکان دیاری بکەین و بە مەرجێک کە بلوێ، ترس و مێژوو و دەروەستبوون لە پەنا یەک دانێین و پێوەندییەکی لۆژیکی و گونجاویان لە نێواندا ساز کەین. ترسی لەبیرچوونەوە و فەرامۆشکران کە بێگومان ڕیشەی دەمێژووی زەینییەتی مرۆڤدا هەبووە و هەر ئەوەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەروەستبوونێکی لە بیر و هزری مرۆڤدا پێکهێناوە کە ئاکامەکەی هەبوونی بەرهەمێکە.

بە گوێرەی ئەوەی تا ئێرە وترا باسکردن لە مێژوو و ترس و دەروەستبوون و پێکهێنانی پێوەندییەک لە نێوان ئەو چەند فاکتەرە و ئەدەبیات بێگومان پێویستی بە هەندێ ئاسانگیری و لێبوواردەیی هەیە. ئەگەر خوێندنەوەی مێژوو ئامراز و کەرەستەیەک بێ بۆ پێشگرتن لە فەوتان و نەمانی ڕابردووی گەل و نەتەوە و جیهان، بێ دوو و سێ لێکردن، ئەدەبیات بەستەرێکە کە بەپێچەوانەی مێژوو، دەکرێ مرۆڤی داهاتووی، خۆی تێدا بدۆزێتەوە. هەڵبەت بە یارمەتی و پاڵپشتی ئەو یانانە گەلەی کە لە بەستێنێکی مێژوویی‌دا خۆیان ئاراستەی مرۆڤ کردووە. زەق و بەرجەستەبوونەوەی ئەو ئاسانگیری و لێبوواردنەی لە سەرەوە باسی کرا؟ ڕەنگە بەو شێوەیە بتوانێ باشتر خۆی چێ بکا. بەو پێیە بە هێنانە ئارای مێژوو وەک ئامراز و ئەدەبیات وەک کەڵکەڵەی مرۆڤ بۆ داهاتوو، پێوەندییەکی گونجاوتر لە نێوەندی مێژوو و ئەدەبیات‌دا پێک دێ، کە ئەگەر بە هەڵە یا زێدەڕەوی نەزانرێ ترس لە لەبیرچوونەوەی ڕابردوو و دەروەستبوون بە داهاتووەوەک خاڵێکی هاوبەش و تەنانەت خاڵگۆڕانێکیش (نقطه عطف) ، بوونی خۆیان مسۆگەرتر کەن. سەرەڕای هەموو ئەوانە، بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەدەبیات بە هەموو زەرفییەت و پتانسیلەکانی خۆی پرسیارێکە کە تاوانی بێوڵام هێشتنەوەی بەتەنیا ناکەوێتە سەر شانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان. ئەگەرچی دامەزراندنیان مێژوویەکی دوور و درێژیشی هەبێ.


لە لایەکی دیکەشەوە بەرەوڕووبوون لەگەڵ ئەدەبیات خۆی ڕووبکەردێکە کە بێهێنانە گۆڕی بەستێنە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ڕەوانییەکانی مرۆڤیش، وڵامێکی زۆر ڕازیکەری بۆ دیاری ناکرێ.

ئەنجومەنە ئەدەبییەکان جیا لەو ترس و دەروەستبوونەی کە لە سەرەتای ئەو نووسراوەیەدا ئاماژەیان پێکرا، ڕەنگە ئەرک یا لانیکەم کەڵکەڵەیەکی تریش بۆ خۆیان دیاری کەن کە ئەویش دنەدانی مرۆڤ و کۆمەڵگایە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی ئەدەبی کە وێڕای ڕەخنەگرتن لە ژیان و دیاردە پێوەندیدارەکانی بە ژیان، ئاسانترکردنەوە و شیاوی خۆڕاگری لە بەرامبەری ژیان و چەرمەسەرییەکانێتی.

ڕەنگە پڕمەترسیترین زەبرێکی کە لە سەر نەگرتنی ئەو پرۆسە مەزنەدا، وە ئەدەبیات دەکەوێ ئەوە بێ کە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان بەتایبەت و دڵسۆزانی دیکە، دەستیان بە تریبۆن و ئامراز و کەرەستەیەک ڕاناگا، نەبوونی گۆڤارێکی ئەدەبی، ماڵپەڕ و هتد... لەو بەستەرەدا دەتوانێ خەسارێکی بەهێز بێ.

بەدڵنیاییەوە سازدان و بە کردەوەیی‌کردنی ئەو بیرۆکەیە لەو چاخ و زەمانەدا پێوەندییەکی قورس و ڕاستەوخۆی لە گەڵ شێوە ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئەدەبیات و فەزای ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ... وڵات هەیە. دیسان ناچارین دووپاتی کەینەوە کە لایەنە بەهێزەکانی ئەو خەسڵەتانە یا باشتر بڵێین ئەو خەسارانە، بەداخەوە خولقێنەری هەندێ خەساری تر بووە کە نە تەنیا داوێنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان بەڵکوو کۆمەڵگاشی گرتۆتەوە. هەر بۆیە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد بۆ تۆزێک کەمکردنەوەی ڕادەی شوێندانەری ئەو خەسارانە، هەنگاوێکی ناوەتەوە کە ئەگەرچی هێشتا ساوایە بەڵام بەدڵنیاییەوە توانایی و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە هەموو بوارەکان‌دا بە کار هێناوە. دەرکی وەها پێداویستییەک لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد بەتایبەت و هەروەها ئەنجومەن ئەدەبییەکانی هاوڕێمان بەردەوام هاوکاتە لەگەڵ گەلێک هەزینە و ماندووبی ئەندامان کە بێگومان بەرهەمەکەی بێ کەموکوڕی نابێ. هەر بەو پێیە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهابادیش بەش بەحاڵی خۆی وێڕای ئەوەیکە دان بەو کەموکوڕییەکانی ئەو بەرهەمە دادێنێ هاوکات هیممەتی ئەوەی هەیە کە بڵێ تاوتوێکردنی هەموو لایەنەکانی ئەدەبیات، نە دەتوانای تەنیا بەرهەمێکی نێوخۆیی ئەنجومەن دایە نە لە سەرەتای دەرچوونی بەرهەمەوە ئەو خواستەشی هەبووە؛ لەگەڵ ئەوەش ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد و گرووپی ماندوویی‌نەناسی بەرهەم وێڕای ئەوەیکە بۆ ئامادەکاری و دەرچوونی گۆڤارەکە هیچ کات بە شوێن پەرەپێدان بە ئەندێشەیەکی دوگم و تاکلایەن نەبوونە، هاوکات حەولی ئەوەشیان داوە کە سەربەخۆیی خۆیان لە حاست هۆگرایەتی و لایەنگری‌کردن لە هەر لایەن و گرووپ و تاقمێک بپارێزن و ئامانجی هەرە گرینگیان چێکردنی ڕێچکە و پڕۆسەیەکی مەزن و دیمۆکراتیکی بووە.

ماوەتەوە بڵێین کە وێڕای دەربڕینی ئامادەیی بەڕێوەبەرانی بەرهەم بۆ وەرگرتنی هەر چەشنە ڕەخنەیەکی پێویستگەرایانە و خولقێنەرانە بۆ گەشەونەشەی وێژەی کوردی بەگشتی و پێوەندی هەرە زیاتری ئەنجومەنە ئەدەبییەکان کە بێگومان لەم هەلومەرجەدا ڕۆچنەیەکی بەپێزن بۆ ڕەنگدانەوەی هەرچی باشتری "بەرهەم" و گۆڤارگەلی لەم چەشنە لە داهاتوودا.



کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی لێو
لە گۆشەنیگای شەیتانەوە!
(بە خوێندنەوەیەکی کورتی قەسیدەی گوناهی بەختیار عەلی)
خوێـــنـــدنـەوەیـــەکـــی فـــەلـــسـەفـــی ـ ئـــەدەبـــی
پێشکەشە بە "شلێر نادری" کە گوناهی یەکەمینم بوو...
ئەمە منم؟
ئەی گوناهی خۆشەویستی،
یان ئاوێنەی تۆ؟



عادڵ قادری

وشە سەرەکییەکان : بوون ـ گوناە ـ مەعریفەت ـ زمانناگۆ ـ زماندرێژ ـ تابۆ ـ هەبوون

هاتوچۆی مرۆڤ لە نێوان گوناە و مەعریفەتدا

مەعریفەت تەنها پێشبوونێکە کە گومان هەڵگر نییە و لەوەی کە مرۆڤ گومانیش لە مەعریفەتی خۆی بکات هەر هێما و ئاماژەیەکە بۆ بوونی ئەم وزە، ئەم توانایی‌یە یان وەکوو زۆرتر وا دەنوێنێت و وا دەڵێن ئەم گوناهە کە بە گوناهی یەکەمین ناوی زڕاوە. هەڵبەت دروستبوونی ئەم حاڵەتە بەو مەرجەیە کە بە ڕوانین و عەقڵییەتی دیکارتی مەعریفەت بخوێنینەوە، واتە گومان و شک بە بنەمای بوون و تێفکرین بهێنینە ئەژمار، هەر بەم پێیەش لە ئاوەها ڕەوتێکدا مەزندەی ئەوەش بکەین کە خودی گومان، کرۆک و جەوهەری مەعریفەتە. پێش لەوەی بچمە نێو قوولایی‌یەکانی پێوەندی و دەستەویەخەبوونی گوناە و مەعریفەت، دەمهەوێت گێڕانەوەیەکی گشتی لە مانا و دەلالەتەکانی مەعریفەت ـ گوناە، بدەم بە دەستەوە تا بزانین شوێنگە و پێگەیان لە ئاست یەکدی‌دا چۆنە و ئاوێزانبوون و ئاوقابوونیان لە ئامێزی یەکدی‌دا چۆن دەخەملێت.

تابۆ (Tobou)کان و بڤەکان بە وتەی زۆرژ باتای ئەرکیان کپکردنەوە و داتەکاندن و لەناوبردنی توندوتیژی‌گەلێکە کە لە بوونی ئادەمی‌دا مەزندە دەکرێت. سەربووردە و تەمەنی تابۆکان دوورەدەستتر و ئاسۆلێڵترن لەوەیکە ئێمە بتوانین هۆکار و بەرکاری هاوکێشە تابۆییەکان دیاری بکەین، تاکوو ئەگەر دواتر تابۆشکێنی کرا، خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنی لێبکەین. "بوون" بە "تابۆیەک" بە ناوی گەنم یان سێو یان ... دەستی پێکرد و بە شکاندنی ئەو تابۆیە و تامکردنی ئەو چێژە، بوون درێژ بووە و هەبوون (Become) تێکەڵی گەلێ ئاشوب و بشێو و قڕان و... بووە و چارەسەری ڕازی ئەم سەرچاوە سوور و پرتەقاڵییە[1] لە هاتنەئارای بە بڤەکردن و تابۆکردنی تشتی دیکە بوو. کە وەکوو ڕێسا و پەرژێنێک پارێزگاری لە بوون بە هەموو فرەڕەهەندی و فرەدەرکەوتەیی خۆیەوە بکات. کەواتە "بوون" لە هاوکێشەیەکی تابۆیی و بڤەئاوی پێچەڵپڵووچ و لێکدژانەدا دەژی. هەڵبەت ئەمەش سروشتی هاوکێشە و هاوبوونە تابۆییەکانە. ئێمە تابۆ دەشکێنین، مەعریفەت کە بریتی بێت لە تام، چێژ، حەز جا چ جەستەیی بێت یان ڕوحی، و هتد... وەردەگرین، لەم ئاڵووێرەدا ماڵوێران دەبین و سزای تابۆشکێنیش وەردەگرین کە ئەویش خەڵق و داهێنانی تابۆیەکی دیکەیە، بەڵام ئەمجارە بە مەعریفەتەوە واتە بە ڕوانگەیەک جیاوازتر لە پێشوو تابۆ خەڵق دەکەین و لە شکاندنیشی بە هەمان تۆخی و خەستی زانینمانەوە پارێز دەکەین و بڕەو بە تابۆسازی دەدەین و لە دواجاردا پەرستش و ڕووگە دێتە کایەوە. دەتوانین ئەم پرۆسیس و پێشڤەچوونە ڕەوایەت بکەین و بگێڕینەوە تا دەگاتە سنوور و لێواری نابوودی شارستانییەت و کلتوورەکان. واتە تابۆ و هاوکێشەی تابۆیی شاکلیلی بوود و لە هەمانکاتیشدا نابوودە، بوون و نەبوونە، کۆتایی و ناکۆتایی‌یە و ... ئەوەش لە یەک کات و چرکەی هاوسەنگ و هاوبەشدا.

مەسیح تابۆکانی پێش خۆی تووڕ دا، سزای بە خاچەوە بۆ کێشرا، هەنووکە مەسیح تابۆیەکی پۆڵاییە... (بەشێک لە فیلمێک لە بارەی ژیانی عیسای ناسری)

تابۆشکاندنی یەکەمینی ئادەم (مەبەست ئادەم و حەوایە) لە کلتوورە دینی و میتافیزیکی و ئەدەبییەکان‌دا گێڕانەوەی جۆراوجۆر و فرەچەشنی لێکراوە، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە یەکەمین و گەورەترین قەدەغە و بڤەیەک بووە کە مرۆڤ دەستی لێداوە و شکاندوویەتی. هەنووکە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر و تەنانەت دژ لە یەکیش بۆ ئەم کردارە[2] لە ئارادا هەیە، کە ئەم جۆراوجۆری ڕوانینیشە گرێدراوی هەر هەمان وێستەناو و کرۆکی جەوهەری هەر کام لەو میتافیزیک و کلتوورانەیە. شتێک کە گومانهەڵگر نییە ئەوەیە کە ڕووداوی ئەم کردەیە لە ناو هاوکێشە و بگرەوبردەیەکی ئاڵۆز و پرپێچدا دەخوێندرێتەوە و هەڵدەسەنگێندرێت کە ئەویش هەر وەکوو وتم: ناوزەدە بە هاوکێشەیەکی تابۆیی. دەتوانین وەکوو ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی ئەم وتەیە یەکێک لە گێڕانەوەکان وەکوو نموونە بهێنینەوە و جەمسەر و ڕەهەندە دیار و نادیارەکانی بخەینە

ڕوو. بەڵام بەر لەوە دەشێت بڵێم کە گوناهی یەکەمین مەرج نییە کردە یان ڕەفتارێکی پراکتیکی بێت لە لایەن بوونەوەرێکەوە کە ئادەم بێت، بەڵکوو زۆرتر وێنا و خوازە (میتافۆر) و گێڕانەوەیەکە کە خۆی بە ئاراستەی میتۆلۆژی و ئەدەبیات و دین و ئایینە کۆنەکاندا دەناسێنێت.

دەگێڕنەوە کە باری‌تەعالا بوونەوەرێکی تاقانەی بە ناوی "ئادەم و حەوا" لە باغێکی جاویدان و خەیاڵی‌دا هێنایە بوون. ئەوەش هەر تەنها بە هانینەزارێک بۆ "بوون" (کن فیکون)٣. باغێک کە هەنووکەش خەیاڵدانی ئۆنتۆلۆژیکاڵ و هزری جوانی‌ناسانەی ئێمە ناتوانێت ڕەنگڕێژ و نیگاری بکات. باری‌تەعالا بەو یەکە تاقانەیە فەرمووی: لە تامکردنی ئەو درەختە بێوەری بن. بەڵام هەر ئەم دەستوور یان ئەمر یان پێشنیارە... وەسوەسە و تامەزرۆیەکی لە ناخیان‌دا چاند و ئاڵاهەڵگر و "ڕچەشکێنی" ئەم کردەیەش حەوا بوو نەک... جا تۆ بڵێی هەوا (حەوا)ی نەفس بووە یان حەوای ئادەم بووگە؟ هەڵبەت لێرەدا ڕۆڵی "تاووس" وەکوو وەسوەسە هەڵگر و نیشانێک بۆ جوانی و ڕۆڵی ئیبلیس وەکوو فریشتەیەکی (نادان و نافەرمان یان زانا و پرسیارساز و یاخی) و دەوری مار وەکوو دەمامکی ئیبلیس هەموو لەم ڕووداو و هاوکێشە گرینگەدا جێگەی باس و لێکدانەوەی زۆرن. ئەگەر ئەم کردە و ڕووداوە وەکوو ئاراستە یان "شت"٤ێکی درێژەدار دانێین و بە شێوەیەکی زنجیرەیی حەڵقەکانی دیاری بکەین، دەشێت ڕەهەند و لایەنەکانی ئاوا نیگار بکرێن: ١- باری‌تەعالی ٢- ئادەم و حەوا ٣- شەیتان ٤- حەوای ئادەم ٥- ماریکی درێژ ٦- فەرمان یان ئەمر یان پێشنیارێک لە ژێر ناوی "مەخۆن" ٧- خواستی بوون لە قەوارەی (کن فیکون)دا ٨- زمان (کە ناوی هەموو ئەم شت و کردە و فرمان و ئامێر و بوون و بوونەوەرانەی تێدا نەخشێندرا). من لە بەر ئەوەی کە هێشتا ئەم ڕەوایەت و باسانە تابۆ و بڤەی تایبەتی خۆیان لە سەرە، نامەوێت لە خستنە ڕووی جەمسەر و ڕەهەندەکان‌دا تابۆشکێنی بکەم چوونکە سزای تابۆیی هێشتاکە لای ئێمە لە لووتکەی کارکردن و سووڕانی خۆی دایە. بەڵام تا ئەو شوێنەی کە پێویست بووە بۆ گرێدانی ئەم کورتەیەم بە کرۆکی مەبەستی خۆم لە وتارەکەدا، من ئامانجی خۆم پێکاوە. و قورسایی لێکدانەوەکەم دەخەمە سەر چەند ڕەهەندێک کە لێرەدا و بۆ دۆزینەوەی ماناکانی گوناە باسی دەکەم. بۆیە لە دواجاردا دەڵێم: کە هەموو ئەو ڕووداوانە لە هەرێم و شوێنگەیەک هاتنە ئاراوە کە پێی دەڵێن زمان. و درێژی و کورتی گێڕانەوەکانی ئێمە لەو گوناهە یەکەمینییە، بەندە بە کورتی و درێژی زمانێک کە ئەو جەمسەر و ڕەهەند و ئاڵقانە پێکەوە گرێ دەدات و وێنەیەکی لێ وێنا دەکات. ئێمە بە هۆکارگەلی زۆر و زەبەندەوە، ئاسمانی و زەمینییەوە و... هەندێ جار لە باسکاری و تۆێکاری ئەم ڕووداوە زمان‌ناگۆ بووگین و لە هەندێ جار و چرکەساتی کورتی مێژوویش‌دا زمان‌درێژ بووگین. واتە دەکرێت زمان‌ناگۆیی و زمان‌درێژی وەکوو دوو دیاردەی بوولێڵی خەلیقەت لە دوای گوناهی یەکەم چاو لێبکەین. هەبوونی ئەم دوو دیاردەیە لە پانتا و درێژایی مێژووی کلتوور و دین و ئایینەکان‌دا سەلمێنەری ئەوەیە کە خواست و ئارەزووی کلتووری مرۆیی بە تابۆسازییەوە فرچک کراوە تاکوو تابۆشکێنی، دەڵێی ئادەم هێشتاکەش لە شۆک و داچڵەکانی ئەو تابۆشکێنییەی یەکەم نەبووبێتەوە و لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی بێت، هەر وەکوو چۆن لە سروشتی ڕووداوەتابۆییەکان دایە. واتە هەر تابۆشکێنێک دواتر تابۆسازێکی لێدەردەچێت. ئایا هەر تابۆشکاندنێک پێش‌مەرجی تابۆسازدانی لە ناخی خۆی‌دا هەڵنەگرتووە؟ گەر نوقڵێتی "حەسار و سەگەکانی باوکم"ی شێرزاد حەسەن بخوێنینەوە ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. لەو نۆقڵێتەدا ئێمە پاڵەوانێکمان هەیە "بێ‌ناو" کە هەموو هێما تابۆیی و دیاردە قودسییەکانی دەور و تەنیشتی کە بریتی بێت لە ئاپۆرە و مێگەلی دایکان و خوشکانی تەڕی لە گرێی جینسی و ڕەوگە و مۆڵگەیەک لە ئاژەڵان و گیاندارانی خەسێندراو و... هانی دەدەن بۆ تابۆشکاندنێک کە لێرەدا کوشتنی باوکێتی، دوابەدوای ئەو کوشتنەی باوک، هەموو دایکان و خوشکان و... واتە هەر هەمان هاندەرانی پاڵەوانی چیرۆک« دەبن بە سزادەران و جەنگاوەرانی تابۆ. من هەوڵ دەدەم لە دەرفەتێکی لەبارتردا بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ئەم شاکارە ئەدەبییە بیخوێنمەوە و لێکی‌بدەمەوە. بەڵام بەداخەوە لێرەدا دەرفەت نییە.

دەتوانین لە ڕووبەری مێژوودا ئاماژە بە بڕێک لەو تابۆشکێنانە بدەین کە سڵیان لە تابۆ- ناسین نەکردۆتەوە، واتە ڕوویان لە تابۆشکاندن وەرنەگێڕاوە چوونکە پێش‌مەرجی هەر جۆرە ناسین و مەعریفەتێک با مەعریفەتی تابۆییش بێت، شکاندنیەتی! واتە پێش‌مەرجی هەر ناسین و مەعریفەتێک کردەیەکە با ناوی شکاندنی لێبنێین. لە ڕووبەر و گێڕانەوەی دراماییو سینەماییش‌دا دەتوانین ئاماژە بە فیلمگەلی (خەیاڵوانان) بە دەرهێنەری بێرناردۆ بێرتۆلووچی، (قەڵەمپەڕەکان) کە دەرهێنەرەکەیم لە یاد نەماوە و... بکەین. بەگشتی و کورتی ڕووبەری مێژوو شایەتحاڵی دەرکەوتن و هاتنەمەیدانی کۆمەڵێک زمان‌درێژ بووە کە ئەگەرچی بە جارەها و لە چرکەساتە مێژوویی‌یەکان‌دا ئەم زمان‌درێژانە زمان‌ناگۆ و زمان‌بڕ کراون، بەڵام هەنووکە زمانی مرۆڤ درێژتر و ئازادتر لە سەردەمێک بووە کە تێی‌دا مرۆڤ و ئازادی‌خوازانیان لەسەر هاوردنەزاری پەیڤی ناباو و ناقودسی و ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێکردنی پیرۆز و ناپیرۆز لە ئاگرەکان‌دا دەسووتان یان ڕەوانەی سەرداب و عەڵەوخانەکانی کڵێسە و حوجرەکانی مزگەوت دەکران، بەڵکوو زمان درێژی نەکەن و بەو زمانەی کە زمانی دین، نەریت، کلتوور، دیسیپلین و بەها خێڵەکییەکان و ... بووە، ئیمان بهێنن و وڵامەکانی خۆیان وەرگرن و لە پرسیارداڕێژی و زمان‌درێژی بکەون. ئەمڕۆ ئێمە خاوەنی سامانێک لە گوناهی جوان و ناجوانین کە بوونی وزە و توانایی مەعریفەتی مرۆڤی، تۆکمەتر و جڵەودارتر و لە هەمان کات‌دا یاخی‌تر و لاسارتر کردووە. دەیگێڕنەوە لێرە و لەوێش، لەوێ و لێرەش!، کە گوناهی یەکەمین هاوکێشەیەکی سێ ڕەهەندی سادەی لە پشت بووە، هەر چەند ئەمڕۆکە خوێندنەوە و شرۆڤەکان لەوە ئاڵۆزترە کە تەنانەت باسی ڕەهەندارییوونی ئەم ڕووداوە بکەین. ئەو سێ ڕەهەندە بریتی بوون لە خودا، شەیتان، ئادەم و حەوا. خودا لە سۆنگەی ڕەحمەت و فەیزی ناکۆتایی‌یەوە، و بە "کن فیکون" بوونی هێنایە گۆڕ. موقەڕەبانی باری‌تەعالا گوتیان: تۆ مرۆڤێک دەئافرێنی و دەینێریتە زەوین کە خوێن بڕێژێت و گەندەڵی بکات؟ و... ئەویش فەرمووی:

(من تشتێک دەزانم ئێنگۆ بێبەرین لێی)٥. تا هەنووکەش لە تێڕامان لەم فەرمایشە قودسی و ڕازئاوییە بە ئاکامێکی تەواو و ڕەها نەگەییشتووین و ڕەنگیشە سرووشت و جەوهەری بوون بۆ بەردەوامییەتی و درێژایەتی هەر ئەوە بێت کە لە سڕ و ڕازی ئەم گۆڵە سووڕە٦دا شەڵاڵ و ون ببین. بەڵام ئەوەی کە چەسپاو و سەلمێندراوە ئەوەیە کە لە جیهانی کەوناراو سەردەمی دەسەڵاتی دیرۆک و ئەفسانە و حەماسە و... تاکوو ڕۆژگاری سەروەری زانست و تەکنۆلۆژیا و قەڵشتاندنی ئەتۆم و...هتد، گوناە و بقە و توتم و تابۆ یەکێک لە وتەزا و بابەتە هەمیشە ئامادەکانی کلتوور و شارستانییەت و زمان و بوونی ئادەم و بەگشتی هەناوی میتافیزیکە کە لە گەڵ مرۆڤدا بووگن و دەبن، ئەم وتەزایە خۆی بە ئاڵۆز و سادە، بە گەورە و بچووک، سەغیرە و کەبیرەیەوە و... پێمان دەناسێنێت و دەگێڕدرێتەوە. میتافیزیک لێرەدا بە واتای هایدیگەر واتە گشتییەتی شتێک خۆی لە خۆیدا. هەندێک لەم میتافیزیکانە بنەما و جەوهەریان هەر لەسەر خوێندنەوە و پێناسەکردنی گوناە ڕۆناوە. و گوناە بە واتای موجەڕەد خراپە و نەدەبوایە بکرایە بەڵام وەسوەسە و شەهوەت و چلێسی مرۆڤ ئەمەی کردووە و بۆ هەتا هەتایە ئینسان ئەم کردەیە ناتوانێت قەرەبوو بکاتەوە. هەندێکی تر بە نەرمونیانییەوە دەڵێن: ئەوە گوناە نەبوو بەڵکوو مەعریفەت بوو. مەعریفەتێک کە بۆ بوون و هەستی پێویستە و بەبێئەوە بوون نەدەهاتە هاتن. واتە دەڵێن: ئەو میوە کە گەنم بووبێت یان سێو، میوەی قەدەغەکراو نییە بە تەنها یان تەنها ڕەهەندی قەدەغەبوون و بڤەئاوێبوونی نییە، بەڵکوو میوەی مەعریفەت و زانیاری پەیداکردن لە سەر چاکە و خراپەش بووە. واتە مرۆڤ ڕەنگە لە ململانێی نێوان خودا و شەیتان و خۆیدا کردەیەکی سادە — ئاڵۆزی کردبێت، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە ئادەم (مرۆڤ) بەم فریوخواردنەی لە ئیبلیس، لە حەوا، بەم شەهوەت و چلێسبەردانەوە لە خۆی بۆ عیشوەی حەوا، بۆ زمانی لووس و درێژی مار وەکوو بیچم و قەوارە و دەمڕاستیەک لە شەیتان و هتد... لە پرۆسە و داهاتنی بوون و کن فیکون‌دا بەشداری جیددی بووە. ڕاستییەکی مێژوویی ـ عەقڵیشمان بەردەوام لە بەردەمە کە "بوون" تا هەنووکەش گرێدراوی ئاڵۆزی و سڕئاوی بوونە و ئەوەش لە پەیوەستە لە گەڵ چەمک و وتەزا و پرسگەلی وەکوو پرسی بوون، ڕازی بوون، مانای بوون، چییەتی بووِن، جەوهەری بوون و ئامانجی بوون و... دەرێدەخات کە لە دەقە دینی و میتۆلۆژییەکانەوە بۆ وتار و گوتارە عەقڵی و زانستییەکانەوە پرسی بوون بەردەوام حازر و ئامادەیە. هەر لە یۆنانی کەوناراوە تاکوو فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتوون لەوێشەوە بۆ دیکارت و سەردەمی ڕۆشنگەری و لەوێتریشەوە بەرەوە ڕۆژگاری مۆدێڕن و جەنگە جیهانییەکان و دواتر پۆستمۆدێڕنیتە و وەک هەندێک دەڵێن: سەروبەندی ئاپۆکالیپس و ئاخرزەمانی‌دا "بوون" هەر بووگە و دەشبێت. بوون شاکلیل و زێڕەتەوەری وجوود بووە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ بە پرس و بابەتی مەعریفەت و گوناەوە هەڵواسراوە و بەم پێیە لە ڕۆژگاری دەرکەوتنی بوونەوە ئێمە لەگەڵ گوناە و مەعریفەتدا هاوڕا و هاودەمین. لەو ڕۆژگارە تاکوو ئێستا کە سامان و بارستاییەکی قەبە لە گوناە و مەعریفەتمان کۆکردۆتەوە کە بە پرسی بوونەوە گرێدراوە، بەڵام بڕیار و لێبڕانێکی ڕەها و تەواومان بۆ پرسی گوناە نییە کە شاکلیلی بوونە، ئەمەش هەر وەکوو گوتمان وابەستەی جەوهەری ڕێژەیی و ڕازئاوێبوونی گوڵێکی سووڕە کە.....دەبێت تێیدا شەڵاڵ بین. واتە بەگشتی، بوونی گوناە ڕەهایە، بەڵام چۆنبوون و چییەتی ئەم بوونە دابەشکارییەکی بۆ مەعریفەت و گوناە و هەموو وتەزاکانی بوون بەگشتی دروست کردووە. و میتافیزیکی یۆنانی و مەسیحی و ئیسلامی و نیچەیی و غەیری دینی و هتدی... لێکەوتۆتەوە. ڕەنگە یەکێک لە چڕترین حاڵەتەکانی هاوکێشەی داهاتنی بوون و بەشداری مرۆڤ لە پرۆسیس و ڕەوتاندنی "بوون" دا لە لای هیگل بوو بێت. ئەو لە کتێبی دیاردەناسی ڕۆحدا و لە بەشی " خودا و بەندە" دا دەڵێت:

بەندە حەریفێکی دۆڕاوە و لە گیانبازی‌دا بۆ سەرکەوتن تا ناکۆتا نەڕۆیشتووە و یاسای خودا، واتە سەرکەوتن یان مەرگی قەبوول نەکردووە ـ... ئەو بەندەگی بەسەر مەرگدا سەپاند و بەم هۆیەش و بەم پێیەش بە زیندوو مان و ژیاندن، ژیانی وەئەستۆ گرتووە.

لەم هاوکێشەیەدا ڕەهەندان و پرسانێکی وەک گوناە، مەرگ، نەمری، ناکۆتا، مەعریفەت و هتد... خۆیان لەو دەربڕین و ڕەوایەتەی هێگل هەڵگورماندووە و داشاردووە. بۆیە ڕاڤە و شرۆڤە و خوێندنەوەی باسێکی هێرمنۆتیکی و فەلسەفی و زمانییە کە لێرەدا دەرفەت نییە بپەڕژێمە سەری. ئەم چەند وتە کورت و نیوەچڵەم خستە بەر دەم بۆ ئەوەی کە بڵێم: بەگشتی پێ بە پێی گوناە، مەعریفەتیش بااڵی کردووە. هاوشان لە گەڵ تەقینەوەی گوناە لە قاڵبی بۆمب و ... زانستیش تەقینەوەی شۆڕشگێڕانەی تێدا کراوە. و دەشێت بڵێین: کە لە پشت تەقینەوەی یەکەمەوە تەقینەوەی دووەم خەوتووە و ڕەنگە بکرێ بڵێین کە ئەم "دووانە" یەکێکن و لە هەندێ حاڵەتدا یەکەیەکی دووانەن، واتە : (گیانێکن لە دوو جەستەدا — وەک شێعر و ئاواز لە دوو بەستەدا)٧. ئێستا لە ژێر ڕۆشنایی ئەم کورتە خێرایەدا دەتوانین لایەنی دواڵیزم (دووفاقێتی) یان فەلسەفە کەونیەیی و جیهانی ڕەشوسپی، خەیر و شەڕ یان بێن و یانگ٨ کە بنەما و کرۆکی فەلسەفەی چینە بدۆزینەوە. گوناە دەتوانێت لایەنی شەڕانی و ڕەشی تاریکی هەبێت و مەعریفەتیش دەتوانێت نوێنەر و دەمڕاستی لایەنی ڕووناکی و گەشاوەی کردەیەکی سادە - ئاڵۆزی مرۆڤ بێت. مرۆڤ کە گوناهی کرد ئیدی دەزانێت گوناە هەیە، و دواتر دەزانێت ئایا دەبێ گوناە بکرێت یان دەشێ بکرێت یان نا؟ گوناە کرا، هۆکارەکەی چییە و نەکرا هۆکارەکەی چییە؟ و ... بۆیە ئەم پرسە دەتوانێت وەکوو چەمک و وتەزا، وەکوو میتافۆڕ و خوازەیەک لە جیهانی ئەمڕۆکەدا بێتە کایەوە. گوناە، پرسیار خوڵقێن و مەعریفەت زایە. ئێمە بە گوناهەوە بووگین و بە گوناهیشەوە دەمرین. لێکدانەوە و ڕاڤە و شرۆڤەکردنی ئەم پرس و چەمکە دەتوانێت بابەتی چەندەها کتێب بێت، بەڵام من لێرەدا خێرایانە و کورتانە چەند دیمەن و ڕەهەندێک لە پێوەندی و دەستەملانێی گوناە و مەعریفەتم خستە ڕوو کە هاوڕا و هاوبوونن. ئێستاکە دەمەوێ لە ڕەهەندێکی کورتەوە ماناکانی ئەم چەمکە سەرمەدی و ئەزەلییە لە ناو میتافیزیکی زمانیی

کوردی له شێعری "گوناه"ی بەختیار عەلیدا لێکبدەمەوە.

خوێندنەوە (Reading) چییە؟

خوێندنەوە تابۆکان دادێنێت و داداپاچێت...

((ئەمە پێناسەیەک نییە بۆ خوێندنەوە، بەڵکوو ئاسۆیەکە بۆ کردنەوەی خەستیی مانا لە جیهاندا کە ئاخێزگە بنەڕەتییەکەی خوێندنەوەیەکی بوونناسانەیە))

خوێندنەوە، هەوڵ و خواستێکە لە مرۆڤدا بۆ گێڕانەوەیەکی مانادار بە واتایەکی ڕێژەیی لە جیهان و بوون و دەق و بەگشتی هەموو دەرکەوتە و دیاردەکانی دونیا. لە ڕوانگەی "جۆرج ئیستاینێر"ەوە بۆ هەڵنیشتن و هاتنە ئارای ئەم کردارە یان پەرچەکردارە!؟ چەند هۆکار ڕۆڵ و کاریگەری دەگێڕن. یەکەم تۆخم و هۆکار کە وەکوو خواست و ئیرادەیەکی ئەزەلی مرۆیی دێتە کایەوە، عەشق و خۆشەویستی مرۆڤە بە وشە واتە لۆگۆس (Logose)ە. ئەگەرچی ئەم وشەیە وەکوو مەنتیق و لۆژیک پێناسەیەکی گشتی بۆ کراوە و وەکوو ئەوەی کە لۆژیک ئامێرێ بیرکردنەوەیە و کێشانەیەکە بۆ هەڵنرخاندنی بیروڕاکان، بەڵام کاتێک کە ورد دەبینەوە تاقانەترین ئامێر کە بنەما و کۆڵەکەی لۆژیک و پێکهێنەرێتی هەر هەمان وشەیە. واتە خۆشەویستی بۆ وشە و ئیرادە بۆ فامکردنی وشە یەکەم تۆخم و خواستی خوێندنەوەیە و خوێندنەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و نەبڕاوەیە کە لە بڕیاری ڕەها و وشکەباوەڕی دەمانپەڕێنێتەوە و بۆمان دەلوێنێت کە بۆ فامی ئەوی دی و لەگەڵ ئەوی دی بوون‌دا بکەوینە دیالیکتیک و دانوستانەوە. ڕەنگە لە سەرەتادا ئەم خۆشەویستیە بۆ وشە لە چوارچێوەی وشەناسی‌دا دەربکەوێت بەڵام بە تێپەڕێن لەم قۆناغە و چوونە ناو پێکهاتێک بە ناوی ڕێزمان، پانتا و ڕووبەرەکە هەراوتر دەخشێت. و بە وتەی ئیستاینێر، ڕێزمان مۆسیقای بیرکردنەوەیە. بۆیەشە کە ڕێزمانی جیاواز و میتافیزیکی زمانی جۆراوجۆر دێنە کایەوە. و مۆسیقای ڕەنگاڵەیی و هەمەچەشن و ناکۆتا لە ڕێگەی هزرەوە دێتە ئاراوە. لە هەندێک لە زمانەکان‌دا فرمانی ڕابردوو بوونی نییە، یان لە زمانی عەرەبی‌دا کردارەکان لە خشتەی داهاتوودا نایەنە زار، و ئەمەش ئامازەیە بۆ جیهان‌بینی و گۆشەنیگایەکی ناکۆتا کە خوێندنەوە لە پشتی‌دا خەوتووە. دواتر دەگەیین بە ڕێسان یان دارێژراوەیی میژوویی کە لە هەر ڕێزمان و زمانێک‌دا گەشەونەشەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم پرۆسە ئاڵۆز و ناکۆتاییەیە کە ناوی خوێندنەوەیە و بە گەڕوو و ناوی مانا و عەشق و جیهان و ئەوی دی و مەرگ و... تێدەپەڕێت، سەرەتای هەیە بەڵام کۆتایی نییە و هەمدیس مژاری بابەت و وتارێکی تر و دایدەنێم بۆ کاتێکی تر.

گوناه وەک پرس و پرسیار، و بەڕپرسایەتی لە ئاستی‌دا

چییەتی و ماهییەتی گوناه وەک کردەیەک کە نەدەبوایە بکرایە، هەنووکەش لێڵ و تەماویی‌یە. ڕەنگە ئێمە بزانین بە دواداهات و پێشهاتی فلان کردە یان فیسار جوولەی گوناەئامێز چییە، بەڵام هەنووکەش ناتوانین بە لێبڕاویی و ڕەهایی‌یەوە بڵێین چی گوناهە و چی گوناه نییە! (هەڵبەت پێکهات و سیستەمە ئایدۆلۆژییەکان بەدەرن لەم حاڵەتە) هەر جۆرە باسکردنێک لە بارەی ئەم چەمک و پرسە فەلسەفی و وجوودییە، ئێمە ڕێنمایی بۆ چەمک و پرسێکی گشتگیرتر و فرەواتاتر دەکات. کە ئەوەش چەمکی شەڕ (Evil)ە، لێرەدا مەبەست لە شەڕێکە کە لە ئاست خێر دایە. ئەم باسوخواسە تیۆرێکی و هزرییە لەمەڕ شەڕەوە کرۆک و کاکڵی فەلسەفەی ئەخلاقە و جەمسەر و ڕەهەندی تاقانەی فەلسەفەی ئەخلاق پرس و بابەتی شەڕە. بەتەواوی ئەو پێشڤەچوون و باڵاکردنە هزری و زانستییەی مرۆڤ هێشتا ئەم چەمکە یۆنیڤێرساڵ و بێتخووبە لە لێڵی نەڕەویوەتەوە و بگرە تەم و مژاوی‌تریش بووە. تا شوێنێک کە کەسێکی وەکوو ئالبێر کامۆ کە زۆرتر لای ئێمە بە ئەدیب ناسراوە، و یەکێک لە بیرمەندانی ئەم پانتایەی فەلسەفە واتە فەلسەفەی ئەخلاق بووە، وتەیەکی بەناوبانگی بۆ ئەم پرسە هەیە کە بۆ مەبەستەکەی ئێمەش زۆر لەبارە. کامۆ دەڵێت: من هەنووکەش نازانم خێر و چاکە چییە، بەڵام هەوڵدەدەم خراپە و شەڕ بدۆزمەوە و خۆم لێیان ببوێرم، چوونکە من ئیدی لە دۆزینەوەی چاکە ناهومێد بووگم. ڕەنگە لە سەردەمی ڕۆشنگەری‌دا و بە وتە بەناوبانگەکەی فەیلەسووفی ڕۆشنگەری واتە ئیمانوئێل کانت بە شێوازێکی زێرەوانکێ و لاڕوانینانە بیرۆکەی بەڕپرسایەتی مرۆڤ لە ئاستی گوناەدا لە وتە و پێناسەکانی کانت بۆ سەردەم و چاخی ڕۆشنگەری‌دا هەڵبهێنجین. ئەو دەڵێت: ((پێناسەی ڕۆشنگەری ئەوەیە کە منی مرۆڤ لە ئەمڕۆ بە دواوە هەر بەتەنها خۆم لە ئاستی زانیاری و کرداری خۆم‌دا بەڕپرسیارم)). دواتر بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی و تەقینەوەی مەعریفی و لە هەمان کات‌دا ڕووداتی جەنگ و کاولکاریی جیهانییەکان ڕوخسار و بیچمی گوناه مرۆڤی سەیروسەمەرەتر و دەعجانی‌تر کرد. و ئێمە بەرهەمێکی وەکوو مەسخی کافکا لە گوێمان‌دا زرینگەی دەهات. کە ئامازە و تەعبیرە بۆ گوناه کە لە جەستەی خودی مرۆڤ‌دا دەردەکەوێت و فەسال و ڕوخساری نادیاری خۆی وەدیار خستووە. لە سەردەمی نیچەدا و بە خوێندنەوەکانی ئەو لەو دیو سنوور و کەوشەنی ((چاکە و خراپە))وە هەمدیس پێناسە و مانا و دەلالەتەکانی گوناه ئاڵۆزتر و جیاوازتر بوون. بۆیە هەنووکەش پرسیاری ((گوناه چییە؟)) لە زەین و هەناوماندا ئامادەیە و مانایەکی هەتاهەتایی بۆ پێناسە نەکراوە و ناکرێت. بەڵام بە سەرنجدان بەو تێڕوانینەی کانت و کۆمەڵێک پێدراو و دەیتای سروشتی و مرۆیی و میژوویی ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە بەڕپرسی سەرەکی، خواستی "گوناه" (مەعریفەت) مرۆڤ خۆیەتی. هەنووکە ڕەنگە لە سەردەمێکدا بژین کە بە ڕۆژگاری زاڵبوونەوەی ترس لە گوناه و دائانینی دووبارەی تابۆکان لە قەوارەی یاسا و ڕێکخراو و بنەما و دیسیپلینە جۆراوجۆرەکان و ... لە قەڵەم بدرێت و وەکوو هەندێک و لە سەرووی هەموشیانەوە فرانسیس فۆکۆیاما دەڵێن: بە کۆتایی میژوو گەیشتبین. ئەم وێنە میژوویی‌یە نیوەچڵ و کورتە کە لێرەدا باسکرا مەبەستێتی ئەوەمان پیشان بدات کە ئێمە

له چەند ڕەهەندەوە هێشتاکەش دەبێت بجوولێین و دانەسەکنێین، تاکوو واتا و مانای گوناە لە قەوارەی بنەما و بنەوەچ و یاسایەکی ڕەها و لێبڕاو و لە هەمان کاتدا کوشندە، خۆی نەپەستێتە ناو مێژوو و بوونمانەوە. و سزای گوناهەکان لە باڕستایی و بارتەقای گوناهەکان چەند ئەمەندەتر نەبن. بەگشتی دەمهەوێت بڵێم: تاکوو وەسوەسە و هەناسە و "هەوا" مابێت بۆ گوناە، ئەم کرداڕە دەبێت، ئەوەی کە لە سەرمانە هەڵگۆڵین و دۆزینەوەی دەلالەت و ئاماژە شاردراو و ژێرەوانکێکانیەتیە، ئەوەش بە مەبەستی زێدەکردنی سامان و هەرێمێک لە مەعریفەت بە ناوی گوناە یان دۆزینەوە و پاراوکردنی دارستانێکی گوناەئالوود بە ناوی مەعریفەت. گوناهستانێکی پڕ مەعریفەت و پرسیار، شایستەی هەبوونی لە زانینگایەکی بێگوناە زۆرترە. ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێت کە لە هەر لایەکەوە لێکی دەدەینەوە، گوناهی یەکەم بە "دەبێت"ەوە جما و هاتە ئارا. گوناهێک دەبوایە ببایە و نەدەبوایە نەبایە! گەر بە زمانی فەلسەفەی ئەخلاق بیڵێم دەڕواتە خانەی ئاکارە دەبێت بکرێتەکانەوە١٠.

دەلالەتەکانی گوناە لە قەسیدەی ((گوناە))دا

گوناە هات

ئەی خوایە تۆ لە کوێ بوویت؟

وەک شوانێکی سەرمابردوو، فووت لە کووڕەکانی دۆزەخ دەکرد؟ یان...

خشتە و پێکهاتی شێعری گوناە لە ڕەوتێکی جەغزئاسادا و لە هەشت ئەپیزۆددا، مانای گوناە دەخاتە ڕوو. پێکهاتی مانایی شێعرەکە پێکهاتێکی جەغزییەیە، بەو واتایەی کە شێعرەکە بە پرسیارێکەوە لە بارەی گوناهەوە دەست پێدەکات (پرسیارێک کە زایەڵە و بانگێکی لۆمەئامێز و تەوسئاسای هەیە و ڕوخساری نەرێنی و درێوی گوناهی لا زەقترە) و بە قەبوولکردن و ملکەچی بۆ کردەیەک کە پێشمەرج و پێش گریمانەی بوون و خەلیقەت بووە، کۆتایی پێدێت. هەر وەکوو پێشترێش لە وتارێکدا بە ناوی ((ئانتۆلۆژی لە شێعری نوێی کوردی))١١ کە بۆ سیمیناری ئەمسالّی مەریوان نووسیبووم، ئاماژەم پێداوە، دەکرێت ئەم ٨ ئەپیزۆدەی پێکهاتی شێعرەکە وەکوو ٨ قۆناغ و وێستگەی زانیاری و هۆشیاری دازاین (Da sein) بدەین لە قەڵەم. Da بە واتای (لە وێندەرێ) و Sein یش بە واتای (بوون) و بە کۆیی دازاین دەکاتە لە وێندەرێ بوون. هەڵبەت ڕووبەڕووبوون لە گەڵ چەمکە هایدیگەری و زاراوە فەلسەفییەکانی ئاڵمانیدا ماندووبوون و شەونخووننی زمانی و پێکهاتی زۆری دەوێ. هەندێک لە شیکارانی بەرهەمەکانی هایدیگەر بەهۆی ئەو ناپێکهاتەمەندی و پێکهاتشکێنییەی لە زمانی ئاڵمانیدا بەرپای کرد، هایدیگەر دەدەنە بەر توانج و بگرە هەندێک جار نفرین. بەهەر حاڵ هەر کەسێک ئەو وتارەی خوێندبێتەوە مەبەستی من بە وردی تێدەگات و لێرەشدا لەسەری ناڕۆم چوونکە نە دەرفەت هەیە و نە جێگاشی ئێرەیە. بەس ئەوە دەڵێم کە لێرەدا وەگێڕ(ڕاوی) هەر دازاینە و من لە هەر شوێنێکدا باسی وەگێڕم کردووە ناوی دازاینم نەهێناوە، ئەوەش بە مەبەستی ئەوەی کە سەرزەمین و هەرێم و یانەی زۆرتر بە مومکین و شیاو دەزانم لە جیهانیدا کە شایستەی ئەوەیە بخرێتە بەردەممان. بەڵام هەر دەشێت مەبەستی سەرەکی دازاین بێت بەڵام من لە زۆربەی حاڵەتەکانیدا یان ئاماژەم بە وەگێڕ نەکردووە یان بە ئاوەڵناوێک ئاماژەم پێداوە. هەروەکوو ئاماژەم پێ دا، پێکهاتەی جەغزی یان بازنەیی ئەم شێعرە دەشێت دالێک بێت بۆ دەستەملانێتی و هاودەمبوونی گوناە و ئاوارەیی، گوناە و سووڕانەوەیەکی بەردەوام بە دوای خودێک کە هەرچەندە لێی نزیک دەبییەوە دوورتر و سەرابیتر دەبێت، گەڕان و دواکەوتنی خۆم بە دوای سێبەرەکەمدا و وەک بەختیار عەلی لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "من سەرابیترین پیاوی دنیام... ".

ئەپیزۆدی یەکەم

ئەپیزۆدی یەکەمی شێعرەکە وەگێڕ و نیگارکەری سات و شوێنگەیەکە کە زەقی و گەرماوبوونی هێشتا لە زەین و جەستەی وەگێڕ، کزی نەکردووە و بەو پێکهاتە پرسیارمەندەشیەوە کە سەرتاپای بەشی یەکەم دەتەنێتەوە، ئاماژەیە بۆ مەرگەسات و چرکەساتێک کە هێشتا هەموو ڕوو و ڕەهەندێکی ڕوون و بینراو نین و زۆرتر سیمای ئەو کردە خوڵقێنەرانە کە ناوی گوناهە لەبەر چاو و لەسەر زمانە. ترسوسام لە ترپەی پێی کردەیەک ئاوا دەنەخشێنێت:

گوناە هات/ بێهوودە گوێی درەختی باخچەکانم بە تەرزە ئاخنی، تا گوێیان لە شەپوورەکەی نەبێت/...

بانگم کرد و گووتم: بمدەنە دەست ئاوێک، لەسەرچاوەوە کچە سپڵەکان دەمیان تێنەخستبێ...

هەروەکوو لەم چەند دێڕەی بەشی یەکەمدا دەردەکەوێت خولیای گەڕانەوە بۆ دارستان١٢ و بە قودسیکردنی دۆخی پێشووی "بوون"ی، ڕەنگێکی تۆخی هەیە. تا شوێنێک کە لە درێژەدا ئەو حەز و گەڕانەوەیەی وەکوو دیمەن و وێنەیەک لە پێکهاتی ڕستەیەکی سکاڵاویانەدا دێنێتە نیگار:

گووتم: گەڵا مەنێن بە ڕووتییە پاکیزەکەمەوە...

کە جۆرێک هەڵاتن و ڕاچڵەکان لە قەلەبالّغی و ئاپۆرەیی حەز، تاسە، خەون و ئارەزوو و... بە دیار دەکەوێت و پەرچەکرداری ئاوا دێتە گۆڕێ:

لێگەڕێن با خۆم خێزان و خێڵ و نەتەوەی خۆم بم/... ئەو تەمە نازکەی ڕوح بم، کە دەستی هیچ کچێک نایگرێت...

ئەو قافڵەیە بم کە نە جەردەیە و نە یاسا/ ئەو باڵندەیە بم کە نە ڕاوکەرە و نە نێچیر

هەموو ئەم وێناکردنانە وێنەگەلێکی قودسین و بەدوورن لە پێکهاتێک بە ناوی هاوکێشە. بەدوورن لە هاوکێشە بەواتا ڕەهاکەی. واتا، بوونێک وێنا دەکەن کە لە ژێر سێبەر و تیشکی هیچ یاسا و ئەگەر و نەگەر و دەبێت و دەشێتێکدا نازی، بەڵام ...

بەڵام وای بۆ پەژارەی من...وای/ وای لە ئازاری من...وای
چرپەی ڕوحێکی نەزانراو کە نیوەی لە خوا دەچوو، نیوەی لە شەیتان/ پێی گوتم: ئەو ڕۆژە دێت... ئەو ڕۆژە دێت/ کە بەو لێوە تۆزاوییانە بە تۆزی بەخیلی و خیانەت، ماچت دەکەن/ ئیدی ئەو کوڕە پەپوولەیە نابیت،.../ ئەو کوڕە بێگەردە نابیت،...
وەک دیارە پاکێتییەکەی ڕووشاوە و ساموترس گەمارۆی داوە، ئایا وڕێنە دەکات یان لە گەڵ خۆی یان خوادا دەدوێ؟
ئەی گورزەیەک لە تیشکی خوا، هیچ شتێک نییە، تۆ بکوژێت/ خۆت نەبێت...خۆت نەبێت...خۆت نەبێت
لێرەدا بەرپرسایەتی قورسی کردەیەک بەناوی گوناه یان مەعریفەت بۆ سێو یان حەز بۆ لێو و... بە گوێیدا ڕادەگەیەندرێت، واتە گوناه دەکەوێتە هاوکێشەیەکی سێ کوچکەیی بەناوی پرسیار، گوناه، بەرپرسیاریەتی.
ڕوحێک کە نیوەی لە ئاو بوو ، نیوەکەی دیکەی لە خەڵووز/... پێی گوتم: ئیدی ئەو ڕوحە ئازادە نیت کە هیچ جادووباز و پادشایەک نەتوانێت، بە تۆڕی هیچ تەلیسمێک ڕاوت بکات.../ وای چ ماسییەکی دەسخەڕۆیت...وای...
... وا گوناه بە خۆی و پادشاکانییەوە هات/ ترس بە خۆی و ژەنەڕاڵەکانییەوە هات/ مەرگ وەک سیحربازێک، بە پرچە درێژەکانییەوە، لەوسەری شەقامەکانەوە دەرکەوت/....
...وای لە من...وای لە من...وای لە من...و...ا...ی
...وەرن سەیری هەناسەم کەن/ دەڵێی دڵم ئەو کیشوەرە تەنیایە، کە شەیتان حوکمی تیا دەکات
... بە زمانی جادوویەکی گەورە و مەزن... تۆقیانووسەکانی خەیاڵیان، نیشان دام/ ڕۆیشتم و هەور ناخودای گێل و خەواڵووی سەفەرم بوو.
بەم چەند دێڕەی بەشی یەک کە لێرادا ڕیزم کردووە و تێگەتەنراوی واتایی تێیاندا شەپۆلان دەدات، دەمەوێ بڵێم: کە هاتنە ئارای گوناه وەکوو کردنەوە و تەقینەوەی ڕۆچنە و کەلێنێک لە نیگا و ڕوانین بوو کە سەرەڕای ڕەنگاڵەیی و ئاڵووالایی‌یەک کە دەشێت تێیدا هەڵبهێنجدرێت، لە دەسپێکدا ترس و دەسەڵاتی سامناکی خۆ دەنوێنێت. ترسێک کە ڕەنگە بۆ مرۆڤی ناسکار و مەعریفەتخواز پێویست بێت. ئایا ترس ئاسیو و خەساریکە یان دەرفەت و ڕۆچنەیەکە بۆ ڕزگاری؟
ئەوەی کە هەنووکەش دەس بە لێو و حەپەساوینی ئەوەیە کە ئایا گوناهمان کرد یان گوناهمان پێکرا؟
گوناهم کرد، گوناهی سپی و ڕەنگاوڕەنگ/ من سێبەری خۆڵەمێشی نیگای شەوم، لە ناو دەفتەرەکانی خوادا دی.../ گوناهم کرد/ تفەنگێک نەبوو بمترسێنێ و سێدارەیەک نەبوو خەوم لێ‌خا...
وابزانم لێرەدا شتێک دەردەکەوێت کە وڵامی پرسیارەکەی سەرەوەمان دەداتەوە بەڵام من ڕاشکاوانە باسی ناکەم، چوونکە ئەوەش تابۆ و گوناهێکە کە سزاکەی لەسەر من زۆر قورسە و بەردەنگی وشیار خۆی دەزانێت!
کۆتایی بەشی یەکەم ئاوا کۆ دەکەمەوە کە کردەیەک (یان ئاوەڵکردەیەک یان بەرچەکردەیەک و ...) کە ناوزەد بوو بە ناوی گوناه، خوڵقێنەر و بەدیهێنەری جیهانێک بوو لە ئەزموون و واتا، ئەگەرچی هێشتاش تخووب و کەوشەنەکانیمان لێ دیار نییە بەڵام بێبەری نییە لە مەرگ و کوشتن و سزا.
گوناهم کرد/ وەک ئەو وشانەی لە ژێر پەنجەمدا مردن/ لە ژێر زەبری جوانییەکەیدا، دڵم ژاکا.../...گوناهم کرد تا بە لەشی پاکیزەوە نەگەڕێمەوە بۆ لای خوا/ بەڵام "من" جەستەم یەخسیری خەیاڵێکی تەماوی بوو.../... خەیاڵێک کە گەرووی پڕ کردم لە کوفر و لە ستایش/ نەیدامە دەست یەزدان و شەیتانیش دڵی لێم شکا/ ... ئەهریمەن دالدەی نەدام و لە بەهەشتیش ئابڕووم تکا.
کۆی بەشی یەکەم و بە سرنجی زۆرتر بەم دێڕانەی دوایی دەکرێت لە ئاوەها بەرئەنجامگیرییەکدا کۆ بکەمەوە و لە دەربڕینێکی پارادۆکسیکاڵ و دژوازدا بڵێم کە گوناه کردەیەک بوو وەکوو عیبادەت بۆ خەلیقەت پێویست بوو و هاوسەنگی و هاوتایی جیهان گەرەنتی دەکات. واتە گوناه، پیرۆزە.
ئەپیرۆدی دووهەم
سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی گوناه و یەقینی ئاڵی لێوەکانی...
لە بەشی دووهەمدا وزە و برشتی ناسکارانە و مەعریفەتخوازانە لە هەمبەر گوناەدا دێتە ئاراوە، ئەوەش بە چاودێریکردن و تەنانەت بە ئەنجامدانی ئەم کردەیە. ئیدی باوەڕی کردووە کە لە هەرێمی خودایی و ئاسمانی دەرچووە و نیشتەجێی زەوینە و سەردەمی پاشایەتی لە زەمین دەستی پێکردووە.
گوناهم کرد/ ڕەگم وەکوو ڕەگی درەختە پیرەکان، بە زەوی‌دا، چووبووە خوارێ/ هیچ شتێک نەبوو بتوانێ لە زەوی هەڵم کەنێ/ گەردەلوول لە سینەم دەهات و مەرگ لە دڵمەوە دەچووە دەرێ/ گوناهێک بووم، شەوبۆی وەکوو زوخاڵم لێ‌ڕوا/ گوناهبار بووم و ئەستێرەی لە خۆم گوناهبارتر...کەوتنە شوێنم/... ئێستا پادشایەکم و.../...سوێندم خوارد/ باغەکانی بەهەشت بسووتێنم و ئاگرەکانی دۆزەخ خەفە کەم/ دەستم خستە سەر کتێبی پیرۆزی خەتاکاری و لێوم نا بە یەقینی ئاڵی گوناهەوە...
هەنووکە ڕۆژگاری دەسەڵات و گەراخستنی هەمەلایەنەی گوناهە. گوناه بە خۆی و سوپا و ئیمپراتۆرییەتە پۆلاینەکەیەوە حوکمڕانی دەکات و ...

هەولێر کتێب

لەو کۆشکەدا، کە بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی گوناە ڕازابۆوە .../ فریوم دان/ زمانی تازەم فێر کردن... زمانی کۆنم پێ تۆڕ دان/ پاشایەک بووم، لە خەونمدا سەرخوانی ڕازاوەی خواکانم دی/ سەرمەست بە بۆنی شەڕاب و ئەفیونی سفرەکەیان،/ هاوارم کرد: یاخی دەبم...

ئەوەش سەرەتای ئەو شۆڕشە بوو کە هۆکارەکانی نەدرکاون و پرسیارەکانیش لە هەمبەریدا بێوڵام دەمێننەوە، چوونکە ئەو شتێک دەزانێت ئێمە یان نایزانین یان ناتوانین بیزانین یان نابێت بیزانین و...

دەمویست بە گوناهی بچکۆلەی خۆم، گوناهە گەورەکان ڕیسوا کەم.../... "با" گوێچکەی ڕاکێشام و لە بەردەم جەنگەڵەکاندا بە بۆن کەوتم.../... جارێکی تر بۆنی ئەو ئەستێرە شەرمنانەی "با" کراسەکەی دڕی بوون/ بەڵەمی خەون و خەیاڵی گومڕا کردم.../...موریدی هەتاهەتایی گوناە بووم/ بێزار لە خوا و لە گەردوون و ژیانەوە/ دڵم بە شەڕابی خەستی بێدینی گەشایەوە...

ئەمەش درێژەی ئەو یاخیبوونە بوو کە سەرەتاکانی لێڵ بوون و کۆتاییەکانیشی نادیار و ناکۆتا. لەم بەشەدا کە قۆناغی تامکردنی سێو و جەستاندنی گوناە و ماچکردنی "با"یە، وشەی "با" وەکوو میتافۆڕ یان خوازەیەک بۆ (حەوا) یان (هەوا) یەکە کە بزوێنەر و هاندەر بوو بۆ کردەی ئادەم. "با" گومڕا دەکات و خاوەنی ڕۆڵەگەلی وەکوو ڕەشەبا، خوارەبا، زریان، شەماڵ، گەردەلوول، گێژەن، و...١٣. حوزور و ئامادەگی تۆکمە و قورس و قایمی وشە یان خوازەی "با" بە خۆی نەوە و ناوارەکانییەوە، لە ناو زمانی کوردیدا پێشاندەری ئەوەیە کە زمانی کوردی سرووشتی گوناەئامێز بۆ مرۆڤ لە خەستی و تۆخییەکدا دەبینێتەوە کە کەم وێنەیە، هەڵبەت پێشمەرجی ئەمەش ئەوەیە کە "با" ڕۆڵی هەمان خوازەی باسکراو بگێڕێت. بەهەر حاڵ لەم بەشەی دووهەمی شێعرەکەدا "با" ئاڵاهەڵگر و ڕێگاپێوی پانتاکەیە و درزی کردە و کەلێنی تەلیسمەکان بە دەست هێزی بێسنوور و نادیاری ئەو دایە. لە ئینجیلدا هاتووە کە "با" دەسەلاتێکی ناکۆتای هەیە، هەست پێدەکرێت و دەسوێت بەڵام قەت قەت نازانرێت لە کوێوە دێت. یان لە ڕۆژگاری یۆنانی کەونارا و سەردەمی پێش سوقراتدا کە فەیلەسووفێکی وەکوو ئاناکسیمنوس١٤ سەرچاوەی بوون و خەلیقەتی بە "با" دەزانی، هەمدیس ڕەوایەت و گێڕانەوەیەکی فەلسەفیـ میتۆلۆژیک و بەگشتی میتافیزیکی نییە. "با" ئیدی باسی "با" نەکەین! دڵم بەردی ورشەداری تاوان بوو، پەنجەم قیبلەنمای گوناە.../... لە جگەرمدا "با"ی تەلیسم هەڵی کرد/ لە ڕوحیشما چیمەنی ئاگرین ڕوا.

٩

ئەپیزۆدی سێهەم

سەردەمی دەسەلاتی زەوین و شازبوونی ئەزموونی سوارەکانی گوناە

گوناهم کرد/کاتێک ئاسمان وەکوو باوکێکی دڵنەڕم، ئامۆژگاری کردم.../...گوێم نەدایە...سندوقێکی تاریک بووم تەنها بە چرای گوناە، ڕوحی خۆمم/ بینییەوە .../...نا دڵی من ئەڵماس نەبوو.../ دڵم ژوورێکی تاریک بوو.../ پڕ لە گریان.../...لە تاریکی جەنگەڵەکاندا حەرفی کتێبی نوێم دۆزییەوە .../...وەک هەر یاخییەکی بەد ڕەوشت و بە گومڕایی خومار.../...پەلاماری دۆزەخی ئەو خەیاڵانەم دا، کە شاعیرانی پێش منی سووتاندبوو.../ ...عەوداڵ لە دوای دووکەڵی ئەو زمانە نەبیسراوە/ وەک شێت بە دەریا و جەنگەڵەکاندا ڕۆیشتم.../ ...هاوارم کرد: ئەی دووڕگەی نەشئە و خەیاڵ سەمایەکی تازەم بەرێ/ سەمایەک دەمارەکانم پڕ کات لە لەنجەی بوومەلەرزەیەکی ڕەش...

هەر وەکوو دیارە لەم بەشەدا جوامێردایەتی و جەنگاوەرایەتی بکەرانی گوناە بانگەشەی بۆ دەکرێت وەک بڵێی کردنی گوناە و لاقەکردنی بقەکان و شکاندنی تابۆکان جەنگاوەر و پاڵەوانی ئەفسانەیی خۆی بوێت و زەمینشینە کەمئەزموونەکان دەروەستەی ئەو جولجووتا١٥ نایەن.

قۆناغی تووڕدان و قەدەغەکردنی ترس و بانگەشە بۆ "بوون" لە ڕووبەر و پێکهاتی (گوناە)دا.

چ خەیاڵێک ئێجگار بەدە، مەترسە لێی/ با هەمیشە "با"ی ترسێکی هەتاهەتایی لە مردن/ زەنگی ڕوحت بێنێ و ببات/ با نەفرینی ڕەشی شێعر ببێ بە پاداشت و سزات.

لە دوا دێڕەکانی بەشی سێهەمدا ڕووبەری کردە و کردار بەگشتی و ڕووبەری کردەی گوناە بەتایبەتی ئینتزاعیتر و دەرهەستتر دەبێت و دەچێتە خشتە و چوارچێوەی هەرێم و سەرزەمینێک بە ناوی شێعر کە خەیاڵ سەرقافڵە و ئاڵاهەڵگرێتی!

ئەپیزۆدی چوارەم و پەنجەم

تامی شیرین و ڕەنگی ئاڵی گوناە

گوناهم کرد/ بەو تەباشیرەی لە چنگی چکۆلە و مردووی قوتابییە ترساوەکانی پێش خۆم، دەرم هێنا/ چ پرسیارێک، ئاسمان نەیتوانی حەلی بکات، حەلم کرد.../ وەک هەر نامۆیەکی تەنها، لە باغە تاریکەکانی ئەو دیو دۆزەخەوە/ جۆلانێم بۆ خۆم هەڵخست و لە تاریکیدا لێی نووستم...

نەشئەو مەستی خەیاڵ لە گێژەنی حەقیقەتی گوناەدا

گوناهم کرد.../خۆری تازە لە ژێر پێستەکەمدا هەڵهات/ سیحری تازە فێر بووم و گرێی فێڵی گەلێ نهێنیم شکاند.../...حەرفی ئەوتۆ زمانی سووتاندم، بە گەرووی هیچ کەسێکدا تێنەپەڕیوە/ پیاڵەی ئەوتۆ ژەهراویم چەشت/ ئەهریمەن نەیوێراوە تەنها زمانێکی لێخات.../... گوناهم کرد بۆ ئەوەی پاکێتی خۆم بەمە دەم"با" / بەڵکوو تاوان و جوانییەکەی بەرەو بەحری حەقیقەتی خۆیم ببا.../...گوناهم کرد، پاسەوانی پیری دۆزەخێکی نەدۆزراوە/ سەرمەست بە بۆنی دووکەڵی ڕەشی ملیۆنێک ساڵ.../...بردمی بەرەو دۆزەخێکی کوشندە و تاڵ.../...دۆزەخی بێتخووب و بێڕەنگ و بێڕەحمی خەیاڵ...

لێرەدا ململانێ و جێگۆرکێی نێوان حەقیقەت و خەیاڵ١٦ ڕوخسار و دیمەن و هەرێمی‌تر لە بەردەم چێژ و "هەواییە"کانی ئەودا دادەکاتەوە. ململانێ و دیالیکتیکی نێوان حەقیقەت و خەیاڵ ئەو قۆناغەیە کە سەرزەمینی‌تری مەعریفی و بنەوەنگەی تری زانیاری دەئەزموێت و ڕوخسار و سیمای تاقانە و تاکانەی گوناە دەگۆڕن و فەرهەهند و فەرەلایەن و بەپێی ئەوەش فەرەواتای دەکەن. و لە دواجاردا و لە ئاوێنەی حەقیقەتێکی خەیاڵی‌دا دەبێژێت:

دڵی خۆم لە نێوان هەموو شتەکان‌دا کردە حەکەم/ نە ڕووم لە خواکرد نە لە شەیتان/ نە باوەڕم بە بتەکان هێنا و نە بە یەزدان.../...ڕوحم ڕێبوارێکی ماندووە/ با بخەوێت.

لە کۆتایی ئەپیزۆدی پەنجەمدا کە بەو بڕگانە دوایی دێت حەجمان و سۆکنایی و هێوریی لە جەستە و ڕوح و هەناوی گوناە دەبەشێتەوە و پرشە دەدات و خەوی خەون و خەیاڵاوی دەبێت.

ئەپیزۆدی شەش و حەوت

فرچکاندنی مەمکی نازداران و گۆپکەی زمان و نوستن لە ئامێزی شێعردا وەکوو پاداشتی گوناە

گوناهم کرد/ پاداشتەکەی ماچی لێوە ژەهراوییەکەی تۆ بوو.../...قەترەیەک ڕەحمی ئەهریمەن وەک کچ بۆتە میوانم.../...زەوییەک شێتانە ماچم کرد و وەکوو"بت" لەبەر دەمیا وەستام.../...پەیکەرەکانی جوانی لەویادا، بوونە گیانلەبەری ڕاستی/ مەمکە بەردینەکان گۆڕدرا و عاقڵی کچانەیان بوو بە مەستی...

لە درێژەی ئەم ڕەوتەی خۆوشیاری و خۆئاگایی‌یەی (دازاین‌دا)دا کە لە هەمبەر گوناە و کردە ئاوەڵاکانی دێنە ئاراوە، خەسارناسی ڕەوتی گوناەئالوودی خۆی و تێگەی خۆی بۆ چەمک و لێکدانی "کردەی گوناە" یان "ئەفسانەی گوناە" دەکات.

لەسەر خوانی مەی و بەدەم لیکی عارەقەوە/ بە ڕووتی سووژدەمان برد و هاوارمان کرد: وای گوناە چ تەلیسمێکی گەورە و چ یاخی‌بوونێکی جوانە/ خۆمان لە درەختەکان هەڵسوو، لەزەتمان کرد بە خێزان/ کچەکان مەمکیان بە باران شووشت و / ئێمەش گیانمان بە گەڵاڕێزان/ ...بەڵام وای چەندە کورت بوو، عومری یاخی‌بوونی ئەوان.../...وەرگەڕان لەم ئاینە و چوونە سەر سوننەتی جاران...

لە درێژەی بەشی شەش‌دا مەنییەت و فەردانییەتێک دەگێڕێتەوە کە سەوداسەری ئەوەیە ئاراستە و ئاسۆ و ڕەنگ و بەگشتی چییەتی گوناە بە کردە و جێ پەنجەی خۆی بنەخشێنێت، کە ئەمەش قۆناغێکی ترە لە باڵاکردنی ڕوحی گوناە وەکوو مەعریفەت.

تەنها من بووم...سەر مێزی ئەو خەونە پڕ لە گوناهەم بەر نەدا/ تەنها من...زاری هیچ قوماڕێک نەما لەناو دەستمدا با نەدا/ تەنها من خەونە پاکەکانی خۆم تۆڕ دا بەڕەو دەریا...

گوناە وەکوو ڕووگە و ڕێباز لە دوا بڕگەی بەشی شەش:

وتم: هەتا ئەمرم، بۆ گوناهە/ بۆ دەریای ڕەشی ئەوە سۆز و نزام/ گەر مردیشم، با بڕۆم و ئەوە بێت پاداشت و سزام.

نیهیلیزمی گوناە / پرسگەلی ئاپۆکالیپسی١٧ و ڕوحییەتی ئاخرزەمانی و توانەوە لە شێعر و ئەفسانەدا

گوناهم کرد، مەرجان لە ڕوحما گەورە بوو، ژێر زمانم پڕ بوو لە مرواری، لە سیماما کزەی دۆزەخە دوورەکان هەڵی کرد و لە دڵما تابووت دەباری/...ژیانێکی بێهوودە بوو.../ لێم نەپرسی: هاڵاوی چ گوناهێکە زەوی پڕ بووە لە لاشە؟/ لێم نەپرسی: بادەی چ گەردەلوولێک، بۆ ئازارەکانی من باشە؟/ لێم نەپرسی بە ئەفیونی چ وشەیەک ڕزگار دەبم؟

سەرەتای بەشی حەوتەم وەکوو ئەپیزۆدی یەکەم پرسیارڕێژ و گومانکەفت کراوە! کە ئاماژەیە بۆ گەشەونەشەی هاوتا و هاوقەدی گوناە و مەعریفەت و گوازرانی ئەزموونی مەعریفی لە بیچم و پێکهاتێکی کۆنکرێت و بەرهەست بۆ شێواز و خشتەیەکی دەرهەست و ئەفسانەیی بە ناوی شێعر.

لە ساتێکدا بێبەش بووم لە تەلیسم و لە خەیاڵی وەحشییانە/ ڕوحم پڕ بوو، لە شێعر و لە بارانی بەهەشتییانە...

لە درێژەی ئەم بەشەدا خەون و خەیاڵی گەڕانەوە بۆ دارستانی عەدەن هەمدیس تێی‌دا دەپشکوێ، و یادەوەری وێنە و دیمەنەکانی هەڵدەداتەوە:

لە ساتێکدا/ سینەم پڕ بوو لە شەیدایی باڵندەیەک، کە بەڕەو بەهەشت بفڕێ/ دەستم پڕ بوو لە شەونمی ئەفیوناوی خەیاڵی نوێ/ بەڵام دواجار ئەو لێشاوە ترسناکە بەڕەو لای دۆزەخێکی بردم/ کە سەیرە لام کە چۆن نیگام کرد و نەمردم...

بەڵام خەونی گەڕانەوە، ئەزموون و بەرجەوەنێکی تر لە بەردەمی‌دا دەکاتەوە، ئەزموونێک کە لە ململانێی نێوان خەیاڵ و حەقیقەتەوە سەرچاوەی گرتووە:

دۆزەخێک، مەتەڵی مەرگی نووسییەوە لە سەر دڵم.../...پێی گوتم: ئەی منداڵی بێباک، بۆ ئەم یارییە ڕەشە نەخۆڵقاوی/ وەرە یان ببە بە کۆیلەی خوا، یا خود شەیتان/ ببە بە غوڵامی ئەهریمەن، یاخود بادەگێڕی یەزدان.../... با ڕزگار بیت لەو لێشاوە ترسناکەی فریوی دایت...

باڵاکردن و ڕەگئازۆبوونی خواست و ئارەزووی گوناە و بەرگری‌کردن لێی لەم دوابڕگانەی بەشی حەوتەمدا سمکۆڵان دەکات:

ووتم: هەرگیزاوهەرگیز ئەی شەپۆل، من بە ئازادی خۆم گومڕام/ تا دەمرم لە شەڕابی خەستی شێعر دەخۆمەوە و/ گەر مردیشم: با بڕۆم، ئەوە بێت پاداشت و سزام.

لەم دوا بڕگانەدا گوناه و مەعریفەت و ململانێ بۆ بە یەککردنیان یان یەکگرتنیان زەق و بەرچاوە و پێداگری و پەشیمانەبوون لە کردەی یەکەمین وەکوو داهێنەری جیهان لە قەوارەی وشەی "هەرگیز ...هەرگیز.... " نەخشێندراوە.

دوا وێستگەی بوونی گوناه و پووچخوازییەکی بەرزەڕۆیانە (ترانسێندێنتاڵ)

ئەپیرۆدی کۆتایی کە دەکاتە بەشی هەشتەم، زمان و دەربڕینێک دەخاتە ڕوو کە دەرهاوێشتە و بەرئەنجامی ئەزموون و فامکردنێکی قورس و قایمی گوناه و مەعریفەتە و بەگشتی بەرزاییەکانی زانیاری کە لە ژێر سێبەر و تاپۆیەک لە ئەگەر و شیمانەدا شاردرابۆوە، کە هەمووی وەکوو ئەزموون و سامانی ناسکاری و زانیاری ئەم ئەگەرە گوناهکارەیە، بە دەربڕینی ئەوەی کە: بڕۆ ئەی منداڵی بێباک، دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە!

گوناهم کرد و لە هەموو نوشوستییە گەورەکاندا تێگەیشتم/ کە ژیان مەتەڵێک بوو، بە ئاسانی هەڵم هێنا/، یارییەک بوو، زۆر بە ئاسانی بردمەوە/ لە نەشئەی سەرکەوتنی خۆمدا کلیلێکم لە دەستی خەیاڵ/ فڕاند/ دەرگای هەموو تاریکییەکانی لێکردمەوە/ وەک ئەمیرێکی یاخی هاتم و چی لەسەر میزەکان بوو/ کۆمکردەوە...

هەر وەک لە درێژەشدا دەردەکەوێت هەموو ئەزموونی بەرهەست و دەرهەستی و زەمینی و ئاسمانی و ڕەش و سپی ئەم، ڕۆڵێکی نەبووە لە گەڕاندنەوە و هەناردنەوە بۆ دارستان و هەرێمە ئەزەلی و جاویدەکەی:

وەک داگیرکەرێک هاتم و لە شەقامە زەمهەریرییەکانی ڕوحدا/ چیم بەدڵ بوو گووتم: بۆ من.../... وەک گیرفانبڕێکی نەمر/ کڵاوی چ شێعرێک لار و پڕ لە جورئەت و تەفرە بوو کردمە سەرم.../... هاتبووم بۆ یارییەکی تازە، کە یاسا و نهێنییەکانی لە ڕوحما بوو.../...نە کتێبێکی ئاسمانیم پێبوو، نە هیچ تیۆرێیەکی تازە/ بەڵام نیگای نوێ و دڵی نوێم بۆ هێنان و گۆرانی ئەوتۆم بۆ گووتن: کە بەر لە من نەبیسترابوو.../... بۆ هیچ تەفرەیەک ملکەچ نەبووم و بۆ پەیامی هیچ لەزەتێک نەمامەوە/

ئەم دەربڕین و پووچ ڕێسییەی کە وەگێڕ(دازاین) دەیخاتە ڕوو، پێشاندەری ڕێگایەکی پڕ هەورازونشێو و تەژی لە گەرد و تۆفانە کە لە هیچ هەرێمێکیاندا ماڵ و میچێک بۆ ڕزگاری نەبینراوەتەوە:



بە تەنیا لەو قومارخانە گەورەیەدا، میزەکەی خۆم جیا کردەوە/ هەر خۆم بە خۆمم دۆڕان و هەر خۆم لە خۆمم بردەوە/ نە توانیم کەس فێر بکەم و نە کەس توانی فێرم بکات/ تەنها و هەمیشە تەنها، دەنگێکی خەیاڵاوی وتی: بڕۆ ئەی منداڵی بێباک/ ئەوە بێت پاداشت و سزات/ ئەوە بێت پاداشت و سزات...

وەکوو دوا وشەی ئەم کورتە نووسینە دەبێ بڵێم من لێرەدا شێعرێکم خوێندنەوە و ڕەهەندە مانایی و پێکهاتەییەکانی شتێک بە ناوی گوناهم کۆڵییەوە، و لە سەر سەرکەوتوویی یا سەرنەکەوتوویی و خەسار و... شێعرەکە هیچ شتێکم باس نەکردووە، چوونکە مەبەستی من لێرەدا خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بووە زۆرتر نەک ڕەخنە و لێکدانەوەی شێعری و ئەدەبی.

پەراوێزەکان

١-خوازەیەکە بۆ دەسپێکی خوڵقانی جیهان و بوون

٢- ناوبردنی ئەنجامدان یان ڕوودانی شتێک کە ئادەم و حەوای لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی تووڕ دا، بە کردار کارێکی نیوەچڵ و بگرە هەڵەشە بۆیە لە درێژەی نووسینەکەدا من بە کردار، ئاوەڵکردا، کردار و ئاوەڵەکانی و هتد... ناوزەدم کردووە و بۆ خۆبووارین لە هەر جۆرە هەڵنیشتنی بەستێنێکی ڕەها و موتڵەق لە ڕاڤە و خوێندنەوەی ئەمەدا، من بەگشتی ئەوەم بە شت ناوزەد کردووە. شت کە یەکێک لە چەمکە ناوەندی و تەوەرییەکانی فەلسەفەی مارتین هایدیگەرە، بەو مانایە دێت کە ئەگەر و شیمانەی هەراو و بەرین لە بەردەم ناسینی و ناونانی دیاردە یان ڕووداوێکدا هەیە.

٣- ئاماژەیە بە ئایەتێک لە سووڕەتێکی قورئانی پیرۆز

٤- بڕگەی دووی پەراوێز بخوێنەوە

٥- ئاماژەیە بۆ چەند ئایەتێکی سووڕەی بەقەرە لە قورئانی پیرۆزدا

٦- خوازەیەکە وەکوو سەرچاوەی سوور و پرتەقاڵی کە لە بڕگەی یەکدا باسم کردووە و لە ژێر کاریگەری شێعرەکانی سوهراب سپێهری و کتێبی ڕازی گوڵی سووری کارل گوستاف یونگ دەروونناسی گەورەی سویسی وەرمگرتووە.

٧- هۆنراوەیەکە کە لە گۆرانیبێژێک بە ناوی ئیبراهیم خەیات بیستوومە و تەنها بۆ تەعبیرکردن لە یەکێتییەک کە لە نێوان گوناه و خۆشەویستی، یان گوناه و مەعریفەت، یان سێو و لێودا هەیە.

٨- دوو چەمک یان دوو جەمسەری گشتی و دێرین لە فەلسەفەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا و بە زۆری لە فەلسەفەی چیندا باو بووە و بە بنەما و بنچینەی بوون لە قەڵەم دەدرێت کە بەواتای دوو جەمسەری دژ لە یەک دێن وەکوو ڕەشوسپی، تاریکیوڕۆشنی، خێڕوشەڕ، و... کە لە ڕۆژهەڵاتی زەوی‌دا شتێکی غەریب و غەوارە نییە و بنەمای زۆربەی میتافیزیکەکان بووە هەر لە زەردەشتەوە تاکوو دینی ئیسلام

٩- بڕگەی دوو بخوێنەوە

١٠- دەبێت بکرێتەکان لە هەمبەر دەشێت بکرێتەکان‌دا دێت و دوو جۆرە لە دەستەبەندی بۆ ئاکار و ئەخلاقی مرۆیی و یەکێک لە باسە گرینگەکانی

فەلسەفەی ئەخلاق.
۱۱- ئەم وتارە لە ئینتێرنێتدا بڵاو کراوەتەوە و بە سانایی دەست دەکەوێت.
۱۲- ئاماژەیە بۆ بڕگەیەک لە شێعرێک هاورێی شاعیر و نابینا و تازەکۆچکردووم ئیسماعیل فەرەجی‌نوور لە دیوانی ئێوارە تێرم ناکات کە هەوڵدەدرێ بەم زووانە لە چاپ بدرێت.
۱۳- ئەم ڕەچەڵەکناسییە تایبەتەی وشەی با دەشێت بە تێڕوانینێکی یونگی لە ڕۆچنەی چەمکی ئارکی تایپ یان کۆنەچەشنەوە بخوێندرێتەوە و باسێکی جوان و سرنجڕاکێشی لێدەربێت. بۆ ئەم مەبەستە لە وتارێکدا بە ناوی شوناسی کوردی لە گێژەنی بیری با و باوکدا هەوڵدەدەم ئەم خوێندنەوە و شرۆڤە بخەمە ڕوو لە ژێر تیشکی سێ ڕۆمان و شاکاری ئەدەبی هاوچەرخی کوردییەوە.
۱۴- فەیلەسووفێکی پێش سوقراتی بوو کە باوەڕی وابوو کە هەوێنی هەوێنەکان یان مادەالموادی هەموو دنیا هەوایە.
۱۵- وابزانم ناوی ئەو کێوە بوو کە عیسای ناسرییان لە سەریدا لە خاچ دا.
۱۶- حەقیقەت و خەیاڵ دوو جەمسەر و ڕەهەندی لێکۆڵین و تێفکرین بووە کە هەر لە دونیای کۆنەوە تاکوو ئێستا گرینگی و بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و لە ئەدەبیاتی کوردیشدا دەبینین کە زۆربەی بەرهەمەکانی بەختیار عەلی بەتایبەتی ڕۆمانی غەزەڵنووسی و باغەکانی خەیاڵ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ و لە هەمبەر ئەم دوو جەمسەرەدا دەکەوێتە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە.
۱۷- بە واتای ئاخرزەمان و سەردەمی کۆتایی، خوێنەران بۆ تێگەیشتنێکی سادە، سووکوئاسان لەم چەمک و تێڕوانینە فیلمە سێیانە یان تریۆلۆژییەکانی برایانی وایچۆفسکی (ئەندی و لەری وایچۆفسکی) بە ناوی ماتریکس چاو لێبکەن.

سەرچاوەکان

۱-تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە- بەرهەمە شێعرییەکان، چاپخانەی ڕەنج- ۲۰۰٤/۱۹۸۳، بەختیار عەلی، لاپەڕەی ۲۳۵ تا ۲٦۵
۲- خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە وتار. چاپخانەی ڕەنج، بەختیار عەلی، وتاری گوناە لە مودێرنەدا لاپەڕەی ۹۷ تا ۱۰۸
۳- وجدان زندگی، گفت و گوی رامین جهانبگلو با جورج استاینر، نشر نی، بخش استاد خوانش ٦۱ تا ٦٤
٤- فیلنامەی ارغنون شماره مختی به 'مرگ'، سازمان چاپ و انتشارات عنوان فلسفه و مرگ ۹ و قرابتهای تولید مپل و مرگ نوشته ژرژباتای ترجمه جواد گنجی سگر اول
۵- هیدگر و شاعران، ورونیک،م، فوتی، ترجمه عبدالعلی دست غیب، نشر پرسش بخش دربارەی هایدگر و فلسفەی او ۹ تا ۲٦
٦- هەندێک لەو زانیاری و تێمە ئایینیانەی کە لە قوڕئان و ئینجیلدا خوێندبوومەوە و لە یادەوەریمدا بوون کە لاپەڕە و سنووریان بۆ نییە!
۷- زۆرترین و بە کەڵکترین سەرچاوە بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە زەینی ناوشیار یان نەستی خۆم بووە! (لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی دەروونناسانەی یۆنگ)
۸- تاریخ فلسفه، جلد۱ ، یونان و روم فریدریک کاپلستون مترجم ، سید جلال الدین مجتبوی، بخش اول فلسفەی پیش از سقراگ، ۳۱ تا ۳۸
۹- ژمارەیەکی گۆڤاری ڕەوت، وتارێکی ڕەزا عەلیپوور بە ناوی دەسەڵات و هێزی زمان، ل ۲۳ تا ۳۳ هەڵبەت تەنها لە خەیاڵی گوناەئالوودی ئەو وتارە کەڵکم وەرگرتووە
۱۰- متافیزیک چیست؟مارتین هایدگر ترجمەی منوچهر اسدی، نشر پرسش ۷ و ۸
۱۱- توتم و تابو، زیگموند فروید، مترجم دکتر ایرج پور باقر چاپخانەی ممتاز، در باب محرمات و چد و نقیچ بودن احساسات ٤٤ تا ٦۸
۱۲-ئیمان و جەنگاوەرانی، بەختیار عەلی ل؟ .....
۱۳- انسان و سمبولهایش، کارل گوستاو یونگ، ترجمەی دکتر محمود سلگانیه، چاپ دیبا بخش نمادهای متعالی ێ ۲۲۵ تا ۲۳۵
۱٤-مالیکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار، فاروق ڕەفیق ل؟.....
۱۵- دنیای شته بچووکەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ڕێبوار سیوەیلی بەشی زمان و بێکۆتایی: پرۆسەی ناولێنان لە ئێوارەی پەروانەدا ل ۲۲٤تا۲۳۲
فەرهەنگۆک

ساده ـ ئاڵۆزی	سهل الممتنع
زێڕەتەوەر	مرکزمحور
فرمانی	فعل
دازارین ـ لەوێندەری بوون	دازاین
پرس	مسئله

بنەوەنگە	مرجع
لێکدان	ترکیب
گومانکەفت	گمان بار
بەرزەڕۆیانە	استعلایی
پووچڕێسی	پوچ پردازی

خەلیقەت	آفرینش
ناسکارانە	معرفت شناسانه
میتۆلۆژیک	اسطوره شناسانه

وەگێڕ	راوی
دەرهەست	انتزاعی
بەرهەست	ملموس-انظمامی

هەوالنامەی گیپ



بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا

دکتور ڕەهبەر مەحموودزادە

لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی بەیتناسیدا، هەمووکات شیوازە جوداوازەکانی بەیت و باو و بەگشتی لقە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، هەر کامەیان بە جودا و بە شێوەیەکی لێکدابڕاو تاوتوێ کراون. لاوک بە ژێرکۆمایەک (زیرمجموعه) لە خەرمانی ئەدەبی زارەکی کوردی و حەیران بە ژێرکۆمایەکی تر حسیاب کراوە. ئەوپەڕی پێوەندی نێوان ئەم دوو لقە فۆلکلۆرییە کە بە ڕەسمی ناسرابێ و باسی لێوەکرابێ، لەوانەیە هاوسنووری و جیرانەتی بەستێنەکانیان بووبێ، تەنانەت ئەو کاتەی بۆ نموونە کار لەسەر بەیتەکان کراوە هەرکام لە بەیتەکان، سەربەخۆ لەوانی تر شرۆڤەکراون. سەیدەوان باسێکی تایبەتی لەسەر کراوە و خەج و سیامەند باسوخواسی جوداوازی تری بۆ ئامادە کراوە. دەکرێ بڵێین بەگشتی دوو هۆکار بۆ پێکهاتنی ئەم بارودۆخە، کارێگەرییەتی تایبەتیان بووە:


ئەلف. جەختکردن لە سەر ناوەرۆکی هەر کامە لە بەیتەکان بە جودا و گرینگینەدان بە فۆرم و پێکهاتەی گشتییان.

ب. جۆرە تێروانینێک بۆ بەیت کە گرینگی بەیت هەر بەتەنیا لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی ئەم بابەتەدا دەبینێ و بەیت وەکوو بابەتێکی هونەری کە خاوەنی جوانیناسی تایبەت بە خۆیەتی و وەکوو ژانرێکیی ئەدەبی خۆبژیو کە خاوەنی یاسا و ڕێسای خۆیەتی، بە ڕەسمی ناناسێ.

دیارە هەر کام لەم گریمانانە، گرفتی تایبەت بە خۆیان بۆ هەڕێمی باس و بابەتەکانی بەیتناسانە ڕەکێش دەکەن. ئەگەر ئێمە هەر بەتەنیا قسە لە سەر ناوەڕۆکی بەیتەکان بکەین، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ نموونە مەنزوومەی شێعریی "قەڵای دمدم"ی مەلاکەریم فیدایی، چ جوداوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەیتی "دمدم"ی ڕەحمان بەکر دەبێ؟ یان مەم و زینە وەرگێڕدراوەکەی هەژار چ جوداوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ مەم و زینی نوسخەی ئۆسکارمان دەبێ؟ ئەگەر لە وڵامدا بڵێین "قەڵای دمدم"ی مەلا کەریم فیدایی لە باری ناوەڕۆکەوە، جوداوازە لە بەیتەکەی ڕەحمان بەکر. دەکرێ ئەم وڵامە بەم پاساوە ڕەت بکرێتەوە کە ئەم چەشنە جوداوازییە ناوەرۆکییانە، تەنانەت جوداوازی لەمەش زیادتر، زۆر جاران لە نێوان دوو نوسخەی بەیتێکیشدا بەدی دەکرێ. ئەگەریش بڵێین جوداوازی ئەم مەنزوومە شێعرییە، لەگەڵ بەیتە فۆلکلۆرییەکە، جوداوازییەکە واوەی جوداوازی ناوەرۆکی و پێوەندی بە فۆرم و پێکهاتەی هەر کام لەو بابەتانەوە هەیە. ئەو دەم ڕاست دەگەین بەو قەناعەتە کە بۆ ناسینی بەیتەکان جەختکردنی ڕووت لەسەر ناوەرۆکی بەیتەکان، کەڵکێکی ئەوتۆ نابەخشێ بەو کەسانەی بەڕاستی بەدوای ناسینی بەیتەوەن. ئەو شێوازە بەیتناسییە وا نەتوانێ بە شێوەیەکی شیکارانە جوداوازییەکانی بەیتێکی فۆلکلۆری لەگەڵ مەنزوومەیەکی شێعریی لێک بداتەوە، شێوازێکی شیاوی پشت پێ بەستن نییە.

دیسان گرفتێکی تر کە هەر گریمانەی ئەلف بۆمانی ساز دەکا، ئەوەیە کە بۆ نموونە لە بابەتی وەکوو ئازیزە یان پاییزە یان گەلۆدا، کەم و زۆر چوارچێوە ناوەرۆکییەکان دیاری کراون. زۆربەی نوسخەکانی پایزە، بە چاوپۆشیکردن لە هەندێک جوداوازی ناگرینگ، ناوەرۆکێکی هاوبەشیان هەیە. ئازیزە و گەلۆش هەروەتر. دەی ئەگەر گرینگی باسەکە هەر لە ناوەرۆکی ئەو بەندانە دایە، ئێمە بەچی دەزانین نوسخەیەکی ئازیزە لە نوسخەیەکی دیکە جوانتر و هونەریترە؟ بەیتناسێک کە تەواو ئاشنای بەندی گەلۆیە، ئەگەر نوسخەیەکی تازە دۆزراوە لەم بەندەی - کە پێشتر نەیدیتووە - لەبەر دەست دابندرێ، تەنانەت بەر لە خوێندنەوەشی، زۆر و کەم دەزانێ بەندەکە باسی چی دەکا، ئەوەی ئەو بەیتناسە لە یەکەم خوێندنەوەیدا سرنجی دەداتێ، چۆنیەتی داڕێژرانی ڕستەکان و ڕادەی ناسکبوونی تەعبیرەکان و بەگشتی شێوەی دەربڕین لەم نوسخەیە دایە و ئەوانە هەموویان لە دەرەوەی بەستێنێکی ناوەرۆکی ڕووتن.

بۆچوونی دووهەمیش بە شێوەیەکی تر لە گرینگی بەیت کەم دەکاتەوە. گومان لەوەدا نییە بەیتی کوردی سامانێکی چڕ و پڕ و دەوڵەمەندی لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لەخۆ گرتووە. بەڵام بەم حاڵەشەوە بەیت نە بەتەنیا بابەتێکی مێژوویییە و نە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ڕووتیشە. ئەگەر وابا دەبوو بەهۆی وتارێکی شیکارانەی مێژوویی لەسەر کارەساتی دمدم، هەرچی نوسخەی بەیتی دمدمە وەلا نرابان، بەڕاستی ئەگەر لە بایەخە تایبەتەکانی جوانیناسی بەیت بترازێین، ئەو بەندانەی خوارەوە لە بەیتی دمدم، لە باری مێژوویییەوە هەڵگری چ زانیارییگەلێگی بەقەدر و قیمەتن؟



سوارێک هات به نادری
کەس نییە چەکانی وەرگری
خان دەپرسێ: "ئەوەە کێیە؟"
"خان ئەوە عەزرەتی خدری"
سوارێک هاتووە لەبۆ گەشتێ
بەویە سووڕەتی بەهەشتێ
خان دەپرسێ: "ئەوەە کێیە؟"
"ئەوەە وەیسی ماهی دەشتێ"
سوارێک هاتووە لە کارخانێ
بەویە سووڕەتی ئیمانێ
خان دەپرسێ: "ئەوەە کێیە؟"
"خان شێخ عەبدولقادری گێلانێ"
سوارێک هاتووە هونەرمەندە
ئەسپابی دەعوایەی ڕەندە
خان دەپرسێ: "ئەوەە کێیە؟"
"خان ئەوەە شاهی نەخشبەندە"

بەڕاستی بڵێی بکرێ ئەم بەندانە وەکوو بەشێک لەو ڕاپۆرتە مێژوویی‌یە چاویان لێبکرێ کە باسی ڕووداوی دمدم دەگێڕنەوە؟ لەوانەیە لە نووسراوە مێژوویی‌یەکانیش‌دا، گەیشتن بەو عەینییەتەی هەموو جوداوازیی‌یەکان لە هەموو ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان بستڕێتەوە، کارێکی گونجاو نەبێ. بەڵام بەڵانی کەمەوە دەکرێ بڵێین لە نووسراوە مێژوویی‌یەکان‌دا، گەیشتن بەو عەینییەتە دەتوانێ وەکوو ئامانجێک ـ تەنانەت ئەگەر زۆر دوورەدەستیش بێ ـ لەبەر چاوی هەموو مێژوونووسێک بێ. کەچی ئێمە لەو بەشەی بەیتی دمدم‌دا، لە جیاتی عەینییەتی مێژوویی، لەگەڵ زەینییەتی تایبەتی کوردێک بەڕەوڕوو دەبینەوە کە ئەگەرچی باپیرانی لە مەیدانی شەڕێکی نابەرامبەر‌دا دۆڕاون، بەڵام لە چوارچێوەی تایبەتی بەیتەکەدا، دیاریکردنی ئارایشتی سوپای هەردووک لا بە مافی خۆی دەزانێ. بۆیە زۆر بەشێنەیی و لە سەرەخۆ، بەوپەڕی تێڕادیوییەوە، سوڵتان مەعرووفی کەرخی و شەمسی تەورێزی و ڕابیعەی عەدەوی و سەعدی وەقاز ڕەوانەی ناو سوپای کوردان دەکا و لەبەرامبەر‌دا هەرچی کافر و مەلعوونە، بە پاڵەوپەستۆ دەباڵ قۆشەنی هەنگامەی عەجەم دەپەستێ. کەواتە دەڵێین دەقی بەیتی دمدم، وەکوو هەموو بەیتەکانی دیکە دەقێکی هونەرییە.

نیشانەناسی، وەکوو زانستی تاوتوێکردنی دەلالەتە جۆراوجۆرەکان پێمان دەڵێ هەرچی نیشانەی زانستی‌یە تەعبیر لە عەینییەتێک دەکا، بەدەر لە شوێنوەرگرتن لە زەینییەتە تاکەکان. بەڵام نیشانەی هونەری تەعبیر لەو زەینییەتانە دەکەن کە دەیانهەوێ لەسەرڕاوە، بە شێوەیەکی تازە جیهان بخوڵقێنیتەوە. بۆیە هیچ لەمپەرێک ڕێگا لە بەیتبێژی کورد ناگرێ هەتا شەڕی قەڵای دمدم بە خەزایەک ببینێ کە ئاڵای نەبی تێدا هەڵکراوە.

ڕوانینی ڕووتی مێژوویی بۆ بەیت تەنانەت ئەم ختووکەیەشمان لە دڵ دەهاوێ کە بۆ نموونە نوسخەکانی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ کۆ کەینەوە و بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، هەڵە مێژوویی‌یەکانیان لێ هەڵپەرتێوین و نوسخەیەکی پاڵاوتە لە بەردەستی خوێنەر بنێین!

مێژوونووس حەقی خۆیەتی بۆ ناسینی زیادتری کەسایەتی کاکەمیر و کاکەشێخ، ئاوڕ لەو نوسخانە نەداتەوە کە لەگەڵ دەقی شەرەفنامە ناکۆکن و زیادتر ئەو نوسخانەی بەلاوە پەسند بێ کە نێوەرۆکیان لەگەڵ نێوەرۆکی سەرچاوە مێژوویی باوەڕپێکراوەکان یەک دەگرێتەوە، بەڵام نە ئەو مێژوونووسە دەتوانێ بەم پاساوە کە ئەو نوسخانە هەڵەی مێژووییان تێدایە شورتوگومیان بکا و نە بەیتناسیش دەتوانێ لە کاری بایەخ دانان بۆ ئەم نوسخانە، جوانکاری و ناسککارییە هونەرییەکانیان پشت گوێ بخا و هەر بە تەنیا گرینگی بە سەنەدییەتی مێژووییان بدا.

وەکوو دواین گوتە لەم بارەیەدا دەمەوێ پرسیارێک ئاراستەی بەیتناسان و خوێنەرانیش بکەم، پرسیارێک کە لەناو چوارچێوەی بارودۆخێکی گرینمانەیی‌دا دەتوانێ بێتە ئاراوە: با وای دابنێین دوو نوسخەمان لە بەیتی "کاکەمیر و کاکەشێخ" لەبەر دەست دایە. ناوەرۆکی یەکێکیان لەگەڵ دەقی سەرچاوە مێژوویی‌یەکان یەک دەگرێتەوە و ئەوی تریان ئەو هاوجووتییە ناوەڕۆکییەی تێدا بەدی ناکرێ بەڵام ئەو نوسخەیەی ناڕێکە لەگەڵ دەقە مێژووییەکان، خاوەنی فۆرمێکی زۆر پتەو و پێکهاتەمەندە و ڕستەکانی زۆر وەستایانە داڕێژراون و تەعبیرەکانی لەوپەڕی ناسکی دان و نوسخەکەی تر لەم ڕووەوە ناگاتە ئاستی ئەمەیان. بەڕاستی لەم حالەتەدا بەیتناسێکی شارەزا، کامە نوسخە بە هونەری تر و گرینگ تر دەزانێ و بێئەوەی هەوڵی شورتوگومکردنی هیچ کامیان بدا، کامەیان بەرزتر دەنرخێنێ؟

بە وەلانانی ئەو شێوە لێکۆڵینەوانەی هەر بە تەنیا جەخت لە سەر لایەنی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بەیت دەکەن، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چ مێتۆدێک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بەیت لەبار و بە کەڵکە؟ چ جۆرە شیکارییەک دەتوانێ چوارچێوەی بەیتمان پێبناسێنێ و لە تاوتوێکردنی دەقە

جۆراوجۆرەکان‌دا شارەزامان بکا؟

ئەو بابەتەی لێرەدا دەمانهەوێ بیخەینە ڕوو، هاوچەشنی ئەو بابەتەیە کە لە وڵامی پرسیارێکدا گەڵاڵە دەکرێ کە لە بارەی چۆنیەتی فێربوونی زمانێکی تازەوە پرسیار دەکا. دوای ئەوەی کەسێک ڕێزمانی زمانێکی تازە فێربوو و تا ڕادەیەکی شیاو ئاشنای وشە و زاراوەکانی ئەم زمانە تازەیە بوو، ئینجا بۆخۆی دەتوانێ ڕستەی ڕێزمانی تازە کە دەڵالەت بۆ مانای دڵخوازی دەکەن، دابهێنێ.

ئایا دەتوانین بەیتیش بە خاوەنی ڕێزمانێکی ئەوتۆ بزانین کە بکرێ یاسا و ڕێساکانی بدۆزرێتەوە و چوارچێوە گشتییەکەی وێنا بکرێ؟ بەڕاستی دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ڕێزمانەی دانەدانە ڕستەکانی ناو بەیتی پێدادەڕێژرێ، ڕێزمانی کوردی بێ، ڕێزمانێکی بووتیقاییش هەیە کە بە گوێرەی ئەم ڕێزمانە تایبەتە چۆنیەتی بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان و بەندەکان و بەگشتی چۆنیەتی تەرکیبی بەیت، دیاری دەکرێ. دۆزینەوەی چوارچێوەکانی ئەم ڕێزمانە بووتیقاییەیە، گەورەترین هەنگاوە کە لە بواری بەیتناسی‌دا دەتوانین هەڵی‌هێنینەوە.

ئێمە ئەگەر بزانین بۆ نموونە هەر بەندەی حەیران لە سێ بەش پێک دێ و کۆتایی هەر بە شەش لە خۆگری ڕێکەوەندێکی سەرواداره کە سەرواکەی لەگەڵ سەروای دوو بەشەکەی تر یەکن، ئەو دەم دەتوانین ئەوەندە شارەزاییەوە دەست بهێنین کە بزانین لەو دوو بەندەی خوارەوە، کامەیان بە شێوەیەکی ڕێزمانی داڕێژراون و کامەیان لەم دەربڕینە ڕێزمانییە بێبەرین.

بەندی یەکەم:

ئەمن دەڵێم لەوێ نۆرێ هەتا ئەوێ نۆرێ

ئەوە مەڕ و مێگەلی خۆیان ڕاکێشان بۆ سەر گۆلی دە بەرخ شۆرێ

ئەتۆ دای و خوشکی دە خۆت نەبوون

لە بۆتیان ناردبانەوە بە دیاری هەر دۆلاغ و گۆرێ

بەندی دووهەم:

ئەی خودا هاوار ئەی موسولمانان!

کوڕم کوژراوە

بە پیرە سەری جەرگم بڕاوە

نەک هەر فۆڵکلۆرییەکان خاوەنی ڕێزمانی تایبەت بە خۆیانن، بەڵکوو چۆنیەتی ئاڵوگۆڕکردنی فۆرمەکان و چۆنیەتی گۆڕانیان لە قاڵب و شێوە گوتنێکەوە بۆ قاڵب و شێوە گوتنێکی تریش، خاوەنی ڕێزمانێکی ڕێکوپێکە.

بەر لەوەی بپەڕێینە سەر چۆنیەتی وەدیهاتنی ئاڵوگۆڕ لە فۆرمی بەربڵاوی بەیتی کوردی‌دا، با بە شێوەیەکی بەراوردکارانە، ئاوڕ لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیک بدەینەوە و قسە لە سەر قالبێکی شێعری کلاسیک بکەین کە لکی چکۆلەتری لێبووەتەوە و دواتر ئەم لکە وەکوو قالبێکی تازە لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیکدا بە ڕەسمی ناسراوە، ڕووداوێک کە لە بەستێنی بەیتی کوردیش‌دا ڕووی داوە بەڵام زۆر کەم ئاوڕی زانستی لێدراوەتەوە. قەسیدە قالبێکی شێعریی زۆر گرینگ لە شێعری کلاسیکی عەڕەبی و فارسی دایە، گرینگی قەسیدەبێژی لە شێعری عەڕەب‌دا تەنانەت بۆ دەورانی بەر لە ئیسلامیش دەگەڕێتەوە و ئەو حەوت پارچە قەسیدە فەسیح و بەلیغە کە بە "معلقات سبع" ناویان دەرکردووە و دەڵێن هۆنراوەی حەوت شاعیری بە نێوبانگی عەڕەبی زەمانی جاهیلین و وەختی خۆی لە دیواری کابە هەڵاوەسراون، شاهیدی ئەم بۆچوونەن. فارسەکان ئەم قاڵبە شێعرییەیان لە عەڕەبەکان وەرگرتووە و بۆ مەدحی پادشا و ئەمیرە گەورەکانیان بە کاریان هێناون. (لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی‌دا، حکوومەتێکی نەتەوەیی بەهێز نەبووە کە بە دیاری‌کردنی ناوەندێک، حوکم بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتی کوردان‌دا بکا، یان ئەگەر هەبووە وەکوو نموونەی فەرمانڕەوایی بەدرخان، زۆر کەم خایەن بووە، هەر بۆیە دەرباری ئاواش نەبووە کە بە پووت زێڕوزێو بخاتە بەردەمی ئەو شاعیرە مەدداح و پەسنبێژانەی کاریان هەر بەتەنیا هۆندنەوەی قەسیدەی مەدحی بێ. ئەوەتا لە ئیرانیش‌دا، لە سەدەی شەشەم و حەوتەم بەم لاوە، بە دوای تێکچوونی فەرمانڕەواییەکی بەهێزی ناوەندی لە ئاکامی هێرشی مەغوول‌دا، گوتنی قەسیدەش بەم شێوەیە لەناو چوو و قەسیدەبێژەکانیش لە مەدحی پادشاکانەوە بایان داوە بۆ پەسنی وەلی و پیاوچاکان.

قەسیدە پارچە شێعرێکی درێژە و تەنانەت جاری وایە هەتا حەفتا بەیتیش خۆی لە بەریەک دەکێشێتەوە. ئەم قاڵبە شێعرییە لە چوار بەش پێک دێ. بەشی یەکەم (تەشبیب)ی پێ دەڵێن. وشەی تەشبیب کە لەگەڵ وشەی (شباب) هاوریشەیە، بەمانای یادکردنەوەی هەڕەتی لاوی یە. لەبەر ئەوەی قورسایی زۆرتری هەست و سۆزی ئەم دەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی و ئەویندارێ، کەواتە ئەم بەشەی قەسیدە، زیادتر لەخۆگری شێعری ئەویندارانەیە. هەربۆیە ئەو بەشە سەرەتاییەیە، جگە لە (تشبیب) بە (تغزل) واتە گوتنی شێعری ئەویندارانە و هەروەها بە (نسیب) واتە گوتنی شێعری ناسک بۆ ژنانیش ناسراوە. دیارە لە بەر ئەوەی بەشی سێیەمی قەسیدە، مەدح و پێهەڵگووتنی پیاوێکی گەورە لە خۆی دەگرێ، دەبێ شاعیر بتوانێ بە شێوەیەکی زیرەکانە بەشی یەکەم یان بەشی تەشبیب لە بەشی سێیەم واتە بەشی مەدح گرێ بدا و لێکیان ببەستێتەوە. ئەو بەشەی کاری ئەو پێوەندی سازکردنە مانایی‌یە دەکا (تخلص)ی پێدەڵێن کە بەشی دووەمە و سەرکەوتنی بەرچاوی شاعیریش بۆ ڕێکخستنی ئەم

پاژه که ئەگەرچی له هەموو بەشەکانی دیکەی قەسیدە کورتترە بەڵام لە هەموشیان دژوارترە، (حسن تخلص)ی پێدەگوترا. دوای بەشی مەدح که زۆرترین پێوانە لە ڕووبەری قەسیدەکە دەگرێتەوە، لە دوایین بەشیدا کە (شریطە)ی پێدەڵێن، شاعیر دوعای بەخێر بۆ کەسایەتییە گەورەکە (مەدووح) دەکا و لەبەر ئەوەی شاعیری قەسیدەبێژ لەم بەشەدا زۆرتر هیوای تەمەندرێژی هەتاهەتایی و ژیانی ئەبەدی بۆ مەدوح دەخواست، ئەم بەشە، (دعای تابید)یشی پێدەگوترێ کە بە مانای دوعای هەتا ئەبەد مانەوەیە.

نموونەیەک لەم قەسیدە مەدحییانە بە هەر چوار بەشەکانییەوە ئەم پارچە شێعرەی خاقانییە:

(تشبیب)

ما فتنه بر توایم و تو فتنه بر آینه — ما را نگاه در تو، ترا اندر آینه

تا آینه جمال تو دید و تو حسن خویش — تو عاشق خودی، ز تو عاشق تر آینه

.....

در آینه دریغ بود صورتی کزو — ببیند هزار صورت جانپرور آینه

(تخلص)

از روی شاه گیرد نور و ضوء آفتاب — و ز روی تو پذیرد زیب و فر آینه

(مدح)

سلطان اعظم آنکه اشارات او زغیب — چونان دهد نشانی کز پیکر آینه

شاهنشهی که بهر عروس جلال اوست — هفت آسمان مشاطه و هفت اختر آینه

(شریطه)

بادت جلال و مرتبه چندان که آسمان — هر صبحدم برآورد از خاور آینه

ئەوە قالبی تایبەتی و فۆرمی گشتی قەسیدە بوو. بەڵام ئەم بابەتەی دەمانهەوێ لەم وتارەدا جەختی لەسەر بکەین، باسێکی واوەی باسی ئەم قالب و فۆرمەیە. قەسیدە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی دوور و درێژ بوو و بێبەری بوو لە تایبەتمەندی کورت بڕینەوە و لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی بەردەنگەکەی هەر بەتەنیا کەسێک یان کەسانێکی تایبەت بوون، وێڕای ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی باسمان کردن، بەرەبەرە لە کورتی و لە کزی دا. بەڵام لە جیاتی ئەو، بەشی یەکەمی واتە تەشبیب هەم لەبەر ئەوەی ناسکترین و هونەریترین بەشی قەسیدە بوو و هەم لەبەر ئەوەی سرنجی جەماعەتێکی یەکجار زۆری بۆلای خۆی پادەکێشا، بەرەبەرە لە قەسیدە جودا بووەوە و وەکوو قالبێکی شێعریی سەربەخۆ بە ناوی "غەزەل" ناوی دەرکرد. لە غەزەلدا بەگوتەی نووسەرێکی ئێرانی، مەعشووق جێگای بە مەدووح لێڕ کرد و بە سیمایەکی دڵڕفێنی ئەوتۆ کە تێکەڵاوێک بوو لە سێ سیمای مەعشووق و مەعبوود و مەدووح، هاتە مەیدانی شێعری کلاسیک. لەبەر ئەوەی شاعیر لە قەسیدەدا، بەر لە دەستپێکردنی بەشی مەدح، تەخەللوسی بەناوی مەدووحەکەوە دەکرد، دوای لە کزیدانی قالبی قەسیدە و لە ڕمێنکەوتنی قالبی غەزەل، تەخەللوس بوو بە کۆتایی غەزەل و شاعیر لە جیاتی ناوی مەدووح، ناوی خۆی دەهێنا.

غەزەل تا ئەو ڕادەیە لە لایەن شاعیران و شێعرناسانەوە گرینگی پێدرا کە دیوانی زۆرێک لە شاعیرە گەورەکان، لە ڕاستیدا دیوانی غەزەلیات بوو. بەڵام دیسان ئەو قسەیە هەتا ئێستاش لە سەرزاری شێعرناسان بووە کە: "غەزەل تەشبیبی قەسیدەیە". بەم شێوەیە غەزەلێک کە ئەوپەڕی هەتا دە بەیت درێژ دەبووەوە جێگای قەسیدەی حەفتا بەیتی گرتەوە و ناوەڕۆکی تەڕی وەسفی ئەوینداریانە جێگای نێوئاخنی ئێشکی وەسفی دەستەڵاتدارانی گرتەوە.

حافز لە قەسیدەیەکدا بۆ مەدحی دەستەڵاتدارێک دەڵێ:

وزیر شاەنشان، خواجەی زمین و زمان — که خرمست بدو حال انسی و جان

قوام دولت و دنیا محمد بن علی — که میدرخشدش از چهره فر یزدان

بڵێی بە لای شێعرناسانەوە زیاتر ئەم دوو بەیتەی سەرەوە پەسند بێ یان ئەم دوو بەیتەی خوارەوە کە هەر لە غەزەلێکی حافزەوە هەڵبژێردراون.

آه از آن نرگس جادوو که چه بازی انگیخت — واه از آن مست که با مردم هشیار چه کرد

اشک من رنگ شفق یافت ز بی مهری یار — طالع بی‌شفقت بین که درین کار چه کرد

بەیتی کوردی مەدحی دەستەڵاتداران ناکا. وێکچوونی بەیت و قەسیدە، نەک لەم لایەنە ناوەڕۆکییەدا بەڵکوو لە لایەنێکی فۆرمی و پێکهاتەییدا زەق دەبێتەوە. بەیتە درێژەکان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چەندین بەشی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن کە مەنتیقی فۆرمیی و ناوەڕۆکیی ئەم بەشە جۆراوجۆرانە تا ڕادەیەک پێکەوە جوداوازییان هەیە.

بەیت لە هەندێک بەشیدا بە وەسفی ناسک و ئەوینداریانە شێوازێکی لیریک و غینایی بە خۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەوینداریانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قالبی مۆنۆلۆگدا بەدی دەکرێن:

مەرزینگان هەر لە کن من مەرزینگانە
لە کن من چاوی کۆترە و لێی ون بووە هێلانە
لە کن من بەرخە کۆرپەلەی دوای مێگەلانە
لە کن من گەوهەری خەزێنەی شاە و سوڵتانە
هەر لە کن من موحتەبەرە، لەبەر دڵانە
یان دەبێ سەری خۆم بەرمەوە گۆڕ و گۆڕخانە
یان دەبێ سەری خۆم بکەم بە کۆی مەیدانە

لە هەندێک بەشی تردا، بەهۆی زەقبوونەوەی کێشەکان (کێشە بە مانا دراماتیکییەکەی)، ڕەنگی دراماتیکی بەیت بەشێوەیەکی تۆختر خۆی دەنوێنێ. بەیت ئەگەر لە بەشە لیریکییەکەیدا مەنتیقێکی ستاتیک و نەرمونیانی هەیە لە بەشە دراماتیکەکەیدا خاوەنی مەنتیقێکی دینامیک و پڕ جووڵەترە. لەم بەشانەدا کارەساتە تراژیدییەکان بە خێرایییەکی زۆر لە حاڵی قەومان دان:

دەجا سواران با وەخڕ بن. جڵەوگیری دوژمن بکەن ڕۆژی لێقەومانە
کەلاک دەکەوێتە گۆڕێ و ڕۆژی دڵ هێشانە...

لەشکر بەرامبەری یەکتری دەبوون، دەنگی قەرەبینایە و ڕمبی دەمڕەشی هەژدە قەماوە شۆڕ مەحموود هەر جارێکی ڕکێفی بۆ وڵاغی شێرخەزاڵی (؟) دەهێناوە

دوازدە کەسی لە ئەمیر و سەردار عێلان لەسەر پشتی ڕکێفی فرێ دەداوە.

مەستی مەرزینگانە، دەربەستی مردن نییە هیچ ئاگای لەخۆی نەماوە
وادەزانێ دەستی لە گەردنی مەرزینگان دایە، هەر نازانێ ڕۆژی دڵ هێشانە و قەوماوە

جودا لەم دوو بەشە، لە هەندێک بەشی تردا، شێوازی بەیت نە ئەوەندەی شێوازە دراماتیکە پڕ جووڵەکە، تەژی لە کێشەیە و نە ئەوەندەی شێوازە لیریکە نەرمونیانەکە، ڕاوەستاوە یان بڵێین هەم جووڵەیەکی دراماتیک و هەم نەرمونیانییەکی لیریکی تێدایە. لەم شوێنانەشدا هۆی دراماتیک بوونی دەق، گوتوبێژێکی بەردەوام لە نێوان دوو کەسە و هۆی لیریکبوونیشی، ئەوەیە کە ئەم گوتوبێژانە زۆرتر ئەویندارانەن و لەبەر ئەوەی وەسفەکان درێژ دەبنەوە و دەلالەت بۆ کردە و کێشە بگۆڕەکان ناکەن بەڵکوو دەلالەت بۆ حاڵەت و وسفە نەگۆڕەکان دەکەن، خەسڵەتێکی ڕاوەستاویان هەیە:

شۆڕ مەحموود هاتە بەر پەنجەرە بانگی مەرزینگانی کرد و گوتی:

کێژێ بێ بەعسەتی، بەعسەت پێنەدراوی
ڕەشەڕێحانەی ئێستا دەست لێنەدراوی، نەژاکاوی و هەڵنەکەندراوی
زەردە مەمامن حەفس کردووە لە ژێر کراسی مەخمەڵ دارایی‌دا بە میسالی هەرمێ گوڵاوی
تێچووی تەرکەوتورکومانم دەیە بۆم هەڵێنە گۆشە چاوی ...

مەرزینگان ئەگەر چاوی بە شۆڕە مەحموود کەوت، بەڕۆکی ئاوااڵە کرد و گوتی:

ئەوە کاری بابمە دەتنێرێ بۆ جەنگی چوکلی هەمەوەند و سمێڵ سپی کامەرییە
ئاگاداری تۆ بێ ئەلیاس لە بەحرێ و خدر لە چۆلی و لە بەرییە ...
لە پاشت بەجێ نەمێنێ بەژنێکە باریک و دوو کوڵمەی لیمۆییە

لە هەندێک شوێنی‌تردا، قورسایی بەیت دەکەوێتە سەر شینگێڕی و نزای عەودااڵنە. لەم بەشانەدا، دیالۆگی ئەویندارانە جێگای خۆی دەدا بە وایلۆکی مەزڵوومانەی کەسێکی لێقەوماو:

سوارینە وەرن لە دڵێکە من گەڕێن ئەوە چ بووە چ قەوماوە
ئەی لەوی خەبەری لە نەدیو و لە نەکاوە!
کوڕە خۆ ڕاستە دەڵێن شۆڕ مەحموود لە گێزی دەریایەدا خنکاوە
سەڵای گەورە و گرانم لێڕابوو کەسم لە ماڵە باوانی نەماوە
شەرت بێ پاش تۆ یەخەی کەتانی من بۆ کەس ئاوااڵە نەکراوە
تا ئەو ڕۆژەی دەڵێن ڕۆژی قیامەتە و ڕۆژی عەرشە و خودا دیوانی داناوە.

کەواتە وەکوو ئەنجامگیرییەک دەکرێ بڵێین، لە بەیتەکاندا، چەند بەشێکی وەک وەسف و نزا، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شینگێڕی، کرێ بەیت دەچنن، ئینجا لە بەشی گێڕانەوەشدا جاری وایە ڕەوتی ڕووداوەکان خێرا و پڕ کێشە دەبێتەوە و جاری واشە بە هاتنی گوتوبێژێکی دوولایەنە بێئەوەی ڕەوتەکە تەواو بوێستێ، تا ڕادەیەک لە خێرایییەکەی کەم دەبێتەوە. لە بەشی وەسف و نزادا، هیچ ڕەوت و ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک بەدی ناکرێ

و ئەوەی هەیە پێهەڵگوتنە. بەشی شینگێڕی بە چەند هۆ تا ڕادەیەک تایبەتمەندی بەشەکانی تریشی پێدەبڕێ. هۆی یەکەم ئەوەیە کەسی شینگێڕ بە بیانووی شینگێڕییەوە، بەشێک لە ڕووداوە تراژیدییەکە دەگێڕێتەوە ڕەنگدانەوەی کێشەکان لەم بەشەدا تا ڕادەیەکی کەم وەبەر چاو دەکەوێ. هۆی دووەم ئەوەیە چونکە کەسی قوربانی نزیک و خۆشەویستی کەسی شینگێڕە، کەواتە وەسف و نزا و پێهەڵگوتنیش دێتە ناو شینگێڕییەکەوە. لە نێو ئەم بەشە جۆراوجۆرانەدا، جوانترین و ناسکترین و سرنجڕاکێشترین بەش، دیالۆگی ئەویندارانەی کیژ و کوڕە. هەر ئەو بەشەیە کە لە پێکهاتەی بەیت جودا بووەتەوە و وەکوو جۆرێکی فۆلکلۆری سەربەخۆ بە ناوی حەیران، دریژەی بە ژیانی خۆی داوە. ئەگەر غەزەل تەشبیبی قەسیدە بێ، حەیرانیش ئەو غەزەلەیە کە لە تەغەزوللی بەیتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. حەیران بەپێچەوانەی بەیتە دریژەکان، دەتوانێ تەنانەت هەتا سێ ڕستەش کورت بێتەوە. کەواتە هیچ سەیر نییە کە حەیران لەبەر ئەم سووک و چکۆلە و گرد و کۆبوونە لە لایەک و لە بەر ناسکبێژی و جوانکارییەکانی لە لایەکی تریەوە، جێگای بە بەیت لێژ کردبێ و زیاتر لە جۆرە فۆلکلۆرییەکانی تر وە ڕمێن کەوتبێ. ئێستا بەم ئاکامە گرینگە دەگەین کە بەر لەوەی لە بارەی جوغرافیاییەوە پرسیار لە شوێنی سەرهەڵدانی حەیران بکەین، دەبێ لە باری فۆرمی و پێکهاتەییەوە، لە چۆنیەتی ئەم سەرهەڵدانە ورد بینەوە. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بڵێین حەیران لە دەشتی هەولێر یان ناوچەی موکریانەوە سەری هەڵداوە. ئەگەرچی ئێستا ئەم دوو هەرێمە، وەک دوو ناوچەی جوداواز لە ناو جۆغرافیای دوو وڵاتی جیران چاویان لێدەکرێ، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی حەیراندا، ڕۆژهەڵاتی موکریان هەتا ڕۆژئاوای دەشتی هەولێر لە ناو یەک یەکە (واحید)ی جۆغرافیاییدا بوونە. لە زەمانی زوودا ئەو هۆزانەی نیوەی سااڵیان لە کۆیە و بیتوێن و پشدەر، ڕابواردووە، نیوەی تری سااڵیان لە شنۆ و لاجان و سندووس و شارۆیران بردووەتە سەر و بەپێچەوانە ئەو هۆزانەی نیوەی سااڵ لە کۆیستان ژیابێتن، نیوەکەی تری لە گەرمێن ژیاون. ڕاستە هۆزی واهەبووە مەودای هێڵی گەرمێن و کۆیستان کردنەکەی مەودایەکی بەرتەسک بووبێ، بەڵام بەگشتی ئەو هێڵەی دەشتی هەولێر بە موکریان دەلکێنێ، بەسەر ئەو ناوچانە تێدەپەڕێ کە هەموویان بۆ هۆزە کوردەکان ئاشنا بوونە. هۆی ئەوەی هەندێک تەعبیر و زاراوەی وەکوو بەری سوێسنایەتی و بەری پیران و وڵاتی مەرگە و پشدەرییان و زۆر زاراوەی تری لەم دەستەش هەر لە کۆنەوە لە ئاخاوتنی کوردیدا باوبوونە، ئەمەیە هۆزە کوردەکان سەرەڕای هەموو گەرمێن و کوێستانکردنەکانیان بۆ کاروباری ئاژەڵداری، ناچاربوون بۆ کاروباری کشتوکاڵیش، تا ڕادەیەک خۆیان بە شوێنێکەوە ببەستنەوە. بەڵام کێ هەیە حاشا لەوە بکا کە ئەو خۆبەستنەوە و مانەوەی وەک ئەو دامەزران و مانەوەیە نەبووە کە کوردەکان لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا بەرەبەرە وەکوو شێوەی ژیان هەڵیانبژاردووە و ئەم شێوە ژیانە بەهۆی سنوورەکانیشەوە هێندەی دیکە پەرەی سەند.

بەڕاستی کێ هەیە بڵێ عەشیرەتێکی وەکوو مەنگوڕ هەر بەتەنیا خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن یا بڵێ هەر بەتەنیا خەڵکی باشوورن. پەڕۆبڵاوی ئەو شوێنە جۆغرافیاییانەی عەشیرەتی هەرکی تێیاندا نیشتەجێن لە شوێنی نیشتەجێبوونی مەنگوڕەکانیش زۆرترە و هەر سێک هەرێمی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. کەواتە با چیتر بە پرسینی ئەو پرسیارە ساویلکانەیە کە حەیران لە کامە ناوچەی کوردستان سەری هەڵداوە، خەریکی دۆزینەوەی وڵامی لەویش ساویلکانەتر نەبینەوە و نەمانهەوێ بە دەمارگرژییەکی ناوچەییەوە خۆمان لە قەرەی بابەتێکی زانستی بدەین. شوێنی سەرهەڵدانی حەیران، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە نێوان موکریان و دەشتی هەولێر هەڵکەوتوون. دیارە دوایەش بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم و بەهۆی لێکدابڕانی ئەو ناوچانە، حەیرانی دەشتی هەولێر و حەیرانی موکریان لە باری چۆنیەتی بەکارهێنانی تەعبیرەکانەوە نەختێک لێک جوداواز بوونە.

کەواتە لە جیاتی ئەوەی دەربارەی شوێنی سەرهەڵدانی حەیران پرسیار بکەین، باشتر وایە ئەو پرسیارە بهێنینە گۆڕێ کە پێکهاتەی حەیران لە چ پێکهاتەیەکی تریەوە سەری هەڵداوە. بۆ ئەوەی باشتر ئەو بابەتە بسەلمێنین کە پێکهاتەی حەیران، بەشێکە لە پێکهاتەی بەیت، با ئەم بەشەی خوارەوە لە گوتوبێژی لاس و خەزاڵ لەگەڵ بەشێکی تر کە لە حەیرانێک هەڵبژێردراوە، هەڵسەنگێنین:

خەزاڵ دەڵێ:

بریا ئەمن دیوەخانێک بوایەم بەرەو قوبڵە، شوعرەی منیان بکێشایە
پەنجەرەی سێدەریان لە پێشی من لێبدایە
ئێوارە و سبحەینان لێی بدرایە شوبایە
کەسێکی ماندوو بوایە و عێجز بوایە
بیکوتایە ئەوە جێگای ئیسراحەتگایە.

لاس دەڵێ: ...

چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژئ ئەگەر تازە هەڵدێ پرپشکان داوێ
بەژنت بە من بمێنێ بە چووزەی پیرە لاولاوێ
سبحەینان تاو لێی نادا گوڵی لاولا و گەشە، نیوەڕۆیان هیچ کەس لێی نابینێ کام و کاوێ
...

حەیران:

دەجا براینە برادەرینە بریا ئەمن گوڵێک بام لە گوڵی کەس نەناسی
ڕەخسابام لە نەویان، لە کەویان، لە قووچەکەی بڵباسی
دەڵێم بریا شتڵە ڕیحانێک بام لە سەر هەیوانی ماڵە بابی نازدار حەیرانێ
هەموو ئێوارە و سبحەینانێ ئاوی ئیستکانی دەبن کردبام...
بەژنی تۆ بەمن بمێنێ بە کەوێ سەهەند و سۆلاوان
سووڕە قورینگێ گەردەن گۆزەڵێ، بەوی خارێ گوڵ بەدەمێ
ئەگەر شەختێ پایزانی لێدەدا لە ڕووباری پیرە کەڵوێ
بەژنی تۆم بە من بمێنێ بە وێنەی لکە ڕیواسی
ئەگەر بوهاران دێنەدەرێ لەسەر قەبری حاجی مەمێندی غولامکێ لەگەڵ گوڵی بێژانێ

لەوانەیە لە بەیتێکدا هەر بەتەنیا بەشی شینگێڕییکە مابێتەوە و چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتە تراژیکەکە لە ڕێگای شینگێڕییەوە بگێڕدرێتەوە. لە راستیدا زۆر بەیتی وەک سەیدەوان، سوارۆ، ئەحمەدی شەنگ و کاکەمیر و کاکەشێخ بەم شێوەیەن لە بەر ئەوەی لەم بەیتانەدا لە جیاتی ئەو مەنتیقە مەجازییەی لە بەیتە درێژەکاندا وە بەرچاو دەکەوێ، زۆرتر مەنتیقێکی خوازەیی دەبیندرێ، دەکرێ ناوی، "بەیتی خوازەیی" لەسەر ئەم جۆرە بەیتانە دابنێین.

هەر بەم شێوەیە و بەپێی ئەو مێتۆدەی لەم وتارەدا قسەی لێکراوە، دەکرێ چۆنێیەتی سەرهەڵدانی فۆرمە چکۆلەترەکانی فۆلکلۆری لەناو فۆرمی بەربڵاوی بەیت، شی بکەینەوە.

سەرچاوەکان:

١. ئۆسکارمان، تحفه مظفریه، پێشەکی و ساغکردنەوەی مامۆستا هێمن، انتشارات سیدیان لل۳-۲۱۲
٢. سەلاح پایانیانی، کانی مرادان، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه، ١٣٨١، ل ١٩٥
٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.
٤. میمنت میرصادقی، واژەنامه هنر شاعری، کتاب مهناز، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٦، ێ ٢١٠-٢٠٨
٥. دکتر سیروس شمسیا، انواع ادبی، انتشارات فردوسی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٦، ێ ٢٧٩
٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.
٧. لسان الغیب، با تصحیح و مقدمه پژمان بختیاری، انتشارات امیرکبیر، چاپ یازدهم، تهران، ١٣٧٨، ێ ٥١٥.
٨. سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٧.
٩. قادر فتاحی، قاچی، شۆر مەحموود و مەرزینگان، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٤٨، ێ ٧٢
١٠. سەرچاوەی پێشوو لل ٥٥-٥٤.
١١. سەرچاوەی پێشوو ل٤١
١٢. سەرچاوەی پێشوو ل ٨٩
١٣. قادر فتاحی، قاچی، منظومه کردی لاس و خزال، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٧٩، ێ ٦٦.
١٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠
١٥. ئەحمەد بەحری، گەنجی سەربەمۆر. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی ٢٠٠٠، ل ١٧٢
١٦. سەرچاوەی پێشوو، ل



کتێبی «مینا» (فەرهەنگی لێکچواندن ـ تشبیه ـ لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا) لە خوێندنەوەیەکی سەرپێیدا

ڕەئوف مەحموودپوور

کلتووری زارەکی کوردیی خەرمانێکی پڕ دەوڵەمەند و گەنجێکی پڕ بەهایە کە ئەکرێ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سرنجی بدرێت و بێتە شرۆڤە و خوێندنەوە. بەتایبەت لەم سالانەی دوایی‌دا هەوڵەکان لە سەر ئەم خەرمانە کلتووریيە زیاتر ئەکتیڤن.

بەپێی ئەو خۆ خەریککردنەی کە سالانێکە لە سەر بەشە جیاجیاکانی کلتوور هەمبووگن، ئاسایی‌یە کە سەبارەت بەو بەشە فەرهەنگیە هەستیارتر بم و وردتر سرنجی ئەو هەوڵانەش بدەم کە لەو پێوەندەدا بە بەرهەم ئەکرێن و ئەخرێنە بەردەست و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر ئەکەن. بەڵام نایشارمەوە کە ڕەنگە شێوازی کارکردنی من لەم پێوەندەدا جیاواز بێت. چونکوو هەوڵەکانی من زیاتر لەسەر خوێندنەوەی سەردەمیانەی کلتوورن بە بەشە جیاجیاکانیەوە. هەندێ لەو بەرهەمانەش تا هەنووکە وەک کتێب یان وتار بڵاو کراونەتەوە. پێموایە کە کلتووری کوردییش هەر وەک هی گەلانی دیکە؛ نە موقەدەسە و نە ئەشتوانێت بەتەواوی وڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی ڕەوتی ڕۆشنبیری و سەردەمیانە و تەنانەت جڤاتیش بێت. هەر بۆیە ئەبێ خوێندنەوەی سەردەمیانەی لە سەر بکرێت و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بخرێتە بەر تیشکی سرنج. بەڵام بەر لە هەرشتێک پێویستە بە سرنج وردیەوە و بەپێی پلان و گەڵاڵە، کۆ بکرێتەوە تا دەرفەت لە فەوتان و تەنانەت بۆ خوێندنەوەشی باشتر بڕەخسێت.

کتێبی "مینا" (فەرهەنگی لێکچواندن ـ تشبیه ـ لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا) بە هەوڵی بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەدی، لە لایەن بڵاوکەرەوەی ئاراس، ساڵی ١٣٨٨هەتاوی کەوتووەتە بەردەستی خوێنەر.

بەر لە هەر شتێک هەوڵەکە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە پەڕاوەتە سەر کلتوور و بابەتێکی باشی هەڵبژاردووە. ئەمەش کارێکی ئەرێنی و پۆزەتیڤە. هەر بۆیە ویڕای باش نرخاندنی ئەو هەوڵە، لە پێناو دەوڵەمەندکردنیدا چەند سرنج و تێبینی بەو کۆشش و ماندووبوونە زیاد ئەکەم.

یەکەم ـ بەر لە هەر شتێک جۆرێک شیرزی لە داڕشتنی بابەتەکان‌دا زەقە. ئەمەش لەگەڵ ئەو دەسپێکە باشەی کە بەڕێز ئەحمەدی لە سەرەتای کارەکەی‌دا هێناویەتی ناتەبایە. ئەکرا لێکچواندنەکان بە لەبەر چاوگرتنی پێوەرێک دەستەبەندی و پۆلێن کرابان. بەم کارەش هەم کارەکە بەرسرنج‌تر ئەبوو و هەمیش بەر بە ڕوودانی هەندێ کەمتەرخەمی ئەگیرا. بۆ نموونە دووبارە نەبوونەوە.

سرنج‌دان بە ناوەرۆک، یان مەبەست لە هەبوونی لێکچواندنەکان و... ئەکرا وەک پێوەر لەبەر چاو گیرابان بۆ دەستەبەندیکردنیان. بۆ نموونە: پەسن‌کردن، تالێقلێدان، گەورەیی پێبەخشین، سووکەکردن و...

دووهەم ـ دووبارەکردنەوە. مەخابن کەمتەرخەمی لە پۆلێنکردن و دەستەبەندی‌نەکردن، بوەتە هۆی دووبارەکردنە و چەندبارەکردنەوەی زەق. بە جۆرێک کە خوێنەر وەڕس ئەکرێت. ئەگەر سرنج بدەین بۆمان دەرئەکەوێت کە هەندێ لە بابەتەکان تەنانەت زیاتر لە سێ جاریش دووبارە کراونەتەوە!!! ئەمەش وەک خەسارێک دێتە بەر چاو. بۆ نموونە:

بابەتی: کەڵەبابی بێوەخت، لە لاپەڕەکانی: ٥ـ١٢ـ٧٢ و١٠٩دا

بابەتی: پیرەژنی دۆڕژاو، لە لاپەڕەکانی: ٢ـ٣٤ و ٧٥

بابەتی: مامری ئاسیاوان، لە لاپەڕەکانی: ٨ـ٩ـ٦٣ـ٧٧ـ١١٣دا

بابەتی: ئاشی بێئاو، لە لاپەڕەکانی: ١ـ١٢ـ٢٦ ـ ٧٤دا

بابەتی: ئاوڵادان یان ئاوهێنان، لە لاپەڕەکانی: ١ـ١١ـ٢٧

بابەتی: دیزەی ڕەش، لە لاپەڕەکانی: ٣ـ٤٠ دا

بابەتی: گۆچان قووتدان، لە لاپەڕەکانی: ١٢ـ٤٧دا

بابەتی: مشتەی ناوهەمانە، لە لاپەڕەکانی: ٩ـ٦٣دا

بابەتی: ئاگری بن کا، لە لاپەڕەکانی: ١ـ٧٩دا

بابەتی:گورگی پێسووتاو ، لە لاپەڕەکانی:٤٣ـ٤٨دا

هەروەها بابەتەکانی: گای مارۆ، مووی لووت، ڕەگی گولی، گوێزی ناو بێژنگ، بوون بە بارووت، پشیلەی سەرچنار، بەردی بن گۆم، تفکردنە دەم یەک، جن پیاتسین و...

سێیەم ـ ئەکرا هاوشێوە و هاوواتاکان لە پاڵ یەکدا بهاتبان. بۆ نموونە؛

ئەڵێی ئاشی ئاوکەوتووە ـ ئەڵێی ئاشە و ئاوی کەوتووە ـ ئەڵێی ئاشە و ئاوی بڕاوە ـ ئەڵێی ئاشی بێئاوە ـ ئەڵێی ئاشی ئاو وشک بووە.

ئەڵێی پشیلەی سەرداڕە ـ ئەڵێی کتکی قەدچنارە. ئەڵێی پشیلەی بەچنارا کراوە و...

ئەڵێی لووتیە و عەنتەری تۆپیوە، یان: ئەڵێی لووتیە و مەیموونەکەی تۆپیوە و...

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بەتایبەت ئەکرا ئامارە بە هاوتای زارەکانی زمانی کوردیش بکرایێ، تا هەم بەرهەمەکە دەوڵەمەندتر بوایە و هەمیش پەنجەرەیەک بوایێ بۆ ئاشناکردنی زارەکان. بۆ نموونە لە سێ نموونەی سەرەوەدا، لە هەورامیدا؛ ئەجۆ ئاساوی ئاوکەتەن، یان: ئەجۆ ئاساوی ئاوبڕیان، یان: ئەجۆ ئاساوی بێئاوا و... ــ ئەجۆ کتەو سەروو چنارینە - ئەجۆ لووتینوو و عەمتەرش تۆپان، ئەجۆ لووتین و مەیموونش گوم کەردەن...

لە کەلهۆڕیشدا: مینیدە ئاسیاو ئاو وەلێ بڕیاود ــــ مینیدە پیشیی چودە قەد چنار و.....

چوارەم - زۆرێک لە بابەتەکان واتای بەرکاری کۆمەڵگەیان فەرامۆش کراوە و بە جۆرێکی دیکە مانا کراونەتەوە. لە حاڵێکدا کە سرنج‌بەری و پۆزەتیڤی ئەو بابەتانە بۆ ئەو ئەرکە واتاییە ئەگەڕێتەوە کە لە لایەن جڤاتەوە پێی بەخشراوە. هەر بۆیە ماناکردنەوە و لێکدانەوەیان ئەبێ بە سرنج¬وردبیەوە بێت، ئەگینا کارەکە لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لا ئەدات. چونکوو ئەو شێوە کلتووریانە مووڵکی جەماوەرن، پێویستە بە سرنج¬وردی و هەستیارییەکی زۆرەوە و بە حەوسەلە و لەسەرخۆ، لە ناو ئاپۆرەی جەماوەردا بە شوێنیا بگەڕین و سەلیقەی خۆمانی تێدا بەرجەستە نەکەینەوە. مەخابن لە کتێبی مینادا جۆرێک کەمسەبری و پەلەکردن بوەتە هۆی چەندین هەڵەی زەق لە لێکدانەوە و ماناکردنەوەی بابەتەکاندا. بۆ نموونە:

- ئەڵێی ڕۆنی سەگی لێئەدەن !! ــ کە دروستەکەی نەک سەگ بەڵکوو قازە! لەو شێوە کلتووریانەدا؛ "سەگ مەرگ" هەیە بەڵام ڕۆنی سەگ لێدانمان نیە. هەبووە ڕاستینەکەی ئەوەیە: ئەڵێی ڕۆنقازی لێئەدەن، ئەجۆ ڕۆنقازش مدا وەنە. ئەمەش بۆ کاتێک بە کار ئەبرێت کە بە کەیف و شاگەشکەی کەسێک لەبەر هۆکارێکی تایبەت ئامارە بکرێت.

- ئەڵێی زەماوەنی کەرە! ڕەنگە ئەگەر کەسێک لە کلتووردا ئاشنا نەبێت بە جۆرێکی دیکە مانای بکاتەوە. ئەمەش بۆ شێوەی بە هەڵەنووسینیەکەی ئەگەڕێتەوە. ئەبوا بنووسرایە: ئەڵێی زەماوەندییە. واتە باش خۆی ڕازاندووەتەوە و بە کەیفە.

- باڵۆڵە. مەبەست ئەوەیە کە کەسێک زۆر زانا بێت، بەڵام خۆی لە گێژی و نەزانی بدات.

- بووگە بە ئاگر، ژێر خۆی ناسووتێنێ. کە دروستەکەی ئەوەیە: بشبێت بە ئاگر، ژێر خۆی ناسووتێنێ، مەبەست ئەوەیە کە هیچی لێنایەت و جێگای ترس نیە.

- ئەیژی بە تۆڕ گیراون. ئەمەش بۆ کەسانێک بە کار ئەبرێت کە سرک و نادەستەمۆ بن، خۆیان تێکەڵی خەڵک نەکەن و بەردەوام دوورەپەرێز بن.

- ئەڵێی ئەستێرەی سیوەیلە: واتە بە تاسۆخ دەرئەکەوێت. زۆر خۆی نادا بە دمی خەڵکەوە.

- دەڵێی بە دوای مانگدا ئەگەڕێ: مەبەست ئەوەیە کە بە وردی بە شوێن شتەکەدا ناگەڕێت. کە واتا دروستەکەی ئەوەیە کە: ئەڵێی بە دوای موورووەدا ئەگەڕێت. واتە زۆر بە وردی ئەگەڕێت.

- دەڵێی بووکەبارانەیە: واتە بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە. ئامارە بە کەسێکە کە لیباسەکانی جوان و ڕازاوە بن، بەڵام ڕەنگەکانیان بە یەک نەکات کە ئامارە بە کەم سەلیقەییە.

وەک جزڵێک: ئامارە بە کەسێکە کە داخ و ئێشی زۆر گرانی دیبێت و بە هۆیەوە لاواز بووبێت و ڕەنگی بە ڕوخسارەوە نەما بێت. واتە شتی زۆر هەڵقرچاو.

- ئەڵێی بەردی بن گۆمە: بە کەسێک ئەوترێت کە قسەی دڵی بە دیتران نەڵێت. ڕازەکانی بە لای کەسانی دیکەوە نەدرکێنێت. هەر بۆیە بۆ خەڵکی بە باشی نەناسرێت.

- لێکچووی: ئەڵێی شەیتان تفی کردوەتە دمی، لەگەڵ ئەوەی: ئەڵێی شەیتان دەرسی داوە، جیاوازە. ئەوەی یەکەم بۆ کەسانێکە کە جڤات واتەنی؛ نقووزەت پیس بێت. واتە بەردەوام زاری بە خراپە بچەرخێت و پێش بینیە خراپەکانی بێنە دی. لەحاڵێکدا ئەوەی دووهەم بۆ کەسانێکە کە زۆرزان و وریا بن و فریو نەخۆن.

- ئەڵێی کوردی دۆنەدیوە: تایبەت بەو کەسانەیە کە هەمیشە چاوبرسی بن و لەکاتی خواردندا، بە پەلە و بە تامەزرۆیی لە پادەبەدەرەوە بخۆن.

- ئەڵێی لە بن داریک دایە گەڵای پێوە نییە: تایبەت بە کەسانێکە کە کەمتەحەمول و کەمتاقەت بن و وا پێشان بدەن کە گرانییە و هیچیان نییە. کەسانێک کە مشتقوچاو بن و بەخشەندە نەبن.

- ئەڵێی ئاگری بن کایە، مەبەست کەسێکە کە لە ژێرەوە دنە و هانی کەس یان کەسانێک بدات بۆ ئەنجامدانی کارێک یان نانەوەی ئاژاوەیەک. ئەو کەسە هانەدەرە دوژمنی کەسی هاندراو نییە و لەوانەیە لە پێناو بەرژەوەندی ئەو کەسەشدا کار بکات.

- ئەڵێی تازە لە دایک بووە: مەبەست کەسێکە کە بە بیستنی هەواڵێک، یان دیتنی ئازیزێک، یان بەڕێوەچوونی کارێک زۆر شادمان و بەکەیف بێت و شاگەشکەی پێوە بکات.

- ئەیژی سەرگەردەنەس: ئەمەش تەنیا تایبەت بە ئیدارەکان نییە! لە هەر کوێ داوای پووڵی زیادە لە هەق بکرێت بە کار ئەبرێت.

لە کۆتایی‌دا دەستخۆشانە بە نووسەری کتێبی مینا ئێژم. هەر چەند دێر ئەو کتێبەم بینی، بەڵام بە سرنجەوە خوێندمەوە. ئەو بۆچوونانەشم تەنیا لە پێناو دەوڵەمەندترکردنی ئەو بەرهەمە دایە. چونکوو پێموایە کلتووری خۆمانی کوردی پێویستی بە کاری زیاتر و بە سرنجترە.

ئەو نموونانەش کە ئامارەم پێکردوون بە مانای هەموو هاوچەشنەکان نین و تەنیا وەک نموونە هاتوون و هاوچەشنی دیکەش کە لە بەر دێژدانەدڕی ئامارەم پێنەکردوون، هەن.



زیندوویەک لە تابوتدا
خوێندنەوەیەکی گشتگیرییە بۆ ڕۆمانی (زندەای در تابوت)ی فەریبا ئیسماعیلی

نامق هەورامی

دەربازە:

دەستبردن بۆ نووسینی ڕۆمان (مەبەستم ڕۆمانی جیدییە) کارکردنە لە نێو چەندین ژانڕدا کە دواجار ئاوێتەبوونی ئەو ژانڕانە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە پێی دەگوترێت ڕۆمان، ڕۆمان‌نویسی هەرەقەتین پێویستە شارەزای شێعر و چیرۆک و سینەما و شێوەکاری و هونەرەکانی تر بێ و لە پاڵ ئەمانەشدا سەلیقە و توانای و خەیاڵ و فراوانی هەبێت.

ڕۆمانی سەرکەوتوو کاتێک دێتە بەرهەم هەر یەک لەم توخمانە بە شارەزاییەوە لە نێو پانتایی دەقەکەدا بە کار بریا و جوگرافیای دەق بە شێوەیەکی ئەوتۆ دابەش بکرێت کە بتوانرێت کەمترین پانتایی بە هەدەر نەدرێت.

بە خراپ بە کارّ ئاردەی هەری و لەم توخمانە ئەوا ئاپارتمانی ڕۆمانەکە لاسەنگ و ناڕێک دەبێت.

بۆیە کاتێک ڕۆمانێک دەستبەردارى خوێنەر نابێت تا تەواوی ڕووداوەکان بخوێنێتەوە بیگەیەنێتە دوامەنزڵی ڕووداوەکان. نویسەری ئەم ڕۆمانە لە ڕێگەی ڕستە و دەستەواژە و وێناکردن و شێعرییەتی زمانەوە وا لە خوێنەر دەکات لە هەر دێڕێکدا تامەزرۆی دێڕی دەیین بێت.

لێکۆڵەرانی ئەدەبیش لەو بڕوایە دان دەقی سەرکەوتوو دەقێکە بتوانێت لە کاتی خوێندنەوەدا بێزاری نەداتە خوێنەر.

دەقی سەرکەوتوو لەگەڵ خوێنەردا هاوتەریب دەڕۆن تا ئەو شوێنەی دەقەکە بە کۆتایی دەگات و لە خاڵی کۆتایی دەقدا لەگەڵ خوێنەردا یەکتر دەبڕن و ئەو خاڵی یەکتر بڕینە پنتی چێژوەرگرتنی خوێنەرە و ڕۆڵان بارت بە (دەقی چێژبەخش) ناوی دەبات.

لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە دەربازە بەسەر هەندێک پێکهاتەی ئەم ڕۆمانەدا دەکەینەوە و هەوڵی نزیکبوونەوە لە خودی دەقەکە و جیهانبینی نویسەرەکەی دەدەین.

گوتار لەم ڕۆمانەدا

ئەگەر ڕۆمان بریتی بێت لە ڕووداوێک یان کۆمەڵە ڕووداوێک بۆ ڕووژدانی واقیعێک کە ڕووی داوە یان ڕوودەدات و ئەم کردانەش لە ڕێگەی چەند چیرۆکبێژ و پاڵەوانێکەوە دەبێت تا لە لایەکەوە ڕووداوەکان و لە لایەکی ترەوە گوتاری نێو دەقەکە بگەیەنن.

گوتار لە (زندەای در تابوت) گوتاری کۆمەڵگایەکە کە سەراپای پڕە لە چەوساندنەوەی ڕەگەزی و ئەم نەهامەتییانە لە زمانی (سەیران)ەوە دەگیڕێتەوە. سەیران هەڵگری گوتاری چەوساندنەوە و نابەرابەری کۆمەڵگایە و لە ڕێگەی دیالۆگ و گوتارەکانییەوە دەیهەوێت نەهامەتی هاوڕەگەزەکانی بگەیەنێت و دواجار کۆتی دیلییەتی دەپسینێت و گوتارەکە لە گوتاری چەوساندنەوە و بن دەستییەوە دەگۆڕێت بۆ گوتاری بەرەنگاربوونەوە و دواتریش یاخیبوون.

سەیران ئەگەر سەرەتا وەک ژنێکی بن دەست و بێدەسەلات دەردەکەوێت و ڕازییە بەو ژیانەی کە تێی دایە و ئەو بە چارەنووسی خۆیی دەزانیت و ئەو زوڵمەی کە لە لایەن سەیوانی هاوسەری و دایکی سەیوانەوە لێی دەکرێت، بەڵام دواجار ڕووداوەکان هەڵدەکشێنێ و وردەوردە سەیران دەگۆڕێت و یەکەم کاردانەوەی دروستکردنی پێوەندی خۆشەویستییە لەگەڵ (کاوە)دا و دواتر ئاشکراکردنی کوژرانی (حەمە ئەمین خان)ی باوکی سەیوانی هاوسەریەتی کە لە لایەن سەیوان و دایکییەوە دەکوژرێت.

دواجار یاخیبوونی سەیران دەگاتە ئاستیک کە بەڕاشکاوانە بەرامبەر بە سەیوان بوەستێتەوە و داوای جیابوونەوەی لێبکات. گوتاری دووەم هەر لە سەرەتاوە گوتاری بەرەنگاربوونەوەیە و دەیهەوێت ژنان هۆشیار بکاتەوە کە نابێت ملکەچی چەوساندنەوە و نابەرابەری بن و کەسایەتی (یەڵدا) کە کەسایەتی دکتۆرەکەیە و هەڵگری ئەو گوتارەیە، یەڵدا وەک کەسایەتییەکی هۆشیار دەیهەوێت ژنان وەئاگا بێنێتەوە کە ئیتر سەردەمی چەوساندنەوە تەمامیان و دەبێت مرۆڤەکان خۆیان خاوەنی خۆیان بن نەک بنەماڵە و کەسانی تر.

هەر لەم ڕێگەیەوە (یەڵدا) کاریگەری لەسەر (سەیران) دروست دەکات و فیرەش کە ڕوونە کە چۆن ڕووبەڕووی نەهامەتییەکان ببێتەوە و دواجار دەتوانێت ئاراستەی گوتارەکەی بە ئاقارێکی سەرکەوتوودا بنێرێت و سەیران بە ئاگا بهێنێتەوە.

گوتاری یەکەم گوتارێکی پیاوسالارییە و خۆی لە حەمە ئەمین خان و سەیوانی کوڕی و فەرەجوڵڵای باوکی سەیراندا دەبنێتەوە. ئەم گوتارە پڕاوپڕە لە عەقڵی دۆگمای پیاوانەی کۆمەڵگای کوردی. ئەگەر (فەرەجوڵڵا) بە دیار چاوی (شکۆفە)ی ژنی دووەمییەوە سووکایەتی بە کچەکەی (سەیران) دەکات، ئەوا لە بەرامبەردا خان دەیهەوێت کچەکەی فەرەجوڵڵا وەک شایەنی ئەو زەویانە وەرگرێت کە خان داویەتی و دواجار هەم خان و هەم فەرەجوڵڵا لەوەدا یەک دەگرنەوە ژنێک (سەیران) بکەنە کەرەستەی کڕین و فرۆشتن و لەبڕی قەرز بدرێتەوە و وەربگیرێت.

هەوارنامەی کێبڕکێ

به جیا لەو گوتارەی کە گوتارێکی فیمینستیانەیە و لە یەڵدادا خۆی بەرجەستە دەکرد، گوتارێکی تر هەبوو کە لە خودی ژنانەدا ، گوتارێک بانگەشە بۆ کۆیلەکردنی هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەکات و ئەمەش گوتاری کۆمەڵگایەکی زەلیلی ژنانە وەک ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا خۆی نمایش دەکات و ئەمەش لە (سەوسەن، شکۆفە)دا خۆی دەبینێتەوە.

کاتێک (سەوسەن)ی ژنی خان دەچێت بۆ داوای (سەیران)، ئەوەتا شکۆفەی باوەژنی سەیران، ئەو کچە وەک چەپکە گوڵ پێشکەش دەکات.

- ئەو شەوە منیان وەک دەستەگوڵ پێشکەش کرد، من هیچم نەدەزانی هاوڕێکانی من لەو کاتەی مامەڵە بە منەوە دەکرا ئەوان بە بووکە شووشەکانیان یارییان دەکرد، لەو کاتەدا خان ڕووی لە من کرد و گوتی:
- پێتخۆشە ببێتە هاوسەری کوڕەکەی من؟
- لەو کاتەدا ژنی خان هەڵی دایە.
- دەبێت سوپاسی خوا بکات کە ئیمە هاتووینەتە ماڵیان.
- شکۆفە گوتی:
- کارەکەری ئێوەیە.

ئەگەر تەماشای ئەو چەند دیالۆگەی سەرەوە بکەین دەبینین کە خان وەک هەر پیاوێکی ئاسایی پرسیار دەکات لەوەی ئایا ئەو کچە ڕازیبە ببێتە هاوسەری کوڕەکەی، کەچی تەماشای گوفتاری هاوڕەگەزەکانی خۆی بکە کە یەکەمیان پێی دەڵێت دەبێت سوپاسی خوا بکات کە ئەویان هەڵبژاردووە و دووەمیان وەک کارەکەر دەیناسێنێت. کەواتە ئەم گوتارە گوتاری کۆمەڵگای کوردییە و لە جەستەی (شکۆفە و سەوسەن‌دا) خۆی دەنوێنێ.

دەسپێک

مەکری و مامەڵە لەگەڵ دەقێکی نوێدا کەرینە و بە تێڕوانینێکی تازەوە لێی بڕوانینێکی ئەگەر تەواوی بنەماکانی ئەو دەقە لەبەر چاو نەگرێت.

دەسپێک یەکێکە لەو توخمە سەرەکیانەی کە ڕەخنەی نوێ زۆر بایخی پێدەدات لە ناو دەقدا.

هەر دەسپێکە دەبێتە کلیلی کردنەوەی ئاسۆکانی دەق بە ڕووی خوێنەراندا، تۆملەی سەرەتا و دەسپێک لە بونیادی دەقدا چەکەرە دەکات و ئەو گوڵجارەی لێ بەرهەم دێت کە تەژنایی خوێنەری هەرەقەتین دەشکێنێ.

لە ڕابردوودا دەسپێک دوو وەزیفەی بۆ دیاری کرابوو کە بریتی بوون لە سادەیی لە گوتندا و شیرینی لە دەربڕیندا وەک ئەوەی لە دەقە مێتۆلۆژی حەقایەتە میللیەکاندا هەبوو، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەرەستوودا نزیکە کە پێی وایە دەبێت دەسپێک سرنجی خوێنەر بۆ لای ئاراستەی چیرۆکەکە ڕابکێشێ.

(فەریبا) لەم ڕۆمانەدا ژیرانە دەسپێکی دیاری کردووە بە جۆرێک خوێنەر لەگەڵ دێڕەکاندا و بەدوای ڕووداوەکاندا ڕادەکێشێ.

-یەڵدا کچم هەستە درەنگە، وەر کۆتەن، دیرەکەی خۆت بۆ سەفەر ئامادە دەکەی؟

ئەم دەسپێکە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەسازییەک بە خوێنەر دەدات کە خۆی ئامادە بکات و هاوسەفەری (یەڵدا) بێت بۆ خوێندنەوەی ڕووداوەکان.

-کاتژمێر(٩)ی بەیانی بوو ئوتوبوسەکەمان بەرەو کرماشان کەوتە ڕێ.

لە دوای ئەم دێڕەوە تۆش دەبیتە موسافیر و هاوڕای نویسەرەکەی تا ئاگاداری ڕووداوەکان بیت.

هەندێک جەرەیان لە گیرانەوەی نویسەردا هەن کە جۆرێک خەڵەتاندنی خوێنەری تێدایە بۆ ئەوەی دانەبڕێت، وەک ئەوەی فیلمێک ببینی یان لە گیرانەوەی داستانێکدا هاتبێت و گەرەکت بۆنە مەنیۆ تا کۆتایی و بزانی ڕووداوەکان بە کوێ دەگەن.

-من هیچ یاگی و نەزانینی، سەرگەردان مابوومەوە، لە گۆشەیەکدا لە ناو تەرمینالەکە دانیشتم و بیرم دەکردەوە لە ڕۆیشتن.

لێرەدا نویسەر نایەوێت ڕاستەوخۆ بچێتە نێو کرۆکی بابەتەکەی و نەیویستووە ڕاستەوخۆ بچێتە سەر ئەو بابەتەی کە بووەتە ڕووداو، بگرە بەم دەسپێکە دەیهێنێتەوە، لە سەرەتادا سروشت و خەیاڵ دەکاتە دەسپێک وەک دەرکەوتنی خۆر و شێوەی جوانی حەوشەکە و دواکەوتن لە سەفەر، ئەمەش وەک خەیاڵی جیاوازی دوو چین نیشان دەدرێت، چینێک لە قەڵەبالغی شارەکان‌دا چێژ لە شێوازی دەرکەوتنی خۆر دەبینین، لە بەرامبەردا چینی دووەم لە نێو سروشت جوانی دیهاتەکان‌دا کەچی ناتوانن مومارەسەی ئەو چێژە لە سروشت بکەن.

کاتی گێڕانەوە:

گێڕانەوە لە ڕۆمان‌دا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە گێڕانەوەدا دوو کات هەیە، یەکەمیان کاتی ڕووداوە و دووەمیان کاتی گێڕانەوەی ڕووداوە، دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە گێڕانەوەی ڕووداوێک کاتی خۆی هەیە هەروەک چۆن گێڕانەوەش بۆ خۆی کاتە.

لە (زیندوویەک لە تابوت‌دا) هەر دوو زەمەنەکە هەن، کاتێک سەیران باسی ڕابردووی ژیانی خۆی دەکات قسەکردنە لە کاتێک لە ڕابردوودا و لە زەمەنی ئێستادا شتەکان دەگێڕێتەوە، ئەمەش هونەرێکە بۆ پێکەوە گرێدانی ڕووداوەکان و دروستکردنی فەزایەک بۆ پێکەوە گرێدانی زەمەنەکان.

لەم ڕۆمانەدا هەندێک جار خودی پاڵەوان یان کەسایەتییەکە لە زمانی خۆیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و هەندێک جاری تریش لە زمانی کەسی دووەمی تاکەوە ڕووداوەکان دەگێڕینەوە.

لە سەرەتادا (سەیران) نەهامەتییەکانی خۆی لە ڕابردوودا، ئێستا بۆ (یەڵدا) دەگێڕێتەوە.

هەر هەمان ڕووداو لەسەر زمانی (یەڵدا)وە بۆ خێزانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە و هەندێک لەو قسانە دووبارە لە شێوەی منۆلۆگ (سەیران) لەگەڵ خۆیدا باسیان دەکات، جارێکی تر لە دوای مردنی (سەیران) (یەڵدا) ئەو قسانە بە منۆلۆگ لەسەر گۆڕەکەی (سەیران) دەڵێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا هەندێک جار ڕووداو کورتە و زەمەنی گێڕانەوەی درێژە و لە بڕێ جێگەش‌دا ئەم حاڵەتە پێچەوانە بووەتەوە و هەندێک لە ڕووداو گێڕانەوەکانیش هاوتەریبن.

زەمەنی نەخۆشکەوتنی (سەیران) زەمەنێکی ئەوەندە درێژ نییە، کەچی نویسەر هاوشانی دەکات لەگەڵ ئەو زەمەنەی کە (سەیران)دا ژیاوە، لە بەرامبەردا دێت خۆشەویستییەکەی (یەڵدا) بۆ (کاوە) کە وەک (یەڵدا) خۆی دەیگێڕێتەوە ماوەیەکی درێژە بەڵام لە کورتی‌دا دەیبڕێتەوە و نویسەر ژیرانە بەڵگە بۆ ئەو بڕیارەوەیە دەدۆزێتەوە بەوەی چونکوو کاوە خۆشەویستی (سەیران)ی هاوڕێی (یەڵدا) بووە، ئەم نایەوێت ئەو مەسەلەیە بوروژێنن، هەر چەندە ئەم خەیاڵە لە لای (یەڵدا) خەفە نابێت، دواجار بە مردنی سەیران زۆرێک لە شتەکان تەواو دەبن بە خەیاڵەکانی (یەڵدا)شەوە.

نەهامەتییەکانی سەیران لە ژیانی هاوسەری یەکەمدا ڕووداوێکی درێژە و نویسەریش لە گێڕانەوەدا هەردوو زەمەنەکە هاوتەریب دەکات. لە شێوەیەکی تری هاوتەریبکردنەکەدا کارێکی زۆر وەستایانەی کردووە ئەویش ڕۆژی ئاهەنگی (سەیران ـ کاوە) و هەر پاش چەند سەعاتێک (سەیران) دەمرێت، واتە زەمەنی کورتی خۆشی و زەمەنی کورتی مردنی هاوتەریب کردووە.

زۆرجار نویسەر زەمەنی ئێستای شکاندووە و گەڕاوەتەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو، دواتر بەپەلە زەمەنی خۆی جێهێشتووە و ڕووە و زەمەنی داهاتووە ڕۆیشتووە، بەم پێیە هەر دوو زەمەنی ڕابردوو داهاتووی پێکەوە بەستووەتەوە بە دروستکردنی دابڕانێک لە ئێستا بە بێئەوەی خوێنەر هەست بەو دابڕانە بکات.

بەو پێیەی نویسەر خولقێنەری ڕۆمانەکەیە بەڵام وەک ئامادەگی جەستەی خۆی لە دەقەکەدا دەرناکەوێت، چەنی ئانەیچە ژیرانە وەک ئەوەی خۆی گەرەکییەتی پاڵەوانەکان هەڵدەسوڕێنێت و لە ڕێگەی ئەوانەوە نەگوتراوەکان دەدرکێنێ، ڕاشکاوانەتر وا چوونە کە ئەوەی لە ناخی خودی نویسەر دایە لە ڕێگەی سەیرانەوە تەڕح دەکرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە کە خۆی بڕوای پێیەتی و نایەوێت لە زمانی خۆیەوە بیدرکێنێ، دەیداتە (یەڵدا) و لە ڕێگەی ئەوەوە گوتارەکانی ئاراستە دەکات.

ئەگەر کەمێک وردتر بڵمینە دڵنی وردەکارییەکانی چنین و گێڕانەوە لەو ڕۆمانەدا دەبینن تەواوی گوتارەکانی گوتاری ژنیکن لە کۆمەڵگایەکی نیرسالاریدا دەکەوێتە ژێر فشاری پیاو یان باوک و براوە و نویسەریش وەک تاکیکی ئەو کۆمەڵگایە ناتوانیت پاریز لە پەتا کۆمەڵایەتییەکان بکات و پیوەیان ئاڵودە دەبێت ئەگەر لە قسەکانی (سەیران) رامینین، ئەو قسانەی ئەو نەهامەتییانە، ئەو دەردەسەرییانە، شتگەلێکن ڕۆژانە سەیرانەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە پێوەی دەنالێت.

نویسەرە هۆڵشدان بۆشاییەک لە نێوان خۆی ڕووداوەکان دروست بکات و جەڕاو ئەو بۆشاییەوە پەنهانەکان لە زمانی پاڵەوانەکانەوە دەگێڕێتەوە تا زەمینەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پاڵەوان و گەمە زوانییەکانەوە ئامانجەکەی بگەیەنێت، خۆ ئەگەر نویسەر شارەزایانە ئەو کارە نەکات، هونەرەکەی پاشەکشە دەکات بۆ گێڕانەوەی ئاسایی یان دەبێتە ژیان‌نامە و چیرۆک هەواڵ.

ناوونیشان

ناوونیشان لە دەقدا سەرەتا و یەکەیەکی بنەڕەتییەکە وا لە خوێنەر دەکات بە دوای ئەو ئادرەسەدا بچێت یان نا، جۆرێک لە ئامادەگی ئاوەزی لای خوێنەر دروست دەکات بۆ ئەوەی خۆی ئامادەی خوێندنەوە بکات.

ناوونیشان کلیلی کردنەوەی دەربازەی دەقە و خۆی لە خۆیدا دەقێکی چڕکراوەیە ئەگەر نویسەرەکە بزانێت چۆنی دیاری دەکات.

هەندێک نویسەر ناوونیشانی دەقەکانیان ڕاستەوخۆ دەتبەنە ناو مەسەلەکەوە تێدەگەیت کە لەم دەقەدا چ باسیک هەیە ئەم حاڵەتە لە لای مارکیز زۆر بەرجەستەیە (خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرادا، هەواڵی ڕفاندن.. هتد) کە لە ناوونیشانەوە میاومینە کە نویسەر گەرەکشا چیمان بۆ باس بکات. ئەمە لە ڕۆمانەکانی تری وەک (بێسەرپەرستان، بینەوایان، دان چەرموو،پەتاتە خۆرەکان)دا هەن و ڕاستەوخۆ لەوە دەگەیت کە نویسەر چیشت پەی باس کە ڕوونە.

هەر لە ناو کوردا جۆرێکی دیکە هەیە کە خوێنەر ناچار دەکات بە دوای ناوونیشاندا بگەڕێت وەک ئەوەی (بەختیار عەلی) دەیکات.

(دواهەمین هەناری دنیا، غەزەڵنووس و باخەکانی خەیاڵ، ئێوارەی پەروانە، شاری مۆسیقارە سپییەکان) کە ئەمانە هەر یەکەیان چڕکراوەی زمانەوانی دەقێکن و خۆیان لە خۆیاندا دەقن.

(زندەای در تابوت) یان (زیندوویەک لە تابووتدا) ناوونیشانی وی سرنچڕاکێشە، خوێنەر بیری بە لای جۆرێک لە سیحری زمان و خەیاڵدا دەچێت و دەیهەوێت بزانێت ئەو زیندووە چیی دەکات لە تابووتدا، ئەم جۆرە ناوونیشانانە فرە تەئویلن و دەکرێت لە ڕوانین و وێناکردنێکی زیاترمان هەبێت بۆی.

(فەریبا) لە هەڵبژاردنی ئەم ناوونیشانەدا سەرکەوتوو بووە بەڵام وەختێ دەقەکە دەخوێنێتەوە لە کۆتایدا زیندووەکە دەمرێت، ئەگەرچی لە ڕووی ڕێکخستنی ڕووداوەکانەوە کاری جیددی کردووە بەڵام دواجار زیندووەکە دەکوژیت و بە مردووی دەیخاتە نێو تابووتەوە.

ئەگەر (سەیران) لە ژیانی خۆی‌دا وەک مردوویەک وابووە و لە تابووتی ژیان‌دا، ئەی چیی و چۆن مامەڵە لەگەڵ هەڵسانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەکانی (سەیران) بکەین لە بەرامبەر شکستەکان‌دا؟

ئەی مردنەکەی چۆن پاساو بدەینەوە لە بەرامبەر ئەو ناوونیشانەی کە بووە و دەقەکەی داناوە؟
باشتر بوو بۆ ئەوەی هاوتایەک لە نێوان ناوونیشان و ناوەرۆکدا هەبوایە، ئەشیا (سەیران) ون بکرایە نەک بمردایە و بەمەش خوێنەر بەردەوام دوای لێبوونەوەی لە خوێندنەوەی رۆمانەکە لە دوای ئەو زیندوەدا دەگەڕا لە نێو تابووتەکان‌دا نەک مردووەکە لە نێو تابووتەکەدا ببینێ.
* (زیندەای در تابوت) رۆمانێکی خانمە نووسەری کورد (فەریبا ئیسماعیلی)یە بە فارسی نووسراوە



ئەدەبی مۆدێرن و مۆدێرنیسم

محەممەد مستەفازادە

مۆدیرن وەرگیراو لە وشەی لاتینی "مۆدۆ" (modo) بە مانای ئێستاکە و بە واتای جیاوازی سەبکی ئەوڕۆژی لەگەڵ ڕابردوو کە مانای مۆدێرن ئەدا بە دەستەوە، مانا ئەکرێت. وەک وتمان مۆدێرن بە سەبکی ئاوڕۆژی ئەوترێ کە خۆی لە تەواوی ڕەوالّەکانی ڕابردوو جیا ئەکاتەوە و مانایەکی نوێی بە مۆدی ڕۆژ ئەبەخشێتەوە. هونەر، وەک دنیایەکی بەربلاّو و پێوەندیدار لەگەڵ هەستی ئینسانەکان، هەر دەم لە هەوڵی بەڕۆژبوونەوە و خۆ جیاکردنەوە لە سوننەتەکانی ڕابردووی خۆی دابووە کە بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی واتە مۆدێرنیتەبوون هەوڵی بۆ دراوە، ئەدەب یەکێک لە بەشگەکانی هونەر و تێکەلاّوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ هیچ کات لەم هەوڵانە بۆ مۆدێرنبوونەوە و جیابوونەوە لە ڕەوالّە سەرەتاییەکانی پێش خۆی دوا نەکەوتووە و هەر دەم لە لایەن ئەدیبانەوە هەوڵی بۆ دراوە.

بۆ مێژووی ئەدەبیات، هیچ کات ناتوانین ئەدەبی هەر سالّ و ساتێک بەتەواوەتی لەگەڵ ئەدەبی پێش خۆی یەکسان و بێجیاوازی ببینین، بەلاّم بە واتای مۆدێرنبوونەوەیەکی گشتی سەدەی ١٦ی میلادی، سەرەتایەک بۆ ئەدەبی مۆدێرن لەبەر چاو ئەگیرێت، لەو تاریخە بە دواوە زمانی ئەدەبی گۆڕانکاریەکی بە سەردا هات و ڕۆژ بە دوا ڕۆژ ئەم گۆڕانکاریانە بەردەوام لە بە ڕۆژبوونەوەی ئەدەبیاتدا بوون، کە ئەدەبیاتی هاوچەرخ درێژەدەری ئەو سەرەتاییەیە لە چوارسەد سالّ لە مەوبەر ڕووی دا، ئەگەرچی "ئەدەبیاتی مۆدێرن" ئیستلاحێکە بۆ سەدەی بیستەم ناودێر کراوە. خالّی بەرچاو لێرەدا ئەوەیە، وشە و دەستەواژەگەلی پێوەندیدار لەگەڵ ئەدەبیاتی مۆدێرن لە سەرەتای سەدەی نۆزدە بە شێوەیەکی گشتی هاتنە بەرباس و داکۆکی لەسەر کرا.

پڕۆفسۆر "کریستوفێر ویتکام" لە زنجیرە وتارەکانی خۆی لە بابەت هونەر و ئەدەبیاتی چەرخی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن، لە بەراورد لەگەڵ وشەی مۆدێرنا، ئەڵێ: وشەی مۆدێرن بە هەر شتێکی پێوەندیدار بە چەرخی خۆیەوە ئەوترێ، بۆ وێنە لە هونەرا، هەر بەرهەمێکی خولّقێندراو بەراورد لەگەڵ چەرخی پێش خۆی مۆدێرن لە قەڵەم ئەدرێ. بە واتایەکی گشتیتر مەبەست لە مۆدێرن لە زۆر شوێنا پێشکەوتن و پێشڕەو بووە.

مۆدێرنیسم و مۆدێرنیتە

ئەوڕۆکە لە کوردستان "مۆدێرنیسم" لە بەرامبەر "سوننەت"دا دانداوە، بەو مانایەی کە "مۆدێرنیسم" مانای نوێبوونەوە و نوێخوازی ئەدا بەلاّم لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسیەکەیدا بۆ نوێخوازی و نوێگەرایی "مۆدێرنیتە" بە کار هاتووە. "هابێرماس" مۆدێرنیسم و مۆدێرنیتەی لە ڕووی فەلسەفی و تاریخیەوە جیا کردۆتەوە و لەسەر ئەو ڕایەیە کە مۆدێرنیتە لە ڕووی فەلسەفی و تاریخیەوە زۆر بەربلاّوتر لە مۆدێرنیسمە و بە واتایەکیتر مۆدێرنیسم شۆڕشێکی فەرهەنگیە دژ بە سوننەت، کە تەنیا لە چوارچێوەی فەرهەنگا دێتە ژێر باس. بەلاّم ئەوەمان لەبیر نەچێ لە حەوزەی ئەدەبیات و هونەردا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر نوێبوونەوە و نوێخوازی، "مۆدێرنیسم" دەورگێڕە و بەکار دێ بەلاّم "مۆدێرنیتە" لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسیەکانا بەرچاو ئەکەوێ و دەور ئەگێڕێ. کە تەنانەت زۆر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دژ بە مۆدێرنیتە خولّقێندراون؛ بۆ وێنە "محاکەمە"ی کافکا، شانۆنامەکانی ساموئێل بەکت و ...، ئەم بیروبۆچوونە ڕەخنەگرانەش کەمکەم بووە هۆی هاتنی پۆست مۆدێرنیسم.

لەم ڕوونکردنەوەی مۆدێرنیسم و مۆدێرنیتەدا بۆمان دەردەکەوێ مۆدێرنیتە لە هەکسی مۆدێرنیسما دێتە ئەژمار؛ مۆدێرنیتە، هەقلّی مرۆڤ بە چارەسەرکەری هەموو بەرهەڵستەکانی ئەزانێ و گەشبینانە پێشکەوتن بە داهاتوویەکی ڕوونی ئینسان لە قەڵەم ئەدا، بەلاّم مۆدێرنیسم هەموو ئەمانە ئەنێتە لاوە و داکۆکی لەسەر لایەنی مەعنەوی و دەروونی مرۆڤەکانی سەردەم ئەکات.

لە سەردەمی بە لوتکەگەیشتنی مۆدێرنیسم بەینی سالّەکانی ١٩١٠ تا ١٩٣٠ (دوا شەڕی نێودەوڵەتی) کەسایەتییە ناودارەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرن وەک وڵف، جوویس، ئالیوت، ئیستیونێز، پروستێت، مالارمە و ڕایک، وەک بناخەدانەری مۆدێرنیسم لە سەدەی بیستەمدا، دیسانەوە هاوکاریەکی تایبەت و شیاویان لە بابەت لێکۆڵینەوەکانی مۆدێرنیسمدا کرد. ئەوەش بڵێین کە هیچ چاخ و دەورێکی مێژوو ناتوانرێن بە شێوەیەکی دەقیق و جوان لێک جیا بکرێنەوە، زۆر جاران بۆ دۆزینەوەی سەرەتایەک ئەبێ بگەڕێیەوە بۆ سەردەمێکی زۆر دوور، بەلاّم بە ڕای زۆرێک لە بیرمەندان مۆدێرنیسم

له دەیەی ١٨٩٠ دەستی پێکردووە و لە دوا شەڕی جەهانی یەکەم — بە ڕای زۆر کەسانیش ساڵی ١٩٢٢ — بە لوتکەی خۆی گەیشتووە. جێی باسە مۆدێرنیسم و پۆست مۆدێرنیسم کە لە ناو دڵی جوڵانەوەی فەرهەنگی‌دا ئەژین، لە هەموو پلەکانی مێژوویی و پێشکەوتنیان‌دا پێوەندییەکی نەپساویان لەگەڵ نزامی سەرمایەداری و تێکنۆلۆژیادا بووە و هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم نیزامە، ئەوانیش لە پێشکەوتن و گۆڕانکاری‌دا بوون. هەر وەک لە سەرەتادا باسمان لێیەوە کرد؛ مۆدێرنبوون و مۆدێرنیتە هاوشانە لەگەڵ پێشکەوتنە هزری و عەقڵانیەکانی مرۆڤ و بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەپێی هزر و عەقڵی پۆژی خۆی دەست لە سروشت و دنیای واقعی دەوروبەری خۆی وەربدا و لە هەموو بوارەکانی تێکنۆلۆژی، ئابووری، کلتوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەوڵی خۆی بۆ دۆزینەوەی زانستە شاراوەکان بدا و خۆی لەگەڵ چەرخی پێش خۆی جیا بکاتەوە، جا لە سەر ئەم پێیە و گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشەی وشەگەلی مۆدێرن، مۆدێرنیتە و مۆدێرنیسم، کە دروستە حەوزەی کارگێڕیان جیاوازە، بۆمان دەردەکەوێ مۆدێرنیسمیش ئەو پێوەندیانەی خۆی لەگەڵ بەشەکانی ئاڵوگۆڕی سەرمایەداری بە شێوەیەکی پتەو و هەست پێکراو ڕاگرت، ئەمەش بریتیە لە سێ قۆناغ:

قۆناغی یەکەم: سەرمایەدارییەک کە لە سەدەی هەژدە تا کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدە، لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژاوا، ئینگلستان و ئەیالاتی یەکگرتوو و هەموو بەشەکانی ژێر دەسەڵاتیان، ڕووی دا. یەکەم قۆناغ هاوشانە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تێکنۆلۆژیا، ماشێنی دووکەڵ و جوانی‌ناسی بە واتایەکی تر ڕێئاڵیسم.

قۆناغی دووهەم: کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدە تا نیوەی سەدەی بیستەم (شەڕی دووهەمی نێودەوڵەتی و هاتنی ماشێنە کارەبایی‌یەکان).

قۆناغی سێهەم: چەرخی ئەورۆیی و ژیانی سەردەم کە پێوەندییەکی نەپساوی لەگەڵ تێکنۆلۆژی ناوەکی و کارەبایی و پۆست مۆدێرنیسما هەیە.

چەندییەک لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیسم لە ڕوانگەی ئەدەبیەوە:

دەروونخوازی: ئەگەر بڕوانینە ئەدەبی کۆن، ئەبینین کە ئەدیب زۆرتر داکۆکی لە سەر دونیای واقیع و سروشتی دەوروبەری خۆی بە هەمان شێوەی کە ئەبیندرێ، ئەکا؛ سروشت پاڵەوانێکی واقیعی هونەرەکەیەتی و زمان تەنیا دەنگی کەرەسە و ئامێری دەوروبەری بووە، تەنانەت لە وتنی نوستالۆژیاش‌دا کە باس لە ئێشەکانی ئینسان، دووری وڵاتی، گەڕانەوە بۆ ڕابردووی تاک، منالی و لاوی دەکا، هەر بە شێوەیەکی ساکار و هەوڵ بۆ نووسینەوەی واقیعەتەکان دراوە، یان بە واتایەکی تر هونەر لە سەرچاوەیەکی دەرکخوازانەوە سەری هەڵداوە، وەک ئەدەبیاتێکی زارەکی تەنانەت لە وێنە و تەسویردا کەم ڕەنگ بوون، بەڵام بە هاتنە ناو گۆڕەپانی مۆدێرنیسم، سەرچاوەکانی هونەری لە دەرکخوازیەوە گوازراونەوە بۆ دەروونخوازی و ئەدیب هەوڵی داوە بە پاڵپشتی کەرەسەی زمان لە دەروونی‌دا واقیع دروست بکا نەک واقیع بنووسێتەوە، ئیتر لێرەدا دەوری زمان کەمتر ئەبێتەوە و بابەتگەلی وەک گەمەی زمانی، دەروونناسی وشە و دەستەواژە، وێنەی پێچاوپێچ و قوڵ لە بەرهەمدا، خۆ داوێنە ناو بەرهەمەوە و فاکتەرەکانی بەرهەمێکی مۆدێرن و بەڕۆژ تا ڕادەیەکی زۆر لە خۆ دەگرن. بەرهەمهێنانی هونەر لە سەرەتاوە لە دەقەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو وێنە و — مەکتەبی ئیماژیسم — لەوێشەوە بۆ دەروونناسی وشە و داکۆکیکردن لە سەر هەڵبژاردنی وشە. بە واتای میشێل فۆکۆ، بیرمەندێکی پۆستمۆدێرن، لە سەدەی پێش مۆدێرن‌دا ناولێنان و نووسینەوەی شتەکان بەپێی زاتی شتەکان و ناسنامەی واقیعیان بووە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرن‌دا بەپێی پێناسەیەکی گشتی‌تر و بەربڵاوتر لە ناسنامەی واقیعی و زاتی یان بە واتایەکی تر پێوەندی نێوان دال و مەدلوولی شتەکان ئەناسران، لە لایەکی تریشەوە هەر بە ڕای فۆکۆ پێوەندییەکانی نێوان دال و مەدلوول دەپچڕێن و ئەدەبیات و زمان بایەخی مەعریفیان نییە و کارکردی پەیام و ئیرجاعی‌بوون تێدا دەچێ و تەنیا کارکردی ئەدەبی دەمێنێتەوە. بەڵام بە دوو جۆر ئەتواندرێ لەگەڵ وتەکەی فۆکۆ واتە تیاچوونی پەیامی بوونی دەق و تەنیامانەوەی لایەنی ئەدەبییەکەی، مامەڵە بکرێ؛ یەکەم ئەوەی پەیامی بوون بە مانای پەیامێکی ڕوون و تەوەرەیەکی زەق و سەرەکی بێ، ئەوا مۆدێرنیسمیش هاوڕایە و فاکتەرێکە بۆ ئەدەبی مۆدێرن؛ بەڵام بۆ جۆری دووهەم، ئەگەر بەرهەم و دەق خاڵی لە هەر جۆرە پەیامێک بزانێ، لێرەدایە کە وتەکەی فۆکۆ وەرناگیرێ و ناتوانێ پێگەی خۆی لە مۆدێرنیسم و پۆستمۆدێرنیسما وەدۆزێ. بۆ داکۆکیکردن لەسەر ئەم بۆچوونەش ئەتوانین ئاماژە بە بوونی "دیالۆگ" (دانووستاندن) لە سروشتی زمان‌دا و بەگشتی ئەدەبیات‌دا بکەین؛ ئێمە لە سەر ئەو ڕایە هەین کە بیسەر و بینەری هونەر کەسێکی ڕووبەڕووتە و لە پەنا ئەوەشدا ئەتوانێ هەر دوو کەرەسەکەی "دیالۆگ" واتە بێژەر و بیسەر تەنیا خودی تاکی خوڵقێنەر بێ کە ئەمەش مانای "سونۆلۆگ" بە مانایەکی ئەدەبی، دەست نیشان دەکا، لێرەدایە داکۆکی لە سەر شێوە دانووستاندنێک لە ئەدەبیاتا ئەکرێ بەتایبەت شێعر. ئەگەر بڕوانینە دیکەی خانەکانی ئەدەبیات لە زۆر جێدا تەکبێژی (مونۆلۆگ) زەق ئەبێتەوە و پێوەندی خۆی و خوێنەر ئەپچڕێنی ؛ چونکوو خوێنەری ئەدەبیات هاوکات لەگەڵ ئەوەی خوێنەرە، جۆرێک بێژەری لێدەردێ کە لەگەڵ دەق ئەچێتە پێشەوە و کەسایەتیەکی دەروونی لە خۆی‌دا پێک دێنێ، واتە دروستبوونی واقیع. بەڵام بە بڕوای من لە شێعرا دیالۆگێکی تایبەتی هەر دەم ئەمێنێتەوە و دانووستاندنەکانی دوو بەش هیچ کات لە یەک ناپچڕێن، کە لە لێکۆڵینەوە دەروونناسیەکانی ئەدەبی‌دا ئەتوانین بەو داکۆکیە واتە مانەوەی دیالۆگ لە هونەردا بگەین. هۆی سەرەکی ئەم پێوەندییەش بوونی مەعریفەیەکی هەستۆکی لە ناو دەق بەگشتی و لە سەرووی هەموانەوە تابلۆ و دواتر دێر و دەستەواژەکانە، بۆیە دیسانەوە لە نێو ئەدەبیات و شێعر بەتایبەتی شێوەیەک مەعریفە دێتە ئاراوە، لێرەدایە بۆچوونەکەی فۆکۆ کرمۆڵەی ئەکەوێتە پاڵ. هەروەها ڕەزا بەراهەنی لە بەرگی یەکەمی کتێبی "×لا در مس"دا ئەڵێ: تەسویر و وێنەکان لە یەک شێعرا ئەبێ بە دەوری یەکدا بخولێنەوە و شکڵێکی دەروونی دروست بکەن و هارمۆنیەک پێک بێنن، کە بەهۆی گرینگی ئەم بابەتەوە لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی‌دا دیسانەوە هێناویەتەوە بەر باس و داکۆکی ئەکا لە سەری

و ئەڵێ: ((لە شێعری ئەورۆدا ناتوانین دێرێک وەخوێنین و دێرەکەی تری لەبەر چاو نەگرین، بەڵکوو پێوەندییەکانی لەگەڵ دیکەی وێنەکان و تێکڕا شێعرەکە جێی سرنجە.)) لەم وتەیەی بەراهەنی ئەتوانین دیسانەوە لە لاوازبوونی بۆچوونەکەی فۆکۆ بە ڕووبەڕووبوونەوەی جۆری دووهەم بدوێین کە بە ڕای فۆکۆ وادەردەکەوێ ئەو پێوەندیانەش نابێ بمێنن.

بێموبالاتی بە دەوروبەر و خەڵکی ئاسایی و عەوام: هەوڵی گشتی مۆدێرنیسم خۆ جیاکردنەوە لە ئاسایبوون و خەڵکی ئاسایییە. هەوڵ ئەدا بە شێوەیەک خۆی لە ڕووی دەرەوەی بابەتەکان بشارێتەوە و بچێتەوە ناو کاریگەریەکانی دەروونی، یان بە شێوەیەکی تر ئەگەر بڵێین؛ فۆرمۆلەکان دەشکێنێ و گەرەکیەتی لە هیچ یاسایەکی تایبەتی سروشتی و دەوروبەری پەیرەوی نەکا، ناڕاسایی مامەڵە لەگەڵ مەعریفەی دەوروبەری بکا. لە کۆدا ئەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی مۆدێرنیستی هیچ کات لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە سرنجی لایەنی عەوامی کۆمەڵگا بە لای خۆی¬دا ڕابکێشێ، بەڵکوو زۆر قوڵتر لە خەڵکی ئاسایی ڕوانیویەتیە بەرهەمی هونەری.

کات و سات: ئەم تایبەتمەندییە زۆرتر لە ڕۆمانی مۆدێرنا بەرچاو ئەکەوێ، بۆ وێنە لە ڕۆمانەکانی وڵف و کافکادا، کات هەمیشە لە دواکەوتن و پێشکەوتن دایە؛ یان لە ڕۆمانی "خانم دالووی" یان ڕۆمانی "دوکتۆر نوون ژنەکەی زۆرتر لە موسەدیق خۆش دەوێ"دا، خوێنەر چەند بەرگێکی خوێندووەتەوە، لە کاتێکا لە ڕۆمانەکەدا کات ڕاوەستاوە و زۆر یەک لە ڕووداوەکان تەنیا لە یەک کاتژمێردا یان ساتێکی بچووکدا ڕوو ئەدەن.

بێموبالاتی بە یاساکانی کۆمەڵگا: وەک لەمەو پێش باسمان کرد لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستیدا، ئەدیب هەوڵی ئەوەیە یاسا و ئەرزیشە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان بشکێنێ و دژیان ڕاوەستێ، بۆ وێنە لە بەرهەمی ئەدەبیدا ڕووداوگەل و وشەگەلێک دێنە ئاراوە کە لە جیهانی واقیع¬دا بوونیان دژ بە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانە و لەگەڵ یاسادا یەک ناگرنەوە؛ ئەم یاسا و ڕێسایانە لێک ئەپچڕێنن. بۆ وێنە "بودلێر"، شاعر و ڕەخنەگری فەڕانسەوی، یەکێک لەو یەکەم کەسانەیە لە شێعرەکانیا دژبەرایەتی ئەرزیشەکانی سروشت و دەروبەرە و ناباوەڕی دێتە بەر چاو.

گەڕانەوە بۆ هەستی تاک و تاکگەرایی: یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرن، داکۆکیکردن لەسەر هەستی تاک و بەگشتی "خەیاڵ" لە مرۆڤ دایە؛ بە بێئەوەی بڕوانێتە ئەو شتانەی دەیانبینێ و لە سروشتدا بەرچاوی دێن، ئەدیب دێ هەرچی لە زێهنیدا ئەگوزەرێ ئەینووسێ و لە هیچ یاسایەکی زمانیش پەیڕەوی ناکا. بەرهەمی خوڵقێندراو زۆرتر داکۆکی لە سەر دەروونکاوی زێهن دەکا و ئەو ڕووداوانەی لە دەروونی ئینسانەکان‌دا ئەخوڵقێن پێگەیان لە ئەدەبیاتی مۆدێرن¬دا لەو ڕووداوانەی کە لە دەرەوەدا ئەخوڵقێن زۆرترە. هەروەها زمانی "خولیا" وەک زمانێکی تایبەتی و هێمایی لەگەڵ زمانی ئەدەبی مۆدێرنیستی پێوەندییەکی پتەو و نەپساویان هەیە.

داکۆکی لە سەر وێنە و ئیماژە: لەم چاخەدا وێنای شاعرانە لە وتنی پێوەندییەکانی جوانیناسی و دەروون، پلەیەکی بەرزی هەیە؛ مەکتەبی شێعری ئیماژیسم داکۆکی لە وێنەگەلێکی بەرچاو، دەقیق و ناشکرا ئەکا کە لە شێعری زۆریەک لە شاعرانی سەردەم‌دا بەرچاو ئەکەون، بۆ وێنە سەبکی شێعری هایکۆی ژاپۆن نمونەیەکی بەرچاو لە ئەدەبیات دایە.

سەرچاوەکان:

۱-مدرنیسیم و پست مدرنیسم – نسرین سالاری – ۵۳/http://reviews.persianblog.ir/post

۲-تبارشناسی پست مدرنیسم: شعر معاصر آمریکا – آلبرت گلپی/ ترجمه ی یاور بذر افکن – نشریه ی ادبی جن و پری. http://www.jenopari.com/article.aspx?id=۱۴۴

۳-نقد ادبی مدرن و پسا مدرن – کیان پیشکار – http://kianpishkar.blogfa.com/cat-۴۸.aspx

۴-پست مدرنیسم – آفتاب – ۲۳ بهمن ۱۳۸۴ – www.aftabir.com

۵-ایدئولوژی ادبیات مدرن/ گئورگ لوکاچ – برگردان: اصغر مهدی زادگان – سایت دیباچه – http://dibache.com/text.asp?cat=۴۷&id=۷۳۵

۶-جلوه های مدرنیسم در ادبیات – وبلاگ شعر زنان تهران – http://zananpoem.blogfa.com/post-۹۳.aspx

۷-پست مدرنیسم در ادبیات داستانی – موضوع سخنرانی مسعود پورهادی خمامی در خانه فرهنگ گیلان – http://gantor.blogfa.com/page/p.aspx

۸-در آمدی بر مدرنیسم در ادبیات – سایت ویستا – http://vista.ir/?view=article&id=۲۱۸۲۵۲

۹-پارامێتری بینین لە بەرهەمهێنانی ماناکانی دەقی شێعریی‌دا- وتارێکی عەلی قاسمی- نەغەدە

سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی زیاتر:

مدرنیسم: ترجمه رضا رضایی/ انسان تراز نو: آلن رب گریه/ به سوی پسامدرن: پیام یزدان جو/ نظریه ادبی: سجودی / پسامدرنیسم در ادبیات داستانی: منصوره تدین/ رمان نو درغیاب انسان: کاوه بهمن / طلا در مس: رضا براهنی/ درآمدی بر ادبیات مدرنیست :دکتر امیر علی نجومیان/ ادبیات مدرنیسم:دکتر ثابتی/



خولّقاندنی ئەوین وەک بەهێزترین پەرەنسیپی گەورەیی ڕوحی مندالّ

گوڵاڵە ستاوەند

سرنجدان بە مندالّ وەکوو بوونەوەرێکی جیاواز لەگەڵ بەسالاّچووان، لەگەڵ ئەو نیازە تایبەتییانەی کە هەیەتی، جێی سرنجی زانایان و خاوەنڕایان بووە. گەشەی دەروونناسی مندالّ و بایخدان بە نیازەکانی لە ڕێزەی کارکردگەلێکن کە یارمەتییان داوە بۆ بە وجوودهاتنی بیرۆکەی ئەدەبیاتی مندالاّن و بڵاوبوونەوەی یەکەمین کتێبەکان لەو بوارەدا.

پسپۆڕانی دەروونناسی، گێڕانەوەی چیرۆک بۆ گەشەی مێشکی ساوایان و مندالاّن بە پێویست دەزانن و دەڵێن بە گێڕانەوەی چیرۆک، هاوکات لەگەڵ پێناساندنی دەنگی دایک و باوک، قسەکردنیان ساکارتر دەبێ و وشەکانیش تەواو و کامڵ ئەدا دەکەن.

دوکتور نەرگیس کەچوویی دەروونناسی مندالاّن ڕای وایە کە دایک و باوک دەبێ هەرچێکی وەک کەرەسەی یاری و یان هەر شتێکی کە دەیدەن بە منداڵ، ناوەکەشی پێبڵێن و کاتێک کە منداڵ هەوڵدەدا بە هەر ڕاوێژێک وشەکە ئەدا بکا، قسەکەی هەڵنەبڕن و ئیزن بدەن ئەو جۆرەی کە بۆی هاسانتر و ساکارترە بیڵێتەوە.

هەروەها دوکتور مەحموود ڕەسالّەتی بە ئاماژە بە وەی کە مندالاّن حەز دەکەن وێنەگەلێک ببینن کە ڕەنگەکانیان گەش و تێکەڵاوە، بەم پێیە دەبێ کتێبگەلێکیان بۆ ئامادە بکەن کە ڕەنگاوڕەنگ بن و وێنەی گەورەیان تێدا بێ، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئاشنابوون و بەرهەڵەستیان پەرە بگرێ.

وڵاتی ئێمە هەر چەند خاوەنی گەلێک گەنجینەی زانست و مەعریفەت و چیرۆک و بەسەرهاتی جوان و پڕئامۆژگارییە، بەڵام دایک و باوکان و ڕاهێنەران زۆرترین کاتی خۆیان بۆ بابەتەکانی فێرکاری تەرخان دەکەن و قووتابیانیش لە ماڵ و لە قوتابخانە زۆربەی کاتەکانیان تەرخانی فێرکارییەکانی بێکردەوە دەکەن و لە وشکی و دژواری و دڵەڕاوکە و تاقیکاری و نمرە ئازار دەبینن. بەم پێیە زۆربەی دایک و باوکان لە ئامانجی سەرەکی فێرکردن و ڕاهێنان کە پەروەردەکردنی مرۆڤەکانی خەڵاق و کارامەیە، دوور دەکەنەوە. ئاشنابوون لەگەڵ شێوەکانی چیرۆکبێژی بۆ مندالاّنی قوتابخانە، دەورێکی ئەوتۆی لە گەشەونەشەی خەڵاقییەتی مندالاّن هەیە.

چیرۆک و شێعر و شانۆ و ئەفسانە، ئەدەبیاتی مندالاّن لەخۆ دەگرن و هەوڵی هونەرمەندانە لە چوارچێوەی وێژە، بۆ ڕێنوێنی منداڵ بەرەو گەشە بەهۆی زمان و شێوەیەکی گونجاو و شایستەی فامین یان بە واتایەکی تر لێکدانەوە و دەربڕینی هەست و سۆز و بیرەکان بەهۆی وشەگەل بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆرە.

ئەدەبیات لە هەموو کاتەکانی ژیان دەبێتە هۆی پەروەردەبوونی منداڵ و شادمانی و پەرەگرتنی خەیاڵ و و هێزی تەسەووری ئەو زیاد دەکا و هەروەها توانای خەڵاقییەت و نوێکاری پێدەبەخشێ. ئەو چیرۆک و شێعرانەی مندالاّن دەیبینن، شوێنێکی قوڵ لە هزر و وڕەی ئەوان دادەنێ و بۆ بەرەو ڕووبوون لە تەک بابەتەکانی گەشەیی و هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەر ئامادەیان دەکا و هەروەها لە ناسین و فامینی تەنگوچەڵەمەکانی ژیان یارمەتییان دەدا.

ئامانجی ئەدەبیاتی مندالاّن لە پەروەردە و فێرکردن:

١-یارمەتی بە پەروەردەکردنی هێزی دەربڕین و سۆز و هزری مندالاّن

٢-بەهێزکردنی هێزی خەیاڵ

٣-هرووژاندنی هێزی خەڵاقییەت و نوێکاری

٤-پێکهێنانی ئەوین و هۆگری بە ئەدەبیاتی مندالاّن

٥-گەشەی هێزی باوەر بەخۆبوون و هۆگرکردنیان بۆ ئازادی و بەرابەری کۆمەڵایەتی

٦-دابینکردنی نیازەکانی سۆزدار و ئامادەکردنیان بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی و کەسایەتییەکی باشە.

گێڕانەوەی چیرۆک شوێنێکی گرینگی لە گۆرانی کەسایەتی مندالاّکاندا هەیە، لە زۆربەی بایەخەکانی ئەخلاقییان تێدەگەیەنێ و سەقامگیری، خۆڕاگری، مرۆڤدۆستی، هیوادارى، ئازادەگی، جوامێری و لایەنگری و تێگەیشتن لە مافە ڕەوا و ڕاستەقینەکان و بەرەنگاری لە بەرامبەر ستەمکاری و پەروەردەکردنی هەستی جوانیناسیان فێر دەکا. کەسانێک کە کار بۆ ئەدەبیاتی مندالاّن دەکەن و نیگەرانی پەروەردە و فێرکردنی مندالاّنی کۆمەڵگەیانن، دەبێ ناسیاوییەکی تەواویان لە سروشتی مندالاّن هەبێ و لە نیاز و ئەنگیزە و ویست و توانایییەکانیان ئاگادار بن و هەروەها دەبێ ئاشق و ئەویندارى مندالاّن بن.

پیاوێک خەریکی تێکردنی بێتۆن لە پیادەڕۆ بوو، هێشتا ڕووی وەرنەگێڕابوو کە تاقمێک منداڵ بە هەڵاتەهەڵات بەسەر بێتۆنەکەدا تێپەڕ بوون و شوێنی پێیان کەوتە سەری. یەکێک لە دراوسێکان بەبیستنی هاتوهاوار و هەڵلّوهەنگامەی کابرا لێی نزیک بووە و پێی گوت: من پێم وابوو تۆ ئەویندارى

منداڵانی.
کابرا وڵامی داوە هەڵبەتە کە خۆشم دەوێن بەڵام تەنیا بە خەیاڵ نەک بە ڕاستەقینە.
خۆشەویستی منداڵ بە قسە و خەیاڵ ساکارە، بەڵام لە کردەوە دایە کە دژواری و گرفتەکان دەردەکەون.
منداڵ بەوپەڕی ئەوینێکی کە مرۆڤ لە ژەینیدا دەگونجێ لە دایک دەبێ. وجوودی منداڵ لێوڕێژی خۆشەویستییە و لە ڕاستیدا منداڵ خۆیابوونی ئەوینە. منداڵ لە ئەوین ساز کراوە. ئەوین گوڵێکی یەکجار زەریف و ناسکە و دەبێ بپارێزرێ، ئاوی بدرێتێ و بەهێز بکرێ، تەنیا ئەو کاتەیە کە بەهێز و ڕاوەستاو دەبێ.
ئەوینی منداڵیش زۆر زەریفە، ئەمە سروشتییە، چونکوو خودی منداڵیش زۆر ناسکە. ئایا پێتان وایە ئەگەر منداڵێکی هەروا وێڵ کەن زیندوو دەمێنێ؟ مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر بێتوانا و بێدیفاعە، ئەگەر منداڵێکی هەر وا وێڵ کەن، شانسی زیندوومانی دەبێتە هیچ و دەمرێ. ئەمە هەمان پێشهاتە کە بۆ عەشق ڕوو دەدا، ئەوینیان تەنیا هێشتۆتەوە. مەترسی تەریکمانەوە هەمیشە لەلایان دایک و باوکانەوە لە ئارا دایە .هێندێ لە دایک و باوکان هەمیشە بە وەدەرنان و تەنیا جێهێشتنیان دەترسێنن.(ئەگەر منداڵێکی باش نەبی و گوێڕاگری قسەکان نەکەی وەدەرت دەنێم) ئاسایییە کە منداڵ دەترسێ، وەدەرنان؟! ئەویش لەم دونیا دڕندەیەدا؟ ئالێرەیە کە منداڵ دەست دەکا بە سازش و ساختەچیبوون. ئەو وردەوردە دەبێتە مرۆڤێکی بە فێڵ و تەڵەکەباز و بۆ وەدەستهێنانی سوودەکانی خۆی دەست دەکا بە فریودان.
ئەو حەز ناکا پێبکەنێ، بەڵام کاتێک دایکی دەبینێ و مەمکی دەوێ پێدەکەنێ، ئیتر لێرەوە دەچینە نێو دونیای سیاسەت و ئەلفوبێی سیاسەت و درۆ ئالێرەوە ساز دەبێ.
وردەوردە هەست بە نەفرەت لە ناخیدا پەروەردە دەبێ، چونکوو ڕێز و بایەخی بۆ دانانێن. لە دڵیدا هەست بە ناهومێدی دەکا، چونکوو ئەو جۆرەی کە شیاوی ئەوە خۆشیان ناوێ، تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی کارهایەک کە جێی سرنج و ویستی دایک و باوکانە، دەکەوێتە بەر میهر و محەبەتیان. کەوایە بەم ئاکامە دەگەین کە ئەوین شەرت و مەرجی خۆی هەیە، منداڵ هەر بەم شێوەیە کە هەیە شیاوی عەشق نییە، سەرەتا دەبێ لێهاتوویی خۆی نیشان بدا جا ئەوکات دەتوانێ لە عەشق و خۆشەویستی دایک و باوک بەهرەمەند بێ.
کەوایە بۆ ئەوەی کە شیاوی و لێهاتوویی خۆی نیشان بدا، دەس دەکا بە ئاکاری ساختەچی و فریودانە و بایخەکانی زاتی و دەروونی خۆی لە دەست دەدا. گەورەیی و مەزنی لە نێو دەچێ و هەست بە بێلیاقەتی و ناشیاوی دەکا. ڕەنگە تەنانەت هەندێک کات ئەم بیرانەش بە زەینیدا بێ: ئەرێ ئەمانە دایک و باوکی ڕاستەقینەی منن؟ نەکا منیان هەڵگرتبێتەوە؟ لەوانەیە تەنیا دەوری دایک و باوک بگێڕن، چونکوو ئەوەی من هەستی پێدەکەم ئەوین و خۆشەویستی نییە.
هەزاران جار ڕوخساری قەڵس و پڕ لە تووندوتیژی دایک و باوکی دەبینێ، ئەویش بۆ هێندێک ڕووداو و ڕەفتاری سادە و کەم بایخ. لە ڕوانگەی ئەوەدا دەها تووندوتیژییەک لە بنەڕەتدا بێجێ و ناشیاوە، ناتوانێ بڕوا بکا، دایک و باوکی زۆر ستەمگەر دێتە بەرچاو بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ تەسلیم بێ، دەبێ سەر دانوێنێ و وەکوو ستەم و زۆرییەک قەبوڵیان بکا. وردەوردە جێگایەک بۆ ئەوین لە دەروونیدا نامێنێ.
ئەوین تەنیا لە ئەوێندا گەشە دەکا، ئەوین نیازمەندی بەستەر و زەمینەیەکی ئەویندارانەیە. دەبێ ئەوەمان وەکوو سەرەکیترین بناغە و بنەما لەبیر بێ. عەشق تەنیا لە زەمینەیەکی عاشقانەدا توانای گەشە و زێدەبوونی هەیە. عەشق لەژێر کاریگەری شەپۆل و زایەڵەکانی عاشقانەی دەوروبەرە کە پەروەردە دەبێ. ئەگەر دایک و باوک هەر دووکیان عاشق بن، ئەویش نەک تەنیا بە منداڵە، بەڵکوو لەگەڵ یەکتریش پێوەندی ئەویندارانەیان هەبێ، ئەگەر عەشق لە کەشوهەوای ماڵدا بگەڕێ، ئەوکات منداڵیش وێنەی بوونەوەرێک لە هێمای عەشقەوە ڕفتار و هەڵسوکەوت دەکا و هەرگیز ئەم پرسیارە کە ((عەشق چییە؟)) بۆی نایەتە پێش. ئەو هەر لە سەرەتای منداڵی عەشق دەسەلمێنێ، چونکوو عەشق و ئەوین و خۆشەویستی دەبێتە بنیاد و بناغە و هەویرمایەی ژیانی.
من لەوپەڕی ئەوین و عەشقەوە پێت دەڵێم عاشقی تۆم و دەتپەرەستم.
سەرچاوەکان: لە لایەن گۆڤاری بەرهەم پارێزراوە.



کۆرۆساوا ئیمپراتۆری سینەمای ژاپۆنی



فرەیدوون سامان

ئەکیرا کۆرۆساوا ناودارترین دەرهێنەری سینەمای ژاپۆنییە کە بەر لە تەمەنی هەشتاو شەش ساڵی‌دا بۆ دواجار بەهۆی ڕوودواوی خوێن پڕژان لە مێشیکدا مالّئاوایی لە ژیان کرد. (کۆرۆساوا) سەبارەت بەفیلمە ناسراوەکانی (ڕاشیمۆن- ١٩٥١) و (سامۆرای حەوت- ١٩٥٤) و (کاگیمۆشا- ١٩٨٠) ناوبانگی جیهانی بە دەستهێنا، بەلّام زۆرینەی ئەوڕەخنانەی لە کۆرۆساوا لە ناو ژاپۆن‌دا دەگیران لەسەر ئەوە بوو کە ڕوانینێکی ڕۆژئاوایی هەبوو بۆ وڵاتەکەی.

بۆیە کۆرۆساوای دەرهێنەر دەڵێ: من بەختەوەرم بە هەردوو شارستانییەتی ژاپۆن و ڕۆژئاوا، کۆرۆساوا لە ماوەی نیو سەدەدا سێ فیلمی پێشکەش کردووە، بەتایبەتی لە ماوەی چەرخی زێڕینی سینەمای ژاپۆنی‌دا. دوای مردنی دەرهێنەری ناسراوی ژاپۆن حکومەتەکەی وەک ڕەتدانەوەیەک بۆ خزمەتە هونەرییەکانی بەرزترین میدالّی پێبەخشی کە بە میدالّی شەرەفی نیشتیمانی ناسراوە.

نووسین لە سەر کۆرۆساوا شەکەتییە، وەک چۆن سینەما لای ئەو شەکەتی بووە، هەر بۆیەش خۆی لە کاری نووسین وەلا دەنا، ئەم دانپێدانانەش دانپێدانانی کۆرۆساوا خۆی نییە، بەڵکوو یادەوەری ژیانی هونەرمەند و هزرڤانێکە.

دەڵێن لاوێکی ژاپۆنی بۆ خوێندنی سینەما دەچێتە فەرەنسا و ناوبانگی کۆرۆساواش گەیشتبووە ئاسۆیەکانی بەتایبەتی بەبردنەوەی فیلمی (ڕاشۆمون) بە خەڵاتی شێری زێڕین لە ڤینیسیادا، لە کاتی گەڕانەوەیان‌دا کرێکارانی گومرگ ئەو لاوەیان ڕاگرت و لێیان پرسی: ببوورن ئێوە کۆرساواتان نییە، ئەمە لەبەرایی ئەوکتێبەدا نووسراوە کە لەسەر کۆرۆساوا نووسراوە، بەلّام کۆرۆساوا لەمەڕ ژیانی خۆی‌دا دەڵێ: لە ساڵانی شەڕدا فرۆشیارە گەڕۆکەکان بلّاو بوونەوەو بانگەشەیان بۆ هەتوانێک (مەرهەم) دەکرد کە چارەسەری برین و سووتانی لەشی مرۆڤی دەکرد ناویان لێی نابوو هەتوانی بۆق، بیستم کە ئەو هەتوانە لە ئارەقەی ئەو بۆقانە دروست دەکرێن کە ڕاویان دەکردن و لە ناو سندوقێکی بەتاڵیان دادەنان کە دیوارەکانی بە ئاوێنە داپۆشرابوون، بۆقی کۆڵەوار هەرکە خۆی دەبینی لە ترسان دەتۆقی و ماددەیەکی ڕوونی دەردەکرد کە لە ئارەقە دەچوو، پاشان ئەو ئارەقە زۆرەملێیەیان کۆ دەکردەوە و بۆ چەند ڕۆژێک دەیان کوڵاند، ئەو هەتوانەیان لێ دروست دەکرد.

پێم وایە کە لەسەر خۆت بنووسی وەک ئەوەیە لە ناو چوار دیوار دابنیشی بە ئاوێنە داپۆشرابن و تەماشای خۆت بکەی. هەست دەکەی لە هەندێک شت‌دا لەگەڵ خۆت جیاوازی. هەرچەند من بۆق نیم. بەلّام هەست بە ئارەقەکردن دەکەم بێئەوەی بەخۆم بزانم بێهووده تەمەنێکم بەسەر بردووە فرە ئامۆژگارییان کردم کە یادەوەرییەکانم بنووسمەوە، وەلێ لە بەرایی‌دا خولیای ئەمەم نەبوو لێتانی ناوەشێرم کە دوای خوێندنەوەی یادەوەرییەکانی (ژان ریندر) ئەو ئارەزووەم لە کن پەیدا بوو کە تەنها جارێک بە یەک گەیشتین و بابەتەکانی وتووێژ سرنجی ڕاکێشاین و ئەو ڕوانینەی لا جێهێشتم کە کەسایەتییەکی گرنگ نییە تا ئەو پەڵەیەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا ئێژێ: یەکەم ڕووداو لە ژیانمدا کە دێتەوە بیرم و بەسەرمداهات ئەوسا تەمەنم یەک ساڵان بوو لەناو تەشتێک دانیشتبووم پڕبوو لە ئاوی شلەتێن، کە بە چەپ و ڕاستدا خۆم دەهێنا و یارم بە ئاوەکە دەکرد لەپڕ تەشتەکە وەرگەڕا و ئاوەکە ڕژایە سەر زەوییەکە و گشت شتەکانی ناو ژوورەکەی تەڕکرد.

تا ئەمڕۆکەش ناتوانم ئەو هەستە ترسناکە وەشێرم کە تووشم هات و هەستم دەکرد لە ئاسمان‌دا دەفڕم و لە پڕێکیش‌دا دەکەومە سەر عەرد دواتر ئەو ڕووناکییەی کە ژوورەکەی پڕ کردبووەوە (لەمپەیەکی گازی ژوور سەرمەوە بوو) منی دەتاساند. پاش بیست ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی

و ئەمەمە بۆ دایک گێڕایەوە زۆری پێ سەیر بوو کە ئەمەم لە بیر ماوە و تەمەنیشم هەر یەک ساڵان بوو.
ئەو ساڵانەم زۆر وەبیر نایەنەوە کە چوومە خانەی ساوایان تەنها چەند ڕووداوێکی کەم نەبێ زۆر باش ئەمەم لەبیرە کە چۆن سەگە سپییەکەم لە ژێر پێچکەی شەمەندەفەردا مرد کە دەیویست بۆ لای من بێ، بەڵام لە پەرینەوەی بەسەر هێڵی ئاسنینەکەدا بە چاوی خۆم دیم کە بووە دوو کەرت، کەسوکارم هەوڵیان دا قەرەبووی بکەنەوە، زۆر سەگی سپیان بۆهێنام بەڵام من دووچاری حاڵەتێکی هیسیتریا هاتم و هەر کە سەگێکیان نیشان دەدام دەمگوت: . نامەوێ... نامەوێ.
- باشتر نەبوو سەگێکی ڕەشم بۆ پەیدا بکەن مادامەکی سەگە سپییەکە ئەو هەستە ترسناکەی لا وروژاندم، کاتێک چوومە قوتابخانەی سینەمایی دیمەنی نمایشی سینەماییم وەبیر دێتەوە، لەو قۆناغەدا بەشێنەیی هۆشم گەشەی دەکرد مامۆستا و قوتابییەکان بە کەم عەقل لەگەڵ هاوڕێکانم بەراوردیان دەکردم. (کۆرۆساوا بەردەوام دەبێ لەسەر یادەوەرییەکانی تا دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری، سەرباری ئەوەی کە باوکم پیاوێکی سەخت بوو حەزی لە وەرزش بوو، پەیڕەوی پرنسیپەکانی سامۆرای دەکرد زۆریش لەگەڵ دایکم دەمەقاڵی دەکرد، لەسەر ئەوەی کە شارەزای ئەو پرەنسیپانە نییە، وەک نەریتی خۆراکە تایبەتییەکان کە زۆر جار دایکم سەرپێچی دەکرد، سەرباری ئەوەش باوکم حەزی لە سینەما بوو زۆر جار دەیبردین بۆ سینەما و نمایشی فیلمە ئەوروپی و ئەمەریکییەکان لە سەر گردی (کاگوزاکا) ساڵۆنی سینەماکان تەنها فیلمی سێیانان پێشاندەدا... وەبیرم دێتەوە کە زنجیرە فیلمی (ویلیام هارت) پێشاندەدرا لەوانەش (شوێنەواری پلێنگ لە گەردەلول) و فیلمەکانی (دیسترن — کاجۆن فۆرد) کە شکۆیی دەدایە پیاوەتی لە پاڵەوانی ڕۆژئاوای ئەمەریکیدا هەندێ فیلمیش لەبارەی (ئاڵاسکا)وە پێشکەش دەکران، کە گیانی پیاوەتی و خوێن ساردی لەو فیلمانە پێشان دەدران. هەر لە منداڵییەوە ئەم هونەرە شوێنەواری لە دەروونمدا بەجێهێشت، وێڕای ئەوەی باوکم بۆ نمایشی شانۆکانی (کارگورادزاکا) ی دەبردین کە گێڕەوەکان ئەفسانە کۆنەکانیان دەگێڕایەوە، لە ساڵی ١٩٢٨ کە تەمەنم ١٨ ساڵان بوو ڕووداوەکانی ١٥ی ئاداری قەسابخانەی بە کۆمەڵکوژی و ساڵی دواتریش تەنگەژەی ئابووری نێونەتەوەیی دەستی پێکرد. ژاپۆن زۆر بە توندی بەم ڕووداوانە کاریگەر بوون لەوانەش کاری کردە سەر بارودۆخی خێزانەکەم وای کرد بە زەحمەت خولیا و ئارەزووە بەرایی‌یەکانم جێبەجێ بکەم لە (وێنەکێشانی بە حەرفدا) بەهۆی نەتوانینم لە کڕینی ڕەنگە تایبەتییەکان بۆ ئەم هونەرە ئەویش سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخی بۆیە و ڕەنگەکان بۆیە هێز و وزەم بۆ ئەدەب و شانۆ و مۆسیقا و سینەما تەرخان کرد. ٣١
دەزگای بڵاوەخانە دەستی کرد بە چاپکردنی ئەو کتێبانەی کە بە ناوی (کتێبی یەک یەنی) ناسراوبوون و هەر کتێبێکم دەست بکەوتایە دەمکڕی و زۆر لە نمایشە شانۆییەکانم بینی و بە تامەزرۆیشەوە گوێم لە مۆسیقا جیهانییەکان دەگرت و بە وورديش لە تابلۆ ژاپۆنی و ئەوروپاییەکان ڕادەمام، سینەما زێتر منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ئەوەی هاوکاری ئەو بابەتە زۆرانەی دەکردم برایەکەم بوو زۆر لەو زانیارییە سینامایانەمە لەوەوە وەرگرت ئامۆژگاری دەکردم بۆ ئەو فیلمانەی شایستەی تەماشا کردنن، پاشان برپارم دا پێوەندی بکەم بە یەکێتی هونەرمەندە پۆلیتارییەکان، کاتێک ئەم بیرۆکەیەملای برایەکەم باس کرد زەردەخەنە گرتی و گوتی براقۆ.. بەڵام پێویستە ئەوە بزانی کە بزاقی هونەری پۆلیتاریا شتێکە لە ئەنفلۆنزا دەچێت پاش ماوەیەکی زۆر کەم پلەی گەرمیت دادەبەزێت....؟؟!!
ئەو قسانە زۆر توڕەی کردم، برایەکەم لە کارەکەی خۆیدا وەپێش دەکەوت بۆ کاری ئەفراندنی سینەمایی گەشەی دەکرد، بۆیە نیگەرانیەکەم زێتر بوو. خەمۆکیەکەشم بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بوو هەروەک برایەکەم پێشبینی دەکرد ئەو بیرۆکانەی کە لە سەرەدا دەخولانەوە لەمەڕ ئەدەب و مۆسیقا و سینەما بێدیاریکردنی ئاراستەیەکی دیاریکراو بە بەیاخەکانم.
نەمدەزانی مەبەستی برایەکەم چییە لە قسەدووبارەکانی لەمەڕ مردن (بەر لە سی ساڵ) کە بڕوای وابوو مرۆڤ دوای تەمەنی سی ساڵی بێنرخ دەبێ و ژیان بەهای نامێنێ، لە کاتی خۆیدا نەمدەزانی ئەم قسانە جارِدانێکی زوون بۆ خۆکوشتن، ئەوە بوو لە تەمەنی (٢٧) ساڵیدا خۆی کوشت، بە مەرگی برایەکەم ئازارێکی زۆرم چەشت تا ئەمڕۆکەش لە خۆم دەپرسم چی دەبوو ئەگەر خۆی نەکوشتبا و دەستی کردبا بە کاری سینەمایی.
چونکە زۆر شتی لە بارەی ئەم هونەرە دەزانی و لە ناوەندە سینەماییەکان زۆر نزیک بوو. بەڵام منجرش بوو.
دوای ساڵێک کارم لە سینەمادا کرد بە شرۆڤەیەکی ناسراو گەیشتم، کە وەک ئەکتەرێک پەدەبوو بە نواندنی فیلمی (کادگیرۆیا مامۆتۆ)من یاریدەدەری بووم سرنجی دامێیێە و گوتی: دەزانی تۆ لە برایەکەت دەچیت لە هەموو شتێکدا، بەڵام ئەو سروشتێکی نێگتیڤی هەبوو.... تۆ پۆزەتیڤ، زۆر لە یەکتر دەچن، سروشتی تۆ ڕووناکە، من پێمواید نەدەبوو بە کەسێکی ئیجابیە بەڵام ئەگەر کەسایەتی برایەکەم نێگتیڤ نەبوایە، چونکە وەک شرێتێکی سینەمایی وابوو کە لایەنە نێگەتیڤەکەی بێلایەنە پۆزەتیڤەکەی نابێ، پاش ماوەیەک دوای ئەوەی وەک یاریدەدەری دەرهێنەر کارم کرد، لەگەڵ مامۆستای دەرهێنەری مەزن (یاماسان)دەستم کرد بە کاری نووسینی سیناریۆکان و بەشداریم کرد بە نووسینی دوو سیناریۆ، لە یەکێک لە پێشبڕکێکان، دوو خەڵاتی یەکەم و دووەمم بردەوە و...
من زۆر پێویستم بە کاری دەرهێنان هەبوو، لە کاتێکدا کە بارودۆخی بەرهەمهێنانی سینەمایی ئاڵۆز بوو، بە دەرچوونی بڕیارێکی میلیتاری بۆ دانانی سنووورێک بۆ بەرهەمهێنانی سینەمایی لە ڕووی (چەند)ەوە و قەدەغەکردنی ئارمی ئیمپراتۆری لە فیلمەکاندا، بۆیە وەزارەتی ناوخۆ کاری کرد بۆ یەکخستنی گشت ئەو سیناریۆیانە، یەکەمجار چاکەکەیان دواتر خەراپەکەیان (ئەمە پلانێکە لە دژی شکۆیی دەوڵەمەند، ئەمە پرە لە دیمەنی

وروژاندنی سێکسی، هەروەها چەندین تاوانی دی....) کارمەندانی سانسۆری دەقەکان لە پەلیەکی بەرزی پۆشنبیریدا بوون، لە بەهرەمەندی و شارەزایی کە یاریدەی ئەوەیان دەدا پوحی داهێنان بکوژن، ئەم کارمەندانە زۆر شەکەتیان کردم، بەرەنگاریشم گرفتی زێتری بۆ دروست کردم، لە هەموو شتێکیشدا دەستیان کرد بە راونانم...

کۆرۆساوا لە بارەی یەکەم فیلمەوە دەڵێت:

دەستم کرد بە وێنەگرتنی (سانشیرۆ سوگا) کە دەبوا کامێراکاری خۆی بکات، منیش ئەوە پابگەیەنم.

- واگابە.... کامێرایە.

هەموو پرۆیان لە من کرد، مرۆڤ کاتێ یەکەم کادێری لە یەکەم وێنەدا دەگرێ گۆڕانکاری بەسەر دادێ، لەرزینەکەم بەشێنەیی کەم بووەوە و فیلمەکەش دەستی کرد بە سرنجڕاکێشانم، بەرەو دریژەدادرپییەکی بێپچڕان، منیش بەدوای دیمەنەکاندا دەچووم لەو فیلمەی کە وێنەمان دەگرت، شانشیرۆ لە هەوڵدانێکدا بوو چونکە بۆ مامۆستاکەی دەسەلمێنێ کە لە مامۆستاکەی ناترسێ بۆ سەرچاوەی ئاوێکی قووڵ خۆی هەڵدەدات، بە درێژایی شەویش لەوێدا دەمێنێتەوە تا ورەی دادەبەزێت، بەشێنەیی پوحی خاو دەبێتەوە.

(سانشیرۆ سۆگا)

کاتێ لە هەستم دەپرسن و کە وێنەی فیلمی یەکەمم چۆن گرت زۆر هەست بە بەختەوەری دەکەم، پتر لە (٣٠)فیلمم دەرهێناوە. سانیشرۆم خۆش ویست دەبوا جارێک پرووبەڕووی کارمەندانی سانسۆر ببوامەوە، لە ژاپۆن دەبێ هونەرمەند بکەوێتە ژێر ئەزمونەوە تا پۆلێن بکرێت، وەک دەرهێنەرێکی باش لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە پەزامەندی لەسەر بدرێ، ئەم تاقیکردنەوەیەش لە پسپۆرییەکانی وەزارتی ناوخۆوە بوو.

گەرەکم بوو لە ڕقا بتەقمەوە پاش ئەوەی بەڕاستی ویستم بە پراکتیزەکردنی بکەم کە تاقیکردنەوەکە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاسایش دەچوو لەگەڵ یەکێ لە تاوانباران، ڕابووم، ڕابووم بە گەرمی پیرۆزبایی دەرچوونم لێکرا. پاش ئەوەی کە کۆمپانیای ینەما فیلمەڕاشۆمۆنی خستە نێو بەرنامەی کاری خۆی دەستم کرد بە گەڕان بە شوێنەکانی وێنەگرتن.

بەڵام کۆمپانیا لە پێدانی ئاماژەی دەستپێکردن لە وێنەگرتنیدا نەدەگونجا، چونکە ناوئاخنەکەی ئاڵۆز بوو، ناونیشانەکەیش زۆر سرنجڕاکێش نەبوو، ڕاشۆمۆن دەروازەی شاری (هیان)ە ئەم دەرگایەش گەورەترین و جوانترین دەروازەی شارە، دەمانتوانی دیکۆرێکی مەزنی بۆ بکەین، ئەگەر کەمتەرخەمی کۆمپانیاکە نەبوایە لە پێداویستییەکانمان کەتەنها نێو دەروازەیان دروست کرد، لەگەڵ دەرکەوتنی سینەمای ئاخێوەر(ناتق)سینەمای بێدەنگمان لەبیر چووەوە.

بەپێی هۆیەکانی لۆژیکی لە بیر چووەوە و لەگەڵ قوڵی دەربڕی بیرنیەکانی ڕاشۆمۆن پرۆژەیەک بوو بۆ ئەزمونی گەرانەوە، بۆ سینەمای بێدەنگ لە فیستیڤاڵی ڤیەننادا فیلمی ڕاشۆمۆن بردییەوە و خەڵاتی (شێری زێرین)ی بە دەست هێنا. پاشان خەڵاتی چاکترین فیلمی بیانی وەرگرت لە لایەن ئەکادیمیای ئەمەریکی بۆ هونەری سینەمایی، بەڵام ئەوەی ئازاری دام ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەی ژاپۆنی بوو کە پێشوازی لەو سەرکەوتنەی ڕاشۆمۆن نەکرد بەو شانازییەی من پێشبینیم دەکرد، بەڵکو هۆیەکانی وەرگرتنی ئەو دوو خەڵاتەیان بۆ سروشتی پێوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەڕاندەوە. هەستم بەتاڵی کرد، ژاپۆنییەکان نرخی ئەوشتە نازانن کە ژاپۆنی بێ، لە کاتێکدا بەرامبەر هەر کارێکی بیانی ملکەچ دەبن، بەڵام ڕاشۆمۆن ئشەو دەروازەیە بوو کە لەوێوە بۆ جیهانی بەرفراوانی سینەما هاتمەدەر. کاتێکیش لەو یادەوە دەگەمە ئەو دەروازەیە حەز ناکەم پێیدا تێپەڕم. جا ئەگەر یەکێک بیهەوێ پاش ڕاشۆمۆن من بناسێ با تەماشای ئەو فیلمانە بکات کە پاش ڕاشۆمۆن دێن.

سەرچاوە:

- گۆڤاری — المجلە — ژمارە ٩٧٢ لە ١٩٩٨/١٠/٣



جەوهەری هونەر

ئالێن بادیۆ

وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی: عەلی حسەینی

باوکم هەمیشە ئەیوت،« ئێمە ئەبێ بە دەسپێکەوە دەست پێبکەین» . کەوابوو، من ئەم لێدوانەم دەربارەی جەوهەری هونەر بە دەسپێکەوە دەس پێئەکەم. بەڵام ئەم دەسپێکە چییە؟ وابزانم ئێمە مەجبوورین بە کۆنترین پرسەوە دەست پێبکەین _ پرسیاری بوون، پرسیاری بوون، وەکوو بوون، یان پرسیاری بوون لەبەر بوون. بوون چییە؟ کاتێک ئەڵێین شتێک هەیە دەمانهەوێ بڵێین چی، ئەمانهەوێ چی بگەیەنین؟ کاتێ ئەڵێین شتێک لە هونەر هەیە ...؟ بۆ نموونە، کاتێک ئەڵێین بەشێک لە هونەر خۆشییەکی ئەزەلییە دەمانهەوێ چ بڵێین، من بە جیاوازیی سەرەکیی نێوان سێ پلە لە چەمک و دەلالەتی هونەرەوە دەست پێئەکەم.

یەکەم، کاتێک ئەڵێم شتێک هەیە، تەنیا ئەڵێم ئەو شتە هەمە چەشنێتییەکی ڕووت یان مەحزە. شتێک هەیە و شتێک هەمە چەشنێتییە یەک ڕستەن. کەوابوو، ئەمە پلەیەک لە بوونە لەبەر بوون. بوون بە مانای ڕاستەقینەی وشە هەمە چەشنێتییەکی ڕووتە. بەڵام ئەندێشەی هەمە چەشنێتیی ڕووت لە ئەنجامدا ڕیازی یان بیرکارییە.

پلەی دووهەم ئەو کاتەیە کە لە مەوجوودبوونی شتێک ئەدوێین. لێرەدا پرسی وجوود وەکوو پرسیاری جیاوازی پرسی بوون بە مانای ڕاستەقینەی وشە خۆی دەرئەخات. کاتێ ئەڵێین شتێک وجوودی هەیە لە هەمە چەشنێتیی ڕووت نادوێین. ئێمە لە شتێک ئەدوێین کە لێرەیە، لە عالەمێک دایە. کە وابوو وجوود بەڕاستی لە عالەمێکدا هەیە، هەنووکە هەیە یان، ئەگەر دەرکەوتنمان قەبووڵ بێت، لە ڕاستیدا وجوود لە دۆخێکی کۆنکرێت و بەرهەستا دەر ئەکەوێت. کەوابوو شتێک وجوودی هەیە.

سەرئەنجام، پلەی سێهەم ئەو کاتەیە کە لە ڕوودانی شتێک ئەدوێین. کاتێ ئەڵێین شتێک ڕوو ئەدات تەنیا لە هەمە چەشنێییەکەی نادوێین _ هەمە چەشنێتیەکی ڕووت، تەنیا ئەوەش ناگەیەنین کە ئەوە شتێکە لە عالەمێکدا _ شتێک کە ئێستاکە وجوودی هەیە. شتێک ڕوو ئەدات یانی شتێک وەکوو بەشێکە لە درێژەی (پیوستار) جیهان، شتێک کە تازەیە، شتێک کە بزر ئەبێت _ شتێک کە دەر ئەکەوێت، بەڵام بزر ئەبێت. چونکوو ڕووداو ئەو کاتە دێتە دی کە دەرکەوتن ڕێک وەکوو بزربوونە.

بەڵام کەوابوو ئێمە مەجبوورین لە پێوەندیی نێوان سێ پلەکە تێبگەین؛ پێوەندیی نێوان بوون لەبەر بوون (هەمە چەشنێتیی ڕووت)، وجوود (هەمە چەشنێتی بەڵام لە عالەمێکدا، هەر ئێستا کە)، هەروەها ڕووداو یان ڕوودان. بەم شێوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە لە دۆخێکی بەرهەستا ئێمە، سەرئەنجام دوو تێرم یان دوو دەستەواژەمان هەیە: یەکەم، عالەمێک، دۆخێکی هەمەگیر _ شتێک لەو شوێنەی هەموو شتێک هەیە؛ پاشان، ڕووداوێک، جاروبار، ڕووداوێک _ ئەویش ئەو شتەیە کە بۆ ئەم جیهانە ڕوو ئەدات، نە لەم جیهانەدا، بەڵکوو لەبەر ئەم جیهانە. من سوبژە بە پێوەندیی نێوان ڕووداوێک و جیهان ناو دەبەم. سوبژە دروست ئەو شتەیە کە ڕوو ئەدات کاتێ ئێمە داهێنانێک؛ پرۆسەیەکی نوێ، یان ڕوودانی شتێکمان وەکوو ئەنجامی ڕووداو لە عالەمێکدا هەیە. بەم شێوە شتێک وەکوو ئەوەمان هەیە. ئەمە شتێکە وەکوو خۆپێشاندان ...

حەقیقەت ئەوەیە کە پێوەندی، پێوەندیی نێوان ڕووداوێک و جیهان ناتوانێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ بێت. بۆچی؟ چونکوو لە لایەکەوە ڕووداوەکە بزر ئەبێت و کۆتایی پێدێت، لە لایەکی ترەوە ئێمە هەرگیز لەگەڵ گشتێتیی جیهان ناتوانین پێوەندیمان هەبێت. کەوابوو کاتێ ئەڵێم سوبژە پێوەندیی نێوان ڕووداوێک و جیهانە مەجبوورین وەکوو پێوەندیی ناڕاستەوخۆی بڕێک لە ڕووداوەکە و بڕێک لە جیهان لێی تێبگەین. سەرئەنجام پێوەندی، پێوەندیی نێوان پاڕ (نیشانەی شتێک وەکوو بەشێک لەو شتە) و گشتە. من نیشانە بەوە ئەزانم کە پاش بزربوونی ڕووداو لە جیهاندا هەیە. ئەوە بەشێک لە ڕووداوەکەیە نە خودی ڕووداوەکە؛ ئەوە نیشانەیە، ئاسەوارە، عەلامەتە. لە لایەکی ترەوە پشتیوان و ساپۆرتی سوبژە - هەمان واقعییەتی سوبژە لە جیهاندا - لای من گشت یان بەشێکی سەرەکیی نوێیە. کەوابوو ئەتوانین بڵێین سوبژە هەمیشە پێوەندییەکی نوێیە لە نێوان پاڕ و گشتا. ئەمە لە عالەمێکدا تەعبیرە، لە گشتێکی نوێ، و لە بەربڵاوبوونی ئیختیار - هێنانە ئارای پاڕ یان نیشانە؛ و پرۆسەی پێوەندیی نێوان پاڕوگشت، لە ڕاستیدا، بابەتێکی نوێیە.

کەوابوو کاتێک لە جەوهەری هونەر ئەدوێین لە زۆر شت ئەدوێین. یەکەم، جیهانی هونەری چییە؟ ئەو جیهانەی کە تایبەت بە داهێنانی هونەرییە کامەیە؟ ئەوە جیهانی ئاسایی نییە. جیهانێکە تایبەت بە داهێنانی هونەری ... کەوابوو ئەمە یەکەم پرسیارە. پرسیاری دووهەم ئەوەیە - ڕووداوێکی هونەری یان هونەرمەندانە چییە؟ سەرسووڕهێنەری و غەرابەتی نوێ لە گەشەپێدان بە جیهانی هونەر چییە؟

سێهەم، نیشانە چییە؟ نیشانەی ڕووداوێک لە گۆڕەپانێکی هونەریدا چییە؟ لە کۆتاییدا - ساختاری گشتی نوێی هونەر چییە؟

بەڵام پێش لە هەمووی ئەوانە من ئەمەوێ بە چەن نموونەیەک پرسی سوبژە وەکوو پێوەندیی نێوان نیشانەی ڕووداوێک و ساختاری گشت لە دونیایەکی کۆنکرێت یان بەرهەستا ڕوون کەمەوە. بەڵام ئەمەوێ ئاوڕێک لە دۆخی ئەوڕۆمان بدەمەوە - لە دونیای ئەوڕۆمان - چونکوو پێموایە ئەوڕۆکە

دوو پارادایمی زەینی هەیە.

ئەتوانم ئەوە پێشنیار کەم کە دۆخی کۆنکرێتی جیهانی ئەورۆمان شتێکە وەکوو شەڕی نێوان دوو پارادایمی زەینی، دوو نۆڕم لەو شتەی کە سوبژەیە. یەکەم پارادایم، فەلسەفەی تەواو ماتریالیستی و یەکخوازی سوبژەیە. سەرئەنجام، فەلسەفەی یەکخوازی سوبژە چییە؟ ئاشکرایە کە جیاوازیی نییە، جیاوازییەکی ڕاستەقینە لە نێوان سوبژە و گشتا نییە. بۆ ئاماژەی زۆرتر من بە نموودار (drawing figure) نیشانی ئەدەم... . لە یەکەم پارادایما... سوبژە شتێکە کە لە ئەنجامدا بە تەواوی لەگەڵ گشتا یەکسان دەکرێ. کەوابوو داهێنانی زەینی چەشنە پارادایمێکە کە تەنیا تاقیکردنەوەی سنوورەکانی گشتە. سوبژە شتێکە وەکوو ئەزموونی سنووردارێتییە سەرەکییەکانی خۆی، ئەزموونێک کۆتامەندی، ئەزموونێک لە بەرتەسکییەکانی یەکیەتیی کۆنکرێت و بەرهەستی گشت. بەڵام سنووردارێتیی گشت چییە، سنووردارێتیی گشتێکی زیندوو؟ گەورەترین سنووردارێتیی گشتێکی زیندوو مەرگە. کەوابوو ئەتوانین بڵێین لە فۆرمی پارادایمی زەینیدا سوبژە تاقیکردنەوەی مەرگە وەکوو دواییین بەرتەسکبوونی گشت. من ڕام وایە، بۆ نموونە، شتێک وەکوو ئەوە لە فۆرمی تۆندرەو و ئیفراتیی هونەری گشتا هەیە.

هونەری گشت تاقیکردنەوەیە، تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆی بەرتەسکییەکانی گشت وەکوو شیکردنەوە و ڕاڤەی خودی گشت. بەڵام، لە ڕاستیدا، بەرتەسکبوونی بنەبڕ و ڕەهای شتێک وەکوو هونەری گشت تاقیکردنەوەی مەرگە بە مانای ڕاستەقینەی وشە؛ تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە و دواییین تاقیکردنەوە لە گۆڕەپانی هونەری گشتا ئەتوانێ خۆکوژی بێت لە بەر دەمی جەماوەرا. ئەوە بڕیارێکی فەلسەفییە، چونکوو زۆر لەوە بەر هایدیگەر وتی سوبژە (Dasein) سوبژەیەکە کە مەرگی لە ڕێیە. بەگشتی، ئەتوانم پارادایمی زەینی وەک شتێک وەکوو تاقیکردنەوەی سنووردارێتییەکانی گشت ناو بەرم، شتێک وەکوو لەزەت، چونکوو لەزەت بە تاقیکردنەوەی مەرگ لە ژیانا ناو دەبرێت، تاقیکردنەوەی شتە زەبەلاحەکە (das Ding) وەکوو مەرگ لە خودی ژیانا. کەوابوو ئەتوانین بڵێین یەکەم پارادایمی زەینییەت لە جیهانی ئێمەدا ئەو پارادایمەیە کە لە زەینییەتی لەزەت هەیە. بەڵام لە لەزەتا ئێمە مەجبوورین وشەی Jouissanceی فەڕانسی ببیسین ــ کە ئەویش هەمان وشەیە. لەزەت تاقیکردنەوەی مەرگە لە ژیانا لەگەڵ تاقیکردنەوەی بەرتەسکییەکانی گشت. کەوابوو ئاسایییە کە لەزەت شتێکە لەو پەڕی خۆشی دایە چونکوو لەزەت تاقیکردنەوەی سنووردارێتیی گشتە کە ئەم سنووردارێتییەش لە قەڵافەتی مەرگا خۆی ئەنوێنی. کەوابوو ئەتوانین بڵێین کە جۆری زەینییەت، یان پارادایمی زەینییەت بابەت یان سووژەیەکە بۆ لەزەت. من وا بزانم ئەوە پارادایمی ئەورۆی ڕۆژئاوایە، لە ڕاستیدا، پارادایمی ئێمەیە ــ سوبژە بۆ لەزەت و تاقیکردنەوەی سنووردارێتییەکانی گشت.

دووهەم پارادایم، فەلسەفەیەکی ئایدیالیستی، تیۆلۆژیکی، میتافیزیکییە لە سوبژە. لێرەدا سوبژە ئەتوانێ بەتەواوی لە گشتەکەی خۆی جیاواز بێت. لە یەکەم پارادایمدا سوبژە سەرئەنجام خودی گشتە. لە دووهەم پارادایمدا، سوبژە بەتەواوی لە گشتەکەی خۆی جیاوازە، لێرەدا سوبژە لەگەڵ ئەو بابەتەی کە بۆ لەزەتە، جیاوازە، زیندووکردنەوەی ئارەزووی قوول و بنەڕەتیی جیاوازبوون، ئارەزووی جیاوازبوونی سوبژە لە گشت یان بەشی سەرەکیی خۆی. مەبەست دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە ـ لە ژیاندا، لە کردەوەدا ـ کە گشت تەنیا ئامێزی جیاکردنەوەی نوێیە. ئێوە وا ئەزانن، ئەوە تاقیکردنەوەی مەرگ لە ژیاندا نییە وەکوو لەزەت، بەڵام قەبوولکردنی ژیانێکی زەینیی نوێیە بە کەڵکوەرگرتن لە خودی مەرگ. کەوابوو ئەتوانین بڵێین کە ئەو جۆرە پارادایمە زەینییە ئەزموونی ژیانە لە مەرگا، کە لە بەرانبەری ئەزموونی مەرگ لە ژیانا دادەنرێ. ئەتوانین ئەو جۆرە ئەزموونە زەینییەی ژیان لە مەرگا بە قوربانی ناو بەرین.

جیهانی هاوچەرخ جەنگی نێوان لەزەت و قوربانییە. شەڕی دژی تیرۆریزمیش، لە ئەنجامدا شەڕی نێوان لەزەت و قوربانییە. بەڵام لەم جەنگەدا شتێکی هاوبەش هەیە. شتێکی هاوبەش لە نێوان دوو پارادایمەکەدا هەیە. چی لە نێوان لەزەت و قوربانیدا هاوبەشە، بێگومان، ئەوەی هاوبەشە هێزی مەرگە، هێزی مەرگ وەکوو تاقیکردنەوەی سنووردارێتییەکانی گشت لە لایەکەوە و تاقیکردنەوەی مەرگ وەکوو چەمک و مانای ژیانێکی نوێ لە لایەکی دیکەوە. کەوابوو بە شەڕی نێوان لەزەت و قوربانییەوە، ئێمە لە ئەنجامدا لەگەڵ هێزی مەرگ ڕووبەڕوو ئەبینەوە. لەو چەشنە شەڕەدا شوێنێکی ڕاستەقینە بۆ داهێنانی هونەری نییە ـ من لەم حەقیقەتە ئەرخایەنم ــ شوێنێکی ڕاستەقینە بۆ داهێنانی هونەری نە لە لایان هێزی مەرگ وەکوو لەزەت نە لە لایەن هێزی مەرگ وەکوو قوربانییەوە، نییە. دەرفەتێکی واقعی بۆ داهێنانی هونەری نییە. کەوابوو ئێمە مەجبوورین ئەگەری سێهەم وەدۆزین، پارادایمی سێهەم. بەم پێیە ئەتوانین شتێک وەکوو پارادایمێکی زەینیی نوێ کە لە دەرەوەی هێزی مەرگە، پێشنیار کەین ـ کە نە لەزەتە (خۆشییە لەو پەڕی خۆشی و بەرتەسکییەکانی گشتا) نە ڕازیبوون بە قوربانییە (کە ئەویش لەزەتە لە جیهانێکی دیکەدا، ئەگەرێتەوە بۆ خۆشی لەو پەڕی کوێرەوەریدا). ئێمە ئەتوانین بڵێین ـ نە، خۆشی لەو پەڕی خۆشیدا و نە، خۆشی لەو پەڕی کوێرەوەریدا، نە لەزەت و نە قوربانی. لە چوارچێوەیەکی تیۆرێکی تردا ئەتوانین شتێک وەکوو ئەوە بڵێین.

سێ ئەگەری پێوەندیی نێوان سوبژەیەک و گشت یان بەشە سەرەکییەکەی هەیە. سێ ئەگەر. کەوابوو، ئێمە بۆ پارادایمێکی زەینیی سێ ئەگەرمان هەیە. یەکەمیان ـ ڕوو لە کەمی (تقلیلپزیری). ڕوو لە کەمبوون. سوبژە ئەتوانێ ڕەوتێکی ڕوو لە کەمبوونەوەی بۆ لای گشتەکەیەوە هەبێت. لەو حاڵەتەدا، ئەتوانین بڵێین سوبژە خاوەنی شوناسێکی ناونشینە، شوناسێکی ناونشین چونکوو جیابوونەوەیەک نییە، بەڵام جیاوازی و ناسینەوەیەکی تەواو لە نێوان ڕەوتی سوبژە و درستبوونی گشتەکەیدا هەیە. لە وەها حاڵەتێکا نۆڕم ـ دواییین نۆڕم، لەزەتە، تاقیکردنەوەی مەرگە لە ژیانا.

دووهەمیان جیابوونەوەیە . جیابوونەوە ... سوبژە ئەتوانێ بەتەواوی لە گشت یان بەشە سەرەکییەکەی جیا بێتەوە . لەو حاڵەتەدا، جیاوازیی بەرزەجێ لە ئارادا هەیە، جیاوازیی بەرزەجێ، چونکوو سوبژە خۆی لە جیهانێکی بەرزەجێدا، تاقی ئەکاتەوە نە لە قوربانیبوونی جیهانە تایبەتەکەی خۆیدا . سێهەمین ئەگەرێک کە پێشنیاری ئەکەم شتێکە وەکوو جیاوازییەکی ناونشین، نەک شوناسێکی ناونشین ، نەک جیاوازییەکی بەرزەجێ، بەڵکوو جیاوازییەکی ناونشین. لە وەها حاڵەتێکا، سوبژە بەرەو گشتەکەی کورت نابێتەوە، کەوابوو شتێک وەکوو ڕەوتێکی زەینیی سەربەخۆ لە ئارادایە . لەم حاڵەتەدا داهێنانێک هەیە، کە لە ڕاستیدا بۆ تاقیکردنەوەی سنووردارێتییەکانی گشت کورت نابێتەوە . بەڵام ئەوەیکە جیابوونەوەیەک لە نێوان سوبژە و گشتەکەیدا هەبێت، ئەگەرە . کەوابوو نە جیاوازی هەیە و نە کەمبوونەوە (تقلیل پزیری). ئەوە دۆخی سوبژەیە کە ئێمە ئەتوانین وەکوو پرۆسەی داهێنان، پرۆسەی بەرهەمهێنان، پرۆسەیەک کە لە ڕاستیدا پێوەندیی نێوان نیشانەی ڕووداوێک و ساختاری گشتێکی نوێ لە جیهاندا ڕێ ئەخا، بیناسین. کەوابوو ئێمە مەجبوورین شتێک بدۆزینەوە کە لە بواری شەڕی هاوچەرخی نێوان لەزەت و قوربانیدا نییە . من وابزانم ئەمڕۆ ئەمە مەسئەلەی جەوهەری هونەرە - دۆزینەوەی شتێک وەکوو پاڕادایمێکی زەینیی نوێ، کە لە دەرەوەی شەڕی هاوچەرخی نێوان لەزەت و قوربانی دایە . ئێمە بۆ ڕێخستنی ئەم پاڕادایمە زەینییە نوێیە، کێشە و کۆسپی زۆرمان هەیە - پاڕادایمێکی نوێ کە بۆمان دەرخات چۆن گشتێکی نوێ لەگەڵ ڕەوتێکی زەینیدا بێجیابوونەوە و ناسینەوە و جیاوازی خۆی ڕێ ئەخات. کەوابوو ئێمە ئەبێ لە سەر بڕوای خۆمان دەربارەی دووربوونی نیشانەی ڕووداو و ساختاری گشت لە یەکتری سوور بین.

لێرەدا نیشان ئەدەم چۆن بۆ لەدەسچووی خۆم تەقالا ئەدەم کە، وێدەچێ ئێوە بزانن چییە، بە خاوەنبوونی پاڕادایمێکی زەینیی نوێیە . من پاڕادایمێکی زەینیی نوێم دەوێ. بەم پێیە ئەگەر سوبژە لەگەڵ گشتەکەیدا بەتەواوی یەک شوناسیان هەبێ ئێوە ئەتوانن بەوە بزانن کە جیاوازییەکی ڕاستەقینە، لە نێوان پاڕ ۆ گشتا نیە . کەوابوو، لە ئەنجامدا، سوبژە بێکەم و زیاد لە جیهاندا هەیە . ئەگەر جیاوازییەکی تەواو لە نێوان سوبژە و گشتا هەبێ، سوبژە بەتەواوی ئەکەوێتە لای نیشانە (پاژە)وە، کەوابوو ڕەگی ئەمە لە ناسەربەخۆیی ڕووداو دایە . هەڵبەت ڕووداو بە مانا ڕەهاکەی، ڕووداوێک کە لە دەرەوەی جیهان دایە . کەوابوو لە لایەکەوە سوبژە بەتەواوی لە جیهان دایە و تاقیکردنەوەی سنووردارێتیی و بەرتەسکێتیی جیهانە، و لە لایەکی دیکەشەوە بەتەواوی لە دەرەوەی جیهان دایە و ئەکەوێتە لای شتێک لە چەشنی ڕووداوێکی ڕەها یان هاوسەنگی شتێکە وەک ڕووداوێکی ڕەها یان شتێک کە لە قەڵافەتی خوای دەستکرددا خۆی دەنوێنی، وەکوو خوای دەستکردە . تێئەگەن؟ کەوابوو لەم دوو پاڕادایمە زەینییەی شەڕی هاوچەرخا، ئێمە پرۆسەی زەینی وەکوو دۆخێکی تەواو ناونشین و جیاواز لەگەڵ جیهان دەبینین، یان لەگەڵ ڕووداوی ڕەهای ڕادیکاڵدا بەتەواوی جیابۆتەوە و جیاوازییەکی ڕەبەقی هەیە . ئەتوانین بەوە بزانین لە هەر دوو پاڕادایمەکەدا ئێمە ناتوانین شتێک وەکوو پرۆسەی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنانمان بە بێتاقیکردنەوەی سنووردارەکانی مەرگ لە ژیانی جیهاندا ببێت، یان ناتوانین شتێک وەکوو بەرزەجێیی و وردەی ئایینیمان هەبێت. کەوابوو مەسئەلەی جەوهەری هونەر لە ڕاستیدا پاراستنی جیاوازیی نێوان گشت لە لایەکەوە و نیشانەی ڕووداو لە لایەکی دیکەوەیە . بەم پێیە، وابزانم، ئێمە مەجبوورین پێنج مەسئەلە چارەسەر کەین. ئەمە تەنیا پێوەرێکە بۆ نیشاندانی سایزی بابەتەکە، وتنی پێنج مەسئەلەم مەبەستە .

یەکەمیان: مەسئەلەی یەکەمیان - ئەگەر بە ڕاستی پرۆسەی زەینی وەکوو پرۆسەی داهێنان ماوەی (هەڵبەت ماوەی ناجیاواز) نێوان پاڕ و گشتە ئێمە مەجبوورین ڕووداو وەکوو شتێکی موسبەت و ئیجابی تەعبیر کەین نەک وەک شتێکی تەواو بزربوو و بەرزەجێ. ئەگەر بەڕاستی نیشانەی ڕووداو لە سروشت و ناخی سوبژە دایە، بەڵام بۆ لای گشت کورت نابێتەوە، ئێمە مەجبوورین تێبگەین کە ڕووداو، ڕووداوێکی ڕاستەقینە شتێکی موسبەتە . ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە چونکوو بێگومان چەشنێک لە بزربوونی ڕووداوە و ڕووداویش شتێکی شەقکراوە، برگەیەکە لە قانوونی جیهان. کەوابوو لە ڕووداوی ڕاستەقینەدا پێوەندیی نێوان بواری مەنفی - دابڕان و بنبەست، شەق و درز، دابەش بوون، و ئەو زەرووڕەتە ئیجابییەی کە لە ڕاستیدا پەهانەبوون و ناڕاستەقینەبوونی ڕووداو دێنێتە ئاراوە، چ پێوەندییەکە؟ بەم پێیە ئێمە ئەبێ ڕووداو، بۆ نموونە، ڕووداوی هونەری، لە چەشنی شتێ وەک کەلەبەر و شەقێکی موسبەت چاو لێبکەین. ئەوە یەکەم مەسئەلەیە .


مەسئەلەی دووهەم سروشتی ڕاستەقینەی نیشانەیە - نیشانەی ڕووداو بەو مەرجە، ڕووداو شتێک بێ لە چەشنی کەلەبەر یان شەقێکی موسبەت. نیشانە چییە؟ ئەوە جیاوازییەکی زۆر ئاڵۆزە چونکوو نیشانە دەبێ لە جیهاندا بێت. ڕووداو بەتەواوی لە جیهاندا نییە، بەڵام نیشانە دەبێ لە جیهاندا هەبێت. کەوابوو، نیشانە چییە؟ نیشانەی ڕاستەقینە چییە، کە لە جیهان دایە و لەگەڵ ڕووداویش وەک شەق و کەلەبەرێکی موسبەت لە پێوەندی دایە؟ ئەوە مەسئەلەی گەورەی دووهەمە .

سێهەم پرس ئەوەیە - سروشتی گشتێکی نوێ چۆنە یان بڵێین قوڕی گشتێکی نوێ لە چی شێلدراوە؟ چونکوو بە شێوەیەکی ئاسایی ئێمە لە کەشی پرۆسەیەکی زەینی داین شتێ وەکوو گشتێکی نوێ. تەنیا گشتێکی نوێ ئەو ئامادەییەی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ نیشانەی ڕووداودا دەستێکی نوێی لە داهێنانداا هەبێت. نیشانەی ڕووداو ڕەوتێکی ڕوو لە کەمبوونی بۆ لای گشتەوە نییە، گشتیش ڕەوتێکی ڕوو لە کەمبوونی بەرەو جیهان نییە. ئەگەر پرۆسەی زەینی بە ڕاستی لە نێوان پاڕ و گشتا هەبێت، ئێمە مەجبوورین ساختاری گشت وەکوو گشتێکی نوێ تەعبیر کەین چونکوو ئەگەر گشت نوێ نەبێت بێ کەم و زیاد لە جیهاندا هەیە و لە پێوەندییدا نییە، لە پێوەندیی تەواو لەگەڵ نیشانەی ڕووداو وەکوو برگەیەکی موسبەت لەویەری جیهاندا نییە . کەوابوو پرسی سێهەم - گشتی نوێ لە جیهاندا چییە؟ سروشت و ساختی نوێی هەمە چەشنێتی چییە؟ ئەو شتەی کە

بەڕاستی ساپۆرتی پرۆسەی زەینییە، هەروەها ساپۆرتی نیشانەیشە، چییە؟ ئەوە سێهەم مەسئەلەیە.
چوارەم مەسئەلە، مەسئەلەی ئەنجامەکانە. ئێمە گشتێکی نوێمان هەیە. ئێمە لەگەڵ نیشانەی ڕووداو پێوەندیمان هەیە، کەوابوو شتێکمان هەیە کە داهێنانێکی ماتریالیستییە، پرۆسەی داهێنانی ماتریالیستیی شتێکی نوێمان هەیە. ئەنجامی هەموو ئەوانە چییە و ئێمە چۆن ئەتوانین دیسپلین و نەزمی ئەنجامەکانمان هەبێت؟ چونکوو بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەگەر لە پرۆسەی زەینیدا شتێکی نوێ هەیە ئێمە مەجبوورین ئاوێتەیی و یەکبوون لەگەڵ گشتێکی نوێ و هەروەها دیسپلینی ئەنجامەکان، دیسپلینی پراکتیکاڵی ئەنجامەکانی گشتێکی نوێ، قەبوڵ کەین.
دواییں مەسئەلە دوزینەوەی شتێکە وەکوو ناکۆتاییەیەکی ناونشین، چونکوو ئەگەر پرۆسەی زەینی شتێکە وەکوو داهێنانێکی تازە لە جیهانداً ئێمە لەگەڵ ناکوتایی ئەنجامەکان ڕووبەڕووین. ناتوانین بە شێوەیەکی دروست و ڕوون، سنووورەکان تاقی کەینەوە. لە یەکەم پاڕادایمدا کە تاقیکردنەوەی سنووورەکانە، نین. لە حەقیقەتدا، سنووورێک نییە. بە شێوەیەکی بیلقووە - (دیلۆز وتەنی) تا ڕادەیەک - ئێمە ناکۆتایی ئەنجامەکانمان هەیە. بەڵام ئەم ناکۆتاییەیە، ناکۆتاییەیەکی بەرزەجێ نییە، ناکۆتاییەیەکی ناونشینە. ناکۆتایی خودی گشتە لە پێوەندی لەگەڵ نیشانەدا. کەوابوو ئێمە ئەبێ لە جیاوازیی نێوان ناکۆتایی ناونشین و بەرزەجێ تێبگەین.
کەوابوو پێنج مەسئەلەکەمان ئەمانەن: ڕووداو وەکوو بڕگەیەکی موسبەت، نیشانەی ڕووداو بەڕاستی ئەبێ چ بێت؟، ساختاری جیهانیی گشتێکی نوێ، بە مانای چییە؟ چۆن ئەتوانین دیسپلین و نەزمی ئەنجامەکان قەبوڵ کەین؟، و ناکۆتایی ناونشین چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە ئەبێ چارەسەری کەین تا بتوانین شتێک دەربارەی بابەتی هونەر بڵێین.
کەوابوو من ئەبێ پێنج مەسئەلە چارەسەر کەم. یان شتێک دەربارەی ئەگەری چارەسەرکردنی پێنج مەسئەلەکە بڵێم، بەڵام لە بواری هونەردا، نە بەگشتی - نە بەگشتی لەو ڕووەوە کە پرسەکە موتڵەقە ... هەموو چەشنە پرۆسەیەکی زەینی ئەگرێتەوە. بەڵام پرسیارێ کە لە بواری هونەریدا دێتە گۆڕێ چییە؟ یەکەم، ئێمە ئەبێ نیشان بدەین دونیایەکی هونەرمەندانە چییە. دونیایەکی هونەری چییە؟ شتێک وەک ئەوە یەکەم پرسیارمانە، پرسیاری سەرەتاییمانە. پێشنیاری من ئەوەیە جیهان، جیهانی هونەرییە، دۆخێکی هونەرییە، ئەو جیهانە هونەرییەی کە پێوەندیی نێوان ئامادەییەکی چاڤۆتیک لە ناسکەەستی و ئەو شتەی کە وەکوو فۆرم قەبوڵ کراوە، بە ئێمە پێشنیار دەکات. کەوابوو دۆخێکی هونەری، بە گشتی، هەمیشە شتێکە وەکوو پێوەندیی نێوان ئامادەییەکی چاڤۆتیک لە ناسکەەستی بەگشتی (ئەو شتەی بە شێوەی جسمی خۆی دەر ئەخات، ئەو شتەی بە شێوەی بیساری خۆی دەر ئەخات، ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی) و ئەو شتەی کە فۆرمە. کەوابوو جیهانێکی هونەری) پێوەندیی نێوان ناسکەەستی و فۆرمە). بەم پێیە لە ئەنجامدا بابەتێکە لە نێوان بڕگەی ناسکەەستی، لە نێوان ئەو شتەی فۆرمالیزمە - ئەوەی کە وەک ناسکەەستی ئەناسرێ و دەرئەکەوێ - و ئەوەی ناتوانێ لە قەڵافەتی ناسکەەستیدا دەرکەوێ. کەوابوو شتێکە وەک ئەوە. (کێشانی نوانە) Sensibility Sواتە ناسکەەستییە، F فۆرمە، کەوابوو فۆرمۆلی گشتی بۆ جیهانێکی هونەری، ئەو ناسکەەستییەیە کە پێوەندیی نێوان ئەوەی کە فۆرمە و ئەوەی فۆرم نییە تێی دایە. کەوابوو زۆر سانا شتێک وەکوو ئەوەیە. بەم پێیە کاتێ تاقیکردنەوەی وەها چەشنێک لە پێوەندیمان لە نێوان ناسکەەستی و فۆرما هەبێ، شتێک وەکوو دۆخێکی هونەریی ئاسایی یان گشتیمان هەیە. ئەمە وەسفێکی تەواو دەرهەستە، بەڵام ئێوە ئەتوانن چۆنیەتیی ئەو وەسفە هەست پێبکەن. کەوابوو، ئەگەر ئامانژە بدەن، حاڵەت و کاروبارەکانی دونیای هونەر هەمیشە پێوەندییەکە لە نێوان شتێک وەکوو ناسکەەستیی چاڤۆتیک بە گشتی و جیاوازی، هەڵبەت ئەو جیاوازییەی کە گۆڕایە، لە نێوان فۆرم و نافۆرما، یان شتێکە وەک ئەوە. بەم پێیە ئێمە دۆخێکی هونەری تاقی ئەکەینەوە کاتێ شتێک لە پێوەندیی نێوان ناسکەەستی، فۆرم، و نافۆرما تاقی ئەکەینەوە.
بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ڕووداوی هونەری چییە؟ فۆرمۆلی گشتی بۆ ڕووداوی هونەری چییە؟ بەگشتی، ئەتوانین بڵێین ڕووداوێکی هونەری، ڕووداوێکی ڕاستەقینەی هونەری گۆڕانە لە فۆرمۆلی جیهاندا. کەوابوو ڕووداوی هونەری گواستنەوەی بنەڕەتیی ئەو چەشنە فۆرمۆلەیە. کەوابوو بە باوبوون و وەگەڕکەوتنی شتێکە، کە نەبووە. بە فۆرمبوونی شتێکە لەوە پێش فۆرم نەبووە. بەم پێیە وەها شتێک ڕەوتێکی نوێ لە ناسکەەستیی چاڤۆتیکە. ئامادەیی نوێی پێوەندیی ناونشینی نێوان ناسکەەستیی چاڤۆتیک و فۆرمۆلبەندییە. ئێمە ئەتوانین وەها شتێکمان هەبێت، کە ئەگەر ئێوەیش هاوڕا بن، ڕووداوە - ڕووداوی هونەرییە وەکوو بڕگە یان شەقێکی موسبەت. (کێشانی نوانە) ئەمجارە S هەمیشە Sensibility یان ناسکەەستییە، F فۆرمە و F۱ قەوارەی نوێی فۆرمۆلبەندییە. کەوابوو شتێک وەکوو ئەوەتان هەیە کاتێ ڕووداوێکی هونەریتان هەبێت. ناسکەەستی بە شێوەیەکی نوێ دێتە ئاراوە، چونکوو ئەو شتەی کە نافۆرم بوو - ئەمە بە مانای ئینکارو بەڕەڕچدانەوەیە، شملّی بەڕەڕچدانەوەیە، یانی بەڕەڕچدانەوەشمان هەیە؟ - ئەو شتەی کە نافۆرم بوو، یان فۆرمۆلبەندینەکراو بوو وەکوو فۆرمێکی نوێ قەبوڵ دەکرێ. بەم پێیە لێرەدا ئێمە گۆڕانی نافۆرم بۆ ئەو شتەی کە فورمالیزمە دەبینین و بڕگە یان بەشی جیاکراوەش لەگەڵ بەڕەڕچدانەوەی نوێی فورم هاوهەنگاوە، کە ئەم ئینکار و بەڕەڕچدانەوە، بەڕەڕچدانەوەی F۱ە. کەوابوو ئەمە بێکەم و زیاد فۆرمی گشتی یان ئاسایی ڕووداوێکی هونەرییە وەکوو بڕگەیەکی موسبەت یان ئافیرمەتیڤ.
وەها شتێک بۆچی بڕگە یان جیاکراوەیەکی موسبەتە؟ بەشێکی جیاکراوەیە، چونکوو ئێمە هەمیشە پێوەندیی نێوان فۆرمی موسبەت و مەنفیمان هەیە. فۆرمالیست چییە؟ چی بە فۆرم دەناسرێ و چی بە فۆرم ناناسرێ. کەوابوو ئەوە لە ناسکەەستیی چاڤۆتیکدا بڕگە یان بەشێکی جیاکراوەیە

لە نێوان فۆڕم و نافۆڕمدا، بەڵام ئەوە ڕوالەتێکی نوێ لە بڕگەیە، بڕگەی موسبەت، چونکوو ئەو شتەی کە لەوە پێش نەفی دەکرا، ئێستە قەبووڵ کراوە. ئەو شتەی کە فۆڕم نەبوو، بووە بە شتێ وەکوو فۆڕم. کەوابوو بەڕاستی لە کەشوهەوای ڕووداوێکی هونەری داین. شتێکی ... بەم پێیە ئایدیای ئافیرمەتیڤ یان موسبەتی بڕگە ئەو کاتە دێتە نێوانەوە کە ئەو شتەی کە لەوە پێش نەفی دەکرا، بەشێک بوو لە نائەگەرێکی فۆڕمالیست، بووە بە ئەگەرێکی موسبەت. کەوابوو ئەتوانین بڵێین لە بواری داهێنانی هونەریدا، بڕگەی موسبەت لە ئەنجامدا شتێکە وەکوو قەڵافەتێکی نوێ لە نێوان ئەو شتەی فۆڕمە و ئەو شتەی فۆڕم نییە. گۆڕان بۆ فۆڕمی پۆزەتیڤی شتێک کە لەوە پێش فۆڕم نەبوو لایەنی موسبەتی ڕووداوێکی هونەرییە. گشت چییە؟ ساختاری گشتی نوێ چییە؟ گشتێکی نوێ لە بواری هونەریدا شتێکە وەکوو داهێنانێکی بەرهەستی واقیعی - کارێکی هونەری، کردەوەکان، هەموو ئەو شتەی ئێوە ئەتانەوێ بەڵام داهێنانێک کە لەگەڵ نیشانەی ڕووداو لە پێوەندیدا بێت. نیشانەی ڕووداو شتێکە وەکوو ئەوە، ئاشکرایە هەمیشە شتێک هەیە کە فۆڕم بێت، بایخی کاری هونەرییش هەمیشە شتێکی نوێی لێ هەڵئەوەرێ - بەڵێ ئەوەیە نیشانەی ڕووداو. نیشانەی ڕووداو یان تەریس شتێکە وەکوو مانیفێست، ئەگەر لەگەڵمان هاوڕا بن، با بڵێین شتێکە وەک ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەی نوێ، ئەو شتەی کە ئەڵێ، «ئەمە فۆڕم نەبوو و لە ڕاستیدا ئێستاش هەر ئەوە فۆڕمە.» ئەم ڕستە پێشووە جۆرێکە لە ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوە، کە وابوو نیشانەی ڕووداویشە. گشتی نوێیش شتێکە وەکوو کارێکی هونەری، کە لەگەڵ ئەو جۆرە نیشانانەدا لە پێوەندی دایە. گشتێکی نوێ زۆر جار لە بواری داهێنانی هونەریدا مەکتەبێکی نوێیە، گرایش یان بڵێین خوازیارییەکی نوێیە. بە کورتی ئەکرێ بوترێ گشتێکی نوێ ناوی چەن شتە - ناوی مەکتەب، گرایش، ناوی مودێکی نوێ وەکوو لایەنێ لە داهێنانی هونەری - بەوە ئەڵێن گشتێکی نوێ. ئەوە گشتی نوێیە، کە لە جیهانداهەیە، لە داهێنانی هونەریدا هەیە، لە جیهانێکی نوێی هونەریدا هەیە. گشتێکی نوێ بە یەکپارچەبوونی لەگەڵ نیشانەدا داهێنانی شتێکی نوێیە لە جیهانی هونەریدا. ئێمە تێئەگەین کە دیسپلینی ئەنجامەکان لە بوارای هونەریدا چییە - دیسپلینی ئەنجامەکان پڕۆسەیەکی زەینیی تازەیە، شتێگە وەکوو تاقیکردنەوەیەکی نوێ، تاقیکردنەوەی نوێی فۆڕم، تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوان فۆڕم و ناسکەهەستیی چائۆتیک. کە وابوو گشتی نوێ مەکتەبی نوێیە، گرایشی نوێیە، فۆڕمی نوێی داهێنانە، فۆڕمی نوێی داهێنانی هونەرییە.

مەسئەلەی زۆر سرنجڕاکێش دوایین مەسئەلەیە: لە هەمووی ئەوانەدا ناکۆتایی ناونشین چییە؟ لە بواری زەینیی هونەردا، داهێنانی وجوودێکی نوێی ناکۆتا، چییە؟ من گومانم وایە لە بواری هونەریدا ناکۆتایی ناونشین سەرئەنجام شتێکە وەکوو ناکۆتایی خودی فۆڕم. ناکۆتایی فۆڕم چییە؟ ئەگەرێکە کە ئەوە ئەگەیەنێت فۆڕمی نوێ، ئەگەری نوێی فۆڕم، لەگەڵ ناسکەهەستیی چائۆتیک لە پێوەندی دایە، لە پێوەندیی ڕاستەقینە دایە. فۆڕمی نوێ هەمیشە دەسڕاگەیشتنێکی نوێیە، جۆرە کارێکی نوێیە، ڕەهەندێکی نوێیە، لە ناسکەهەستیی چائۆتیکدا دەسڕاگەیشتن یان دەسڕەسییەکی نوێیە. کەوابوو ئەتوانین بڵێین لە بواری هونەریدا داهێنانی فۆڕمەکان لە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکە لە ناکۆتایی ناونشین، دەستڕەسییەکە بە کۆتایی جیهان بە مانای ڕاستەقینەی وشە. کەوابوو ئێمە لە پەرەپێدانی گرایشێکی نوێ داین، لە پەرەپێدانی گشتێکی نوێ لە بواری هونەر داین، شتێ وەکوو پەرەپێدانی ناکۆتایی ناونشین. ئەم بزووتنەوە جۆرە بیرکردنەوەیەکی نوێیە لە خودی ناکۆتا؛ شتێکی دیکە نییە. هەر بۆیە ئەوڕۆ زۆر گرینگە تاقیکردنەوەیەکی نوێی هونەریمان هەبێت چونکوو من گومانم وایە کە مەسئەلەی سیاسەتی ئەوڕۆ یەگجار لێڵە. لە درێژەی ئەم لێدوانەدا ویستم بڵێم مەسئەلەی ئێمە شتێکە کە پێوەندیی بە شەڕی نێوان لەزەت و قوربانییەوە نییە، دوزینەوەی پاڕادایمێکی سێهەمی زەینییە. گومانم وایە ئەمە بەڕپرسایەتیی تایبەتی داهێنانی هونەرییە، ئەم گەرانە، چونکوو زۆر جار کە بڕیاری سیاسی ناڕوون و لێڵە، بڕیارە هونەرمەندانەکان ڕووناکی بە دۆخەکە ئەدەن. کەوابوو من وەکوو فەیلەسوفێک، ئەتوانم پێتان بڵێم (ئەزانم بڕێک لە ئێوە لەگەڵ دونیای هونەرا پێوەندیتان هەیە، یان لە گۆڕەپانی هونەرا شتێکتان بۆ دەرخستن هەیە) ئەوڕۆکە داهێنانی هونەری بەڕپرسایەتییەکی تایبەتی هەیە، کە یارمەتیدەری مرۆڤایەتییە بۆ دۆزینەوەی پاڕادایمێکی زەینیی نوێ. بەم پێیە جەوهەری هونەر تەنیا داهێنانی پڕۆسەیەکی نوێ لە بوارە واقعییەکەیدا نییە، بەڵکوو مەسئەلەی شەڕ و ئاشتییە، چونکوو ئەگەر پاڕادایمی نوێ نەدۆزینەوە، پاڕادایمی زەینیی نوێ، جەنگ نایەتە کۆتایی. ئەگەر ئاشتیمان دەوێ، ئاشتیی ڕاستەقینە، مەجبوورین ئەگەرێک وەدۆزین بۆ ئەوەی زەینییەت لە داهێنانی ناکۆتادا بێت، لە پەرەپێدانی ناکۆتادا بێت، نەک لە هەڵبژاردنی تۆقێنەری نێوان فۆڕمێک لە هێزی مەرگ (تاقیکردنەوەی سنووورەکانی خۆشی) و فۆڕمەکەی دیکەی هێزی مەرگا بێت (کە قوربانییە بۆ ئایدیا، بۆ ئایدیایەکی دەرهەست). بە بڕوای من، ئەوەیە بەڕپرسایەتیی نوێی داهێنانی هونەری.



HEINRICH BOLL
Alman 1917 . 1985



لەکەنـــاری پـردەکـــەوە

هاینـــریـــش بـۆل

و: مێهرداد ڕامیـدی نیا

ئەوان زامەکانی پێی منیان ساڕێژ کردەوە و کارێکیان دامێ تا بتوانم دانیشم. من مەردمێک دەژمێرم کە بە سەر پردەکەدا ڕادەبوورن. ئاخر ئەوان هەز دەکەن هەول و تێکۆشانیان بە ژمارەکانیان نیشان بدەن. چێژ و خۆشی لەم هیچوپوچیـــە پێکهاتووە؛ چەند ژمارە و تەواوی ڕۆژ دەمـی گرێدراوی من وەکوو کاتژمێر کار دەکا و ژمارەیەک دەخاتە سـەر ژمارەی پێشـوو تا دەمەو ئێواران ژمارەیەکی سەرکەوتووانەیان پێشکەش کەم. کە بەرهەمی دانێک لە کارەکانیان پێڕادەگەیەنم، ڕوخسارەکانیان دەگەشێتەوە. هەرچی ژمارەکە بچێـــتە سەر، ئەم درەوشانـەوە زۆرتـر دەبـێ و ئەوان هۆیەکـی زۆرتریان هەیە کە شـەوانە بە شادی و ڕەزامەندی سەر بنێنـەوە، چونکـە ڕۆژانـە هـەزاران کەس بە سـەر پردە تازەکـەیاندا ڕادەبـووڕێ. ئەما ڕێژەکانیان دروووست نیە، بە داخم، بەڵام لە ڕاستیدا وایە. من جێی متمـانە نیم، ڕاستبوونـی خۆم لە کەسانی تردا بەدی دەهێنم. ڕاستیو گەرەکە، پێـمخۆشـە جارجار یەکێک نەژمێرم، وە ئەگەر بمهەوێ دیسان دڵسۆزییان بۆ بکەم، چەند دانەیـەکی زیاتریان پێشـکەش دەکەم. بەختـەوەری ئەوان بە منەوە بەندە. ئەگەر تووڕە و تۆسنم، ئەگەر چ شتێکم بۆ لە کیسدان نیە، تەنێ ژمارەیەکی نێوەندی پێشـکەش دەکەم، جارجاریش ژمارەیەکـی ژێر نێوەندی. ئەگـەریش باش بم و منهەرەبانی بنوێنم، لێدەگەڕێم دڵفراوانیەکەم لە ژمارەیەکی پێنـج ڕەقەمـیدا گەشە بکا. هەر ئەم کاتەشـە کە ئەوان دەگەشێنـەوە. هەمـوو جارێ کە ئەوان ئاکامـەکەم لە چنگ دەفڕێنـن، چاوەکانیان دەدروشێتـەوە و دەستێکی دۆستانەش بە شانم دادێنن. ئەوان هیـچ هەستێکی درێدۆنگاوییان نیـە. ئەوسا دەست دەکەن بە زەربکردن، دابەشکردن و بە تەوانگەیاندن و هەر خـودا دەزانێ چ کارگەلێکی تر. ئـەوان حیسێبـی دەکەن کە ئەمـڕۆ لە هەر خولەکێکدا چەند کەس بە سەر پردەکەدا ڕایانبـووردووە و هەروەها لە ماوەی دە ساڵدا چەند کـەس بە سەر پـردەکـەدا ڕادەبـوورن. ئەوان وەرزی داهاتوویان پێخۆشـە، ئەوە لێهاتوویـی وانە، بەڵام بـە داخـەوە وا نیـە.

کە جوانە بە لەنجـەولار و شۆخەشـەنگ و لەبارەکەم بە سـەر پردەکەدا ڕادەبرێ، سەڵا لەوەی نایبینێ ـ کە دووپات دەبێتـەوە ـ دڵم بە سانایی دەوێستێ. ڕاوەستانـی دڵم تا ئەو کاتەیـە کە ئەو بەرەو شەقامـەکە با دەداتەوە و لـە چاوان ون دەبێ. هەر ئەم عەقل و هۆشەی کە ئەو ڕفاندوویەتی بۆتە هۆی ئەوەی کە تەواوی ئەو کەسانەی بە سەر ئەم پردەدا ڕادەبوورن نەهێنـە هەژماردن. ئـەم خولەکە ئی منـە. ئەرێ تەنیا ئـی مـن و منیش ناهێڵم ئەوەم لێبستێنن. هەروەها کاتێـک دەمـەو ئێواران لە بەستـەنی فرۆشێـکە دەکەڕێتەوە، کاتێک لەو بەری پیادەڕۆیەکە بە بەردەمی بەستراوی من، منی ماڵوێران کە حەسانەوەم نیـە، ڕادەبرێ، هەمیسان دڵی مـن لە لێدان دەکـــەوێ.

گەر من ناتوانم ببینم هەر ئەو کاتەشە هەمدیسا دەست بە ژماردن دەکەمەوە. ئەو کەسانەی کە بەختی ئەوەیان هەیە کە لەم خولەکانەدا بە بەر چاوانی کۆر و مجرۆی منـدا تێپەڕن، نایەنە ڕێژەی هەرمان و نەمری، ئەو ژن و پیاوانـەی کە لە هەژماردنی ڕێژەی داهاتـوودا خەت دەدرێن.

دنیاش دەزانێ خۆشم دەوێ، بەڵام ئەو ئاگای لە هیچ نیە و منیش حەزم هەر وایە. نابێ ئەو بزانێ بە چ ڕەوت و شێوەیەک سەرجـەم بەراوردەکان تێک دەدا. دەبێ نەرمونیان و بێتاوان بە پرچـە درێژە قاوەیـی و پێیە جوان و ناسکەکانی بچێتە بەستەنیفرۆشیەکەی و مارکۆنـە*یەکی زۆرتر وەرگرێ. زۆر ڕوون و بەرچاوە کە من شەیدای ئەوم. ماوەیەک لەمەوبەر چاوەدێریان کردم. ئـەم هاڤاڵـــەی کە لەوبەری منەوە دادەنیشێ و دەبێ ماشێنەکان بژمێری، خێرا وریای کردمەوە، ئەوسا خۆم خڕ کردەوە. شێتانە هەژماردم، کیلۆمیتـرژمێرەکەش وەک من نەیدەتوانی. ژمێریاری پایـەبـەرزیش خۆی لە لای بەرامبـەرم دانیشتبـوو، ئەوسا ئاکامی کاتژمێرێکی لەگەڵ ڕێژەی من بەراورد کرد. من تەنیا یەکێکم لەوی کەمتر بوو، نازیلە لێونەخشینەکەی من گوزەری کردبوو، هەرگیز لە ژیانمدا نازیلێکـەم ناخەمە نێو وەها حیسابێک. عەشقەکـەی من نابێ زەرب و تەقسیم بکردرێ و بە تاوانی هیچ بگات. حەسانەوەم نیە، هەر دەبێ بژمێرم، بێئەوەی چاویش لەوێ بکەم. ئەی قوڕ بە سەر ئەوەی کە دەبژێرێ و ناتبینێ. گەر ڕەفیقـەکەم نەبا ژیان بۆ من بەستەڵەک بوو، هەمیشـە منەتباری ئەوم. ژمێریاری پایەبـەرز دەستێکی هەڵنان و هاندانی لە شانم دا و کوتی: " تۆ باشـی، جێی متمانە و ئەمەگناسی، تەنیا یەک هەڵە لە کاتژمێرێکدا. وە درێژەی دا: " زۆریش نیە، لە هەر جۆرێک بێ، ئێمـە یەک لە سەدی چەسـپاو لە ڕەقەمەکانمان زۆر دەکەیـن. بۆ ئەوەی ئەمەگناسی تۆم لە چاو دابێ، داوا دەکەم ڕاتگوێزنە بەشی کالیسکەکان ". بەشی کالیسکەکان هەرە باش بوو، بەر لەوە هەرگیز ئەوندە ڕەحەت و بێخەم و ئاسودە نەبووم. لە ڕۆژێدا بە لانی زۆر بیستوپێنج کالیسکە گوزەریان دەکرد. هەر ئەوەی کە دەتوانی هەر نیو کاتژمێر، ژمارەیەک بە زەینت بسپێـری ئەوە خۆی فرە باشـە. لە کاتژمێر چوار هەتا هەشت هیـچ کالیسکەیەک ناتوانـێ ڕابـووڕێ و من دەتوانم پەیاسـە بکەم، یا «ئـەوی» بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەستەنیفرۆشیەکەدا تەماشا بکەم، یان هەتا ماڵێ وەدووی کـەوم. خۆشەویستـە بەناز و نازدارە نەژمێردراوەکەی مـن .

* مارکۆنـە: پاداشت، دەست خۆشـانە . ف :انعـــام

وەرگێڕ لە ئسپانیاییەوە بۆ کوردی:
مریەم ئەمینی سووما
خوولیو کورتاسار

لە وڵات «بروووسڵ» ژیانێ دەس پێکرد. ناونێشان کورتاسار لە جهان دیاربیە. شێوەێ نۆسان کورتاسار فرە سەخت و پێچەڵپێچە. شێوەێ سادەێگ نەێرێد و هەم لە چیروووک و هەمیش لە ڕۆمان ناسیاگە. «ئمتەهان ئاخر» ناسراوترین ڕومانێە. تۆەنم بۆشم کورتاسار وەێ ڕۆمانە فرەتر ناسنەێ. لە ناو گەوراترین ڕۆمانەیل دنیا «ئمتەهان ئاخر» جێگەێ دیاربێگ دێرێد ک کورتاسار لەێ ڕۆمانە نموونەێ یەێ ڕۆمان پۆستمۆدرن وە دنیا ناسانێیە. یە چەن ڕووژە دەس کردێەسە خوەنین ئێ ڕۆمانە. لە ناو ڕووژ هەر کەشە یەێ جار کتاوەگەێ نەێدەێ زەۆ تا وە کارەیل ڕووژانەێ بڕەسێد. هەگ داجمیا ک بچوود ئڕا ناو ئاوای، لە ناو قەتاریش هەم چەوێ تڕەک هەڵاوردە ڕۆمانەگەێا. وێنەێ ئاێەمەیل ناو کتاوەگە و فیتفەنێان ئڕا یەێ تەتەبوو پێس، لە خوەنین سەردێەو کرد.

وەێ ئێوارە لە دۆاێ یەگ نامەێ ئڕا وەکیلەگەێ نۆسا و قەێرێگ لە سەر کرایەێ زەۆ وەل پاکارەگەێا چەقپەڵ کرد، هەم لە بێدەنگی دیواخانەگە ک ورایێوەر پارکێ پڕ لە دار بەڕۆ بۆ، چێ ئەوسەر کتاوەگە و نیشتە سەر سەندەلی ڕاهەتیێگ. قەێر فرەێگ دەس سایە بان مەخمەڵ سەوز سەندەلیەگەێا و دەس کردە خوەنین. بێیەگ تەقەلاێ بکەێد گلە گلە ناو ئاێەمەگان و شێوەێان هاتنە وەر چەوێا و پەژارە و خەێاڵات داگرتنەێ. چمان لەزەت دا پێ، لەزەتێ پڕ لە وەرەلایی و سەرەهەرزی تا بچووە ناخ کتاوەگە و هێڵ وە هێل ژێر و بانێ بکەێدن و بنچەکێ دراڕێ. چێە پشتا و تەک دا سەندەلییەگەوە تا تەز سەر و ملێ لە بان مەخمەڵەگەێ دەرچوود و سیکارەگەیش گوڕان لە ناو کلکێ ڕووشن بۆاد و گوڕ گرت.

کەمێ لە ئەولاتر پەنجەرەگان، وا پسایێ دار بەڕۆگان شەکنێد و یەۆ وشە وە وشە چیروووکەگە پەێجوور کەێد و چێەسە ناو ناخ ئێ گەپەو تا بزانێ ئاێەمەیل ناو کتاوەگە تا کوو بەنەێ و بۆەسە تەنیا ڕێوار گووشەتەقەێ تا شاهد دیدار دۆاینێگ لە ناو کوولاێگ لە دڵ کۆەسان بوود.

یەکم جار ژنێ وە سەر و پاێ پەتی، ئێکەش پیاگەێ دڵخوازێ ک لە شوون زامێ لە دەمچەوێ خۆن تکێد، تیەنەو ناو. ژنە تێد وڕەو پێ تا شوون زامەگەێ ماچ بکەێد. وڵام پیا نیەلێد. چمان نیەتووایێ ئێ تامەزروو شاوەتیانە ک هەمیشە هەر وە دزییەو خەریکێ بۆنە، لە ناوەێن ئی دارسان وشکە جارێ تر نیشانێ بێەن. ژن وڵکەر نەۆ. هناسەبڕەکی قسیەگانێان هەر هەیتاهەیت لە بان پەڕەێ کتاوەگە هات و چوو کرد. تا سەرەنجام ژن دەس خوەێ خس و وە لار و لەنجە نەرم پیا کرد و قامەتێ چەمان. پیاگەیش چمانێ خودا خەریکێ کردۆد. چەقوەگەێ دەسێ ک لە خوەێا ئڕا کوشتن هاوردۆدەێ لە دەسێ سڕ برد و لەش پێس هەر دووانێان شلەو بۆ. هەرسەێ هیچ کامێان گەنەکاریەگانێان لە هۆریانەو نەچۆد؛ کارێان جووری چێەو سەر ک چمان هەر لە ئەوەڵا ئڕا یە نۆشتۆنەو یەک. هەگ لە دەر کوولاگە لە یەک جیاوە بۆن هلاێە دەم سوو بۆ. ژن وە هەلەپەلە وە کولبڕێگا ک وەرو باشوور چوود، کەفتە ڕێا و پیاگەیش گڕێ نووڕسە گیس پەشێو ژن و ڕێ خوەێ گرتەوەر و لە ناوەێن گڕ و گیا و تەم و مڕ شەوەکی ڕێ مالّ کردە دی. ئەو دەمە تەنانەت گەمالّەگانیش خەفتۆن و سووسە لێانەو نات. پاکارەگەیشێ لەێ وەختە لە مالّ خوەێ بۆ، لە پلەگان چێەو بان و لەناکاوا دەنگ ژنێ ئەژنەفت، هەلپڕۆچگانەۆ و بێهەولا پا نا ناو مالّەگە. یەکم جی مێماندارێ و ئێکەش ڕاڕەو و ڕاپلەێ فەرش کرایێ و دو دیم ک کەس لە تێان نەۆ ، دەر دیواخان دادەو. چەقووەگەیش هێمان لە ناو دەسێ بۆ . چەوێ هەڵاوردە ناو دیواخانەگەێا، ڕووشنای پەنجەرەگان و سەندەلییگ لە مەخمەڵ سەوز و پیاگێ ک خەریک ڕۆمان خوەنین بۆ.



دیمانەیەک دەگەڵ بەڕێزان ئەرسەلان چەڵەبی، فەوزییە سوڵتانبەگی، جەمیل مورادی

تەیار کردنی: هەوار خزرزادە «شەفگەش»








١. وەک شاعیرێک چ پێناسەیەکتان بۆ شێعر هەیە؟ داخوا باوەڕتان بە پۆلێنکردنی شێعری کوردی هەیە؟

چەڵەبی: وەک هەمیشە کوتراوە و منیش دەیڵێم هیچ پێناسەک کە هەر شاعیرێک لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ شێعری دەکا، ڕەنگە پێناسەیەکی ڕاست و ڕێ بە بەژنوباڵای هونەرێکی سێحراوی وەک شێعر نەبێت، واتا شێعر لە هیچ چەشنە پێناسەیەکی ئەوتۆ بەرتەسک نابێتەوە و من لام وایە هەر شاعیرێک لە ڕوانگەی تاکەکەسی خۆیەوە شێعر پێناسە دەکا و ڕەنگە پەیوەندی بە ناخی ڕاستەقینەی شێعرەوە نەبێت، منیش هەر لە ڕوانگەی تاکەکەسی خۆمەوە شێعر ئاوەها پێناسە دەکەم: شێعر بۆ من بەنجەرەیەکی کراوەیە بە ڕووی لایەنە نەناسراوەکانی ژیان، بەو مانایە کە شێعر دەتوانێ لایەنێک لە ژیان بۆ ئێمە ئاشکرا بکا، کە سەرێژ لە مرۆڤدۆستی، ئاشتی، برایەتی، یەکسانی و خۆشەویستییە کە هیچ مرۆڤێک لە سەرووی مرۆڤێکی دیکەوە نییە و زاتی پیرۆزی مرۆڤ لەوێدا مانا دەگرێتە خۆ، ڕەنگە ئاکامی هەر هونەرێکیش لە هەشت بەشەکەیدا هەر ئەو ئاکامە بێت کە لە ئەنجامدا هەموو مرۆڤ لەو پەڕی ئاشتی و خۆشەویستی و یەکسانیدا بژیت، و من لام وایە کە شێعریش وەکوو هەر هونەرێکی کە بۆی دەڵوێ هەموو جارێ وەبیر مرۆڤی سەردەم بێنێتەوە کە مرۆڤ دەکرێ دونیایەکی ئاوەهاشی هەبێت کە دوور لە هەر چەشنە ناحەزییەک بێت.

ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار وەڵام بدەمەوە، دەڵێم: بە بڕوای من شێعری کوردی جارێ لە سەر ئەوە پەکی نەکەوتووە کە پۆلێن بکرێت یان نەکرێت! بەر لە ئەو پرسیارە هەر نووسەرێکی کورد کە بە شێوەیەکی قوواڵ ئاگاداری بارودۆخی ئەدەبیاتی کورد بێ، کە بە چ قۆناخێکدا تێپەڕ دەبێت، پۆلێنکردن بە پێویستی نازانێ کە شاعیرەکان لە چەند بەشدا پۆلێن بکات یا نا، من وەک شاعیرێک باوەڕم وایە کە هەتا کاتێک ڕەخنەیەکی زانستی و دیالێکتیک لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردی وەک ڕووداوێک ڕوو نەدا، پۆلێنکردنی شێعری نوێ لە لایەن هەر ڕەوتێکی فیکری و تاکەکەسییەوە کە شاعیرەکان بە چەند بەرە دابەش بکا، ڕەنگە خۆی لە خۆیدا هەڵە بێت؛ واتە ئەگەر پۆلێنکردن پێویستیش بێت، بەر لەوە شێعری کوردی پێویستی بە ڕەخنەیەکی زانستی و دیالێکتیک هەیە، ئەو کاتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە بێ ئەوەیکە کەسێک یان تاقمێک حەول بۆ پۆلێنکردنی شێعری کوردی بدەن، بە هەبوونی ڕەخنەی زانستی و دیالێکتیک لە شێعری کوردیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو پۆلێنکردنە بێتە ئاراوە و هەر نووسەرێکی بەئەزموون ئاگاداری ئەوە بێت. ڕەنگە لێرەدا مەجالی ئەوە نەبێت کە بەگشتی و تێروتەسەل لە سەر ئەو بابەتە بدوێم و هەر بەو هۆیە لێرەدا تەواوی دەکەم.

سوڵتانبەگی: لە سەرەتادا پرسیارێکی واتان بە گژدا کردم نەتوانم هەناسە بدەم، شێعر ئەو جۆرەیە لە قسەکردن کە وات لێدەکات بە زەینێکی ئاوااڵ و دەستێکی بەخشەندە لە ماناوە لەگەڵ وشەکان و بەگشتی لە گەڵ دالەکان بەرەو ڕوو بێتەوە. شێعر ئەو هەڵفرینە بێکۆتاییە هەموو یاساکانی هەڵفرین دەخاتە ژێر پێ و بەرەو ڕەهاییەکی هەتاهەتاییت ئەبات. ئەمە پێناسەکردنێکە بۆ شێعری هەموو سەردەمەکان، ئەگینا شێعر لە سۆنگەی هەستیاری و وشیاری خۆیەوە هەمیشە لە ژێر کاریگەری هۆکارەکانی کات و شوێنی خۆیدا هەیە. لە بەرهەمهاتنی ڕەوتی شێعری بەرەیەکدا هەمیشە کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز دەوریان هەیە. هەر ئەمە وا دەکات تۆ بۆ خوێندنەوەی شێعری قۆناغێک و بۆ نیزیکبوونەوەی لە واتا سەرەتاییەکانی شێعری سەردەمێک دەست بدەیتە پۆلێنکاری شێعری. پۆلێنکردنی شێعر بایەخ و واتای گەورەتر بە شێعر نابەخشێ، بەڵام یارمەتی ڕەخنەگر دەدا وەک کوتمان مەیدانێکی بەرفراوانتر بۆ باسکردن لە سەر شێعری ئەو قۆناغە دەستەبەر بکات.



<u>مورادی:</u> وەکوو شاعیرێک هیچ پێناسەیەکم بۆ شێعر نییە! ئەگەرچی بە لامەوە شێعر ئیمکان و دەرفەتێکی زمانییە و دەرگەیەکی ئاوەڵایە بە ڕووی دونیا نەهێنی و نەگوتراوەکان و بەردەوام لە کەشف و داهێنان دایە. واتە ململانێکردنە لەگەڵ زمان و هاوکاتیش شێعرییەتبەخشین بە ناشێعرییەکانە و وەکوو کامەرایەک ئەزموونی ژینکراوی ڕۆژانەمان ئەخاتە پێش چاو و دەرفەتێکە بۆ دەربڕینی دەرد و ڕەنجە بێکۆتاییەکانی ئێمە وەکوو تاکێکی بەتاڵانچووی ئەم سەردەمە کە (دەم) تەنیا یانێ هەناسەکێشان و(سەر) ئەچێ...!

شێعر بۆتیقاییە و هاوکاتیش سڕینەوەی جوانییە دابینکراوەکانە لە ژینەدا و دواتریش تێکدان و داهێنانی دووبارەیی ئەو جوانییانەیە. شێعر ئەتوانێ جیهانێک بڕووخێنێتە بەڕێمانەدا (ڕەشبینانە!) ئەتوانێ جیهانێکی جوانی دیکەمان بۆ دروست بکا (خۆشبینانە!)... بێخەیاڵ وەکوو بەشێک لە هونەر، شێعر، شێعرە و هەر ئەونە.

بەڵام پۆلێنکردنی شێعر وەکوو مودێلێکی دیاریکراو و بە پێی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر بەرەیەکی شێعری و لە دۆخی تایبەت بەو سەردەمە، ئەگەر تووشی ئەو گرفتانە نەبێ کە لە شێعری فارسیدا لە لایەن شەفیعی کەدکەنی بە (کنسروەکردن شعر!) ناوی لێنەبرێ، بە لامەوە وەکوو شاعیرێکی سەردەم و نوێخواز کارێکی شایستە و لەبارە، ئەویش بەو مانایە کە پێویستە بۆ بەردەوامتربوون لە نوێترخوازی شێعر، هەر بەرەیەک و ڕەوتێکی شێعری، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، خۆیی ناساندبێتە ئەدەبیاتی نوێی کوردی و لە خانەیەکی دیاریکراودا سەقامگیر بووبێت. ئەویش بەو مانایە کە بۆمان دەر ئەکەوێ دەقێکی شێعری، بۆ وێنە ئەگەر پێکهاتەخوازە و هاوکاتیش پارێزەری زمانی پێوەرە، بە جیا لە نرخبڕی شێعری، سەر بە کام ڕەوت و بەرەی شێعری ئێمەیە و وەکوو تایبەتمەندییەکانی خودی دەق و بە پێی سەردەمی خۆیەوە لە لایەن ڕەخنەگرەوە دەخرێتە بەر ڕاڤە و شرۆڤەکردن.

٢. پێوەندی نێوان شێعری سەردەم و بەردەنگی ئەم شێعرە بەگشتی چۆن پێناسە دەکەن؟ ئەگەر بێین و بە ڕوانینێکی خەسارناسانە بڕوانینە ئەم پێوەندییە، چ هۆکارگەلێک بەدیدەکەن؟

<u>چەڵەبی:</u> من لام وایە کە شێعری سەردەم بەردەنگەکەی تەنیا شاعیرەکانن و کەسانێک کە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردی تێکۆشانیان هەیە، واتە ئەو جۆرە کە پێویست بێ، شێعری کوردی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی و خەڵکەکەی پەیوەندی، یان باشترە بڵێم فارس گوتەنی "سەمیمی" نییە، واتە ئەو بابەتە دەبێتە یەکێک لە کێشەکانی شێعری کوردی و ئەدەبیات بەگشتی. کاتێک کە شاعیرێک کۆمەڵشێعرێک بڵاو دەکاتەوە تەنیا ئەو کەسانە کتێبەکەی دەکڕن کە خۆشیان نووسەرن، واتە خەڵکی ئاسایی زۆر بە کەمی خۆ لە قەرەی شێعری سەردەم دەدەن و بە گوتەی خۆیان هیچی لێ حاڵی نابن و ئەگەر زۆر هۆگری شێعر بن دیوانی مامۆستا هێمن یان شاعیرانی کلاسیک لە ماڵەوە ڕادەگرن.

ئەو کێشەیە هێندە قوواڵە، "ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێت" کە ڕەنگە من نەتوانم یان مەجالی ئەوەم نەبێت کە تەنانەت لە ڕوانگەی تاکەکەسی خۆمەوە هۆکاری بۆ بەدی بکەم، بەڵام ئەگەر بمهەوێ بەکورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم کە هەر کام لەو خاڵانە خۆی جێگای باسوخواسە و ...، یەکەم، نزیکبوونەوە زەینی شاعیر یان باشترە بڵێم سازکردنی پردێک لە نێوان شێوەنووسینی شاعیری سەردەم و خەڵک، هەروەها بردنەسەرووی ئاستی زانستی خەڵک لە بواری ئەدەبییەوە کە ئەوەش پێویستی بە هەندێک هۆکاری تر هەیە.

دووهەم، پەیوەندی نێوان شێعر و کێشەکان و ڕاستییەکانی کۆمەڵگا، واتە شێعری کوردی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگادا هەبێت و لە کەنار ئەوەشدا ئەدەبییەتی دەق بپارێزرێ و هەموو یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگا لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگ بداتەوە، ئاوەها بە دڵنیاییەوە پەیوندی نێوان بەردەنگ و شاعیر نزیکتر و سەمیمیتر دەبێتەوە.

زۆر جار شاعیر دەیهەوێ خوێنەر فریو بدا و بە شێوەیەکی ئاڵۆز و بێمەنتیق شێعر دەنووسێ کە لاوازییەکانی خۆی بشارێتەوە و هەروەها ئەوە بسەلمێنێ کە کەس لە شێعری من ناگا و ئاستی زانستی بەردەنگ نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە لەگەڵ ئەو شێعرە پەیوەندی بگرێت، بەڵام ئەوە هەڵەیە و لە درێژەی زەماندا ئەدەبیات خۆی ئەو شێوە شێعرانە فرێ دەداتە دەرەوە و تەنیا شێعرێک و بەرهەمێکی ئەدەبی دەمێنێتەوە کە چوارچێوەیەکی

مەنتیقی و شێعرییەتی تێدا بەدی بکرێت.
بەگشتی هیوادارم هەموو نووسەرێک ئەو کێشەیە وەکوو ئەرکێکی ئەدەبی بهێننە بەر باسوخواس و بە شێوەیەکی سادە و ساکار لە کەناریيەوە و تێپەڕ نەبن و هەروەها بەردەوام درێژە نەدەن بە نووسینێک کە چ ئێستا و ڕەنگە لە داهاتووشدا نەتوانێ بەردەنگێکی ئەوتۆ بۆ خۆی ببینێتەوە. من باوەڕم وایە بەرهەمێکی ئەدەبی کە بەردەنگێکی باش لە کۆمەڵگادا بۆ خۆی نەبینێتەوە، لە زۆر لایەنەوە لاوازە.

سوڵتانبەگی: بەر لە هەموو شتێک یەک مەسەلە زۆر گرینگە ئەویش ئەوەیە دەبێ بزانین شێعر بەر لەوەی شەوچەرەی دیوەخانان بێ کارگەی زمان و هەستە. ڕاستە ئەگەر لایەکی شێعری ئەمڕۆ هەست و ڕوح و ڕەهایی موتڵەقە .بەڵام لایەنێکی دیکەی هەڵسوکەوت دەگەڵ ڕەمز و ڕازەکانی زمانە. تاقیکردنەوەی هەر جۆرە شێوە دەربڕینێکی گونجاوە. تێسرپواندن لە هەموو شانە هەنگەکانی واتایە.
بۆیە شێعر ئەو مافەی هەیە خۆی دابنێ بۆ بەردەنگی خۆی. ئەدۆنیس دەڵێ لە هەموو سەردەمێکدا شێتێک هەیە گوێ لە شێعر بگرێ. شێعر ئەم تاقە شێتەی بەسە.
بە درێژایی تەمەنی شێعر، قەت شێعری چاک و خراب بە ڕێژەی بەردەنگەکانی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە. ئەگەر کەسێک پێی‌وایە ئەبێ شێعر لەگەڵ ئاپۆرای بەردەنگانی ئاشت بێتەوە. دەتوانێ وەک زۆربەی هونەرەکانی تر ڕێگایەکیش بۆ شێعر بدۆزێتەوە تا لە تلێزوون و سینەمای شەتەک بدا. لە ئێستای ئیمپریاتۆری وێنەدا ئەمە تاکە ڕێگایە.

موڕادی: شتێک لەمێژە مێشکمانی دابڕیوە، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر ڕۆڵە و دەستکەوتی سەردەمی خۆیەتی. ئەمە ڕاستە و ئەویش بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی شێعری جیهان بەگشتی و شێعری فارسی و کوردیش بەتایبەت، دەگەین بەو قەناعەتە کە هەر شاعیرێکی سەرکەوتوو بە نیسبەتی سەردەمی خۆی نوێخواز بووە و واتە هەنگاوێک پتر، زیاتریش لە پێش کۆمەڵگای خۆی بیری کردووەتەوە و تێفکریوە، بۆ وێنە هەر ئەوەندە مۆدێرنیتە بە سەر سونەت و نەریتەکانی ڕابردوو زاڵ ئەبێت، ئەوەندەش نیما و سوارە و گۆرانیش لە شێعردا گۆڕانکاری و تازەگەریان کردووە واتە جۆرێک پێویست بە تێکشکانی فۆرم و پێکهاتەی شێعری و تێڕامانە قالبی و چوارچێوە دارەکان لە ئارادا بووە و...هتد
بۆیە فیکر ئەکەمەوە ئەگەر بە عەقڵانییەتی نێسبی بەردەنگ بڕۆینە پێشەوە، لەوانەیە هەر لە ئەمڕەڕی پردەکە داکەوین، ئەو پەڕەکەی پێشکەش! ئەڵبەت ئەمەش لەبیر نەکەین کە چەمکی چێژبردنی خوێنەر لە دەقێکی شێعری کە لە نێوان دەق و خوێنەردا بەردەوام لە پێوەندییەکی دیالێکتیک دایە، پێوەندی بە جوانیناسی خوێنەریشەوە هەیە. ڕەنگە ڕۆربەی خوێنەرانی ئێمەی کورد لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەردا بەتایبەت شێعر، هێشتا هەر بەدوای دەقێکی دلێر و حەماسیدا بن، بۆیە نەبوونەتە خاوەن بوتیقاییەک تەنانەت بۆ تێگەیشتن لە شێعرەکانی نالی و مەحوی و... ئیدی ئەمە تاوانی دەقی شێعری نیە کە تەنانەت، ئەگەر تەکنیک و تەمهیدە زمانی و فۆرمییەکانی کە لە باکگراوەندی شێعرەکەدا، بەپێی داهێنانی زیاتری دەق پێکهاتووە، لە لایەن بەردەنگەوە شێعرییەت و لایەنە جوانە زمانیەکانیشی ئاوەز نەکرێ. واتە قەیرانی خوێنەر تەنیا بەهۆی مەسەلەن، دژواری دەقی شێعری سەردەم نیە، بەڵکوو بەهۆی قەیرانی فیکر و ئەندێشە و تێڕامانی خوێنەرە کە وەکوو تاک و پێرسونایێک، خۆی لە تەک سەردەمی ئەتۆم و سایبرنتیک و تەقینەوە زانیاری و فیکریەکانی دونیادا، بەڕۆژ(update) ناکاتەوە. ئەگەرچی لەوانەیە شێعر لە پێشدا بە نیسبەتی زمان و فۆرم و... بەرپرسیاری خۆیەتی، هەروەها بەر لەوەی خۆی بخاتە نێو تاقمێک فیکری کۆن و ئیرتجاعی، خۆی داوەتە دەم (تجددگرایی) و نوێخوازیەوە. بەڵام ئەمەش وەکوو خەسارێک لە بیر نەکەین کە هەندێک دەقی شێعری لایەنگەرانی نوێترخواز و و پاشئاوانگاردیزمی ئێمە، هێندە تووشی تیۆریزەبوون هاتوون کە نە تەنیا خوێنەری پرۆفشنالیش هیچ چێژی لێ نابا، ڕەنگە وەکوو دەقێکی شێعری، پەیوەندییەکی شاعیرانەشی لە لا دروست نەبێت.
بۆیە فیکر ئەکەمەوە، تیۆری لە هیچ سەردەمێکدا شێعری نەخوڵقاندووە، هەروەها بەپێچەوانەوە... واتە تیۆری پاڵپشتێک بووە و هەیە بۆ باشتر داهێنان و نواندنی دەق هەم لە لایەن نووسەر و هەمیش لە لایەن بەردەنگ و خوێنەرەوە.

۳. بە ڕای ئێوە شێعری کوردی سەردەم بە چ ئاقارێکدا دەڕوا و ئەم ڕەوتە تا چەن وەک خزمەت بە ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیری کوردی، لە مێژووی ئەدەبی ئەم گەلەدا پێناسە دەکەن؟

چەڵەبی: ئەو پرسیارە، پرسیارێکی یەکجار دژوارە و ڕەنگە بۆ من وەکوو شاعیرێک کە تەنیا کاری من نووسینی شێعرە، زۆر دژوار بێت، من دڵنیام ئەو پرسیارە دەبێ بکەوێتە ئەستۆی ڕەخنەگرێکی بە زانست و کارامە کە بە شێوەیەکی قوڵ لە ڕوانگەیەکی خەسارناسییەوە تاووتوێی بکات، واتە وڵامی من ڕەنگە وڵامێکی سەلیقەیی و بگرە تا ڕادەیەکیش هەڵە بێت، بەڵام خۆم وەکوو شاعیرێک ڕوانگەی خۆم سەبارەت بەو پرسیارە هەیە و هەرچیش دەینووسم ڕوانگەی تاکەکەسی خۆمە و دەتوانێ ڕاستیش نەبێت. زۆر جار ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم کە بۆ دوای سوارەی ئیلخانیزادە کەس ئەو بۆشاییەی شێعری نوێی ڕۆژهەڵاتی قەرەبوو نەکردەوە؟ بۆ زمانی شێعری نوێی ڕۆژهەڵات بەرەو باشوور چوو، هەڵبەت نەک ئەوە کە کاریگەری شاعیرانی باشوور بە سەر شاعیرەکانی ڕۆژهەڵات بووبێتە هۆی خەسار، مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە بۆ ڕێگای سوارە درێژەی پێنەدرا؟ بۆ شاعیرانی دەیەی ۷۰ی ڕۆژهەڵات کە زۆربەیان ئێستا شاعیرانێکی بە ئەزموون و خاوەنهەزرن لە شێعری کوردیدا، بەرەو ڕەوتێکی تایبەت لە شێعردا،

بۆ وینە وەکوو شێعری "حەجم" چوون لە کاتێکدا درێژەدانی ڕەوتی شێعری سواڕە بە لەبەر چاوگرتنی کلتوور و ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی دەیتوانی دونیایەک لە شێعری کوردیدا بەدی بێنێ و بەرەیەک لە شاعیرەکان لەو ڕێگایەدا خۆیان تاقی بکەنەوە و تەنانەت شاعیرانێکی بەئەزموونی تێدا هەڵکەوێ کە لە داهاتوودا وەپێش سواڕەش بکەوێتەوە، بەڵام مەخابن!!! ئەو کارە نەکرا و بۆ هەمیشە بەردێک لە سەر مەکتەبی شێعری سواڕە داندرا و هەموو کات لە کۆڕوکۆبوونەوەکان وەکوو ئەفسانەیەک باسی لێدەکەن.

مەبەستم لەو باسە، لە سەر سواڕە ئەوەیە کە ئەوەی ئێستا لە شێعری سەردەم دەبینین دونیایەکی بەربڵاو و ئاڵۆز لە شێعری کوردییە کە بەشێکی زۆری ڕیشەی لە ئەدەبیات و کلتوور و زمان و هەروەها ساختاری زمانی کوردیدا نییە، هەڵبەت نەک هەمووی، بەڵکوو بەشێکی بەرچاوی، کە ڕەنگە خۆشم بچمە ناو ئەو بەشەوە و سەرەتا ڕوو لە خۆم دەکەم. بەو مانایە کە ساختاری زمانی زۆربەی شێعرە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵات ساختارێکی فارسییە، ئەوەش ڕەنگە بەو هۆیەوە بێ کە لە سەرەتای منالّییەوە لە قوتابخانە زمان و ئەدەبیاتی فارسیمان خوێندووە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو کێشەیە بێتە ناو شێعرەکانمانەوە؛ بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەکە لە بەرانبەر ئەوەدا خۆمان لاواز نیشان بدەین و گوێی لێ بخەوێنین. بابەتێکی تر کە دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوە بوو کە نووسەرانی کورد دەرحەق بە میژووی شێعری نوێی کوردی، ئەو جۆرەی کە پێویستە پێوەی ماندوو بن و وەکوو سەرچاوەیەکی بەهێزی شێعری چاوی لێبکەن، لەگەڵی هەڵسوکەوت ناکەن و زۆرتر دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە شێعرییەکانی دەرەوەی سنوورەکان، هەڵبەت نەک ئەوە کە جیهانی شێعری کوردی تەنیا لە ناو خۆیدا بەرتەسک کەینەوە، نا؛ بەڵکوو مەبەستم گرینگیدانی زۆرتر بە سەرچاوە شێعرییەکانی پێش خۆمانە، بۆ وینە "سواڕە" دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی شێعری نوێ چاوی لێبکەین.

زۆر شاعیر هەیە کە بە زمانی شیرینی فارسی دەنووسێ و ئەگەر لێی دەپرسن کە بۆ بە فارسیش دەنووسی، لە وڵامدا دەڵێ من ئەگەر چەند زمانی تر، وەکوو ئامریکایی و ئاڵمانی و فەرانسەویم زانیبایە بەوانیش دەمنووسی، ئەوە لە کاتێک دڵّیە کە هیچ حەولێک نادا بۆ ئەوە کە فێری زاراوەی کرمانجی یان بادینی یان کەڵهوڕی بێت و بەو زاراوانە کە بەشێک لە زمانی کوردین، هۆنراوە بهۆنێتەوە، ئاگاداری ئەو نییە کە زۆربەی دەقە کۆنەکانی ئەدەبیاتی کوردی بە زاراوەی کرمانجی نووسراون، ئەوە لە کاتیکدایە کە خوێندنەوە دەقە کۆنەکانی ئەدەبیاتی کوردی وەکوو نانی شەو پێویستە بۆ شاعیران و نووسەرانی کورد. بە بڕوای من شێعری نوێی کوردی ئێستا ئەگەر بە لەبەرچاوگرتنی بەرە شێعرییەکانی کوردی پێش خۆی بە شێوەیەکی هێور و لەسەرخۆ، ڕێگای بڕیبایە ڕەنگە ئێستاکە زۆر بەربڵاوتر و بەپێزتر و پێوەندیدارتر بوو بە کۆمەڵگای کوردییەوە، واتە ئەو جۆرەی کە پێویست بوو ئاوڕ لە ڕەوتە شێعرییەکانی پێش خۆمان نەدراوە و هەروەها بەشێکی زۆر لە شێعری ئێستا چ لە باری زمانەوە و چ لە باری ماناوە لە خزمەت زمان و ئەدەب و کۆمەڵگای کورددا نییە.

<u>سوڵتانبەگی:</u> شکی تێدا نییە شێعر وەک ڕابردوو بەردەوامە لە هەڵچوون و پێداچوونەوەی خۆی. ئەرکی شێعر نییە خزمەت بە زمان و ڕووناکبیری بکات. زات و خسڵەتی شێعر وایە خزمەت بە زمان دەکا و سارتر گوتەنی: سوود بە زمان دەگەیێنێ. توانا شاراوەکانی زمان ڕاو دەکا، بنچ و بناوانی دەربڕین ئەپشکنێ. دەیڵێمەوە نەک وەکوو ئەرک بەڵکوو بوونی شێعر لە خۆیدا بەرگی شانازی و سەرفرازی ئەکاتە بەر زمان و ڕۆشنبیرییەوە.

<u>موڕادی:</u> ئەگەر بەکورتی ئاوڕێک بدەمەوە بۆ سەرەتاکانی ئێستارتی مۆدێرنی شێعری ئەم ڕەوتە نوێیە (لێرە بەگشتی شێعری ئەمڕۆ مەبەستە و بە جۆرێکیش شێعری بەرەی چوار، یان بەرەی جیاواز) هەڵئەگەڕێتەوە بۆ دەهەیەک و پتر زیاتریش لەمەو پێش، یانێ بە دوای چاپ و بڵاوکردنەوەی شێعری شێت و شێعرەسات و... کە هەندێک ئەزموونی شێعری بە نێو و ڕوانگەیەکی جیاوازەوە چ لە باری زمان و وێنەگەلی زمانی و چ لە باری پێکهاتە و فۆرمەوە هاتە نێو بازاڕی تازەی شێعر و هێشتایش هەر بەردەوام بە داهێنان و کەڵکەوەرگرتن لە مێکانیزم و ئیمکان و تەمهیدە زمانی و فۆرمییەکانی ئەمڕۆ، خەریکی ئەزموونکردنی هەندێک لە ئەزمونەکراوەکانە. کەسانێک وەکوو: (ڕەزا عەلیپوور و کەماڵ ئەمینی) وەکوو شاعیرانی بەرەی جیاواز و دواتریش (جەمیل موڕادی) کە ئەزموونی شێعری خۆی بە جیاوازی لە گەڵ دەقەکانی پێشوودا لە چاپ داوە و شاعیرانی تریش لە چەشنی: (محەمەد موەفەقی ـ سەلاحەدین محەممەدی ـ جەماڵ مەلایی ـ شوعەیب میرزایی ـ هوشیار بابایی و...) کە هێشتا ئەزموونەشێعرییەکانی خۆیان لە قەوارەی کتێبێکدا چاپ و بڵاو نەکردووەتەوە. دیارە ئەم ڕەوتە هەر بەردەوامە لە نووسین و لە پانتاییکی بەرینداو، لەوانەیە بە پێی تیۆری مەیدانی (field theory) کرت لوین، وەکوو ڕەوتێکی نەسڵساز، بەردەوام خۆی لە داهێنانی نوێتردا تاقی ئەکاتەوە. واتە بە هاوکێشی دوو چەمکی (شێعر و تیۆری) ئەو دەقە شێعریانە سەرکەوتوون کە بە زانیاری و پاڵپشتی تیۆرییەکانی سەردەمی جیهان لە نێو کەڵکەڵە لۆکاڵی و ناوچەییەکانا و بە سادەنووسی زمانی، نە سادەگری (با ئەم دوو شتە لەگەڵ یەکتر تێکەڵ نەکەین) ئەتوانن دەقێکی شێعری پێک بێنن کە لەگەڵ زۆرینەی خوێنەردا پێوەندی ئەگرێ. پێموایە ئا لێرەدا، چەمکی چێژبردن لە دەق بە باشی خۆی ئەداتە دەستەوە.

بەڵام لە وڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتاندا، ئەگەر مەبەستتان لە خزمەت، پشتبەستن بە کۆڵەکە و پاراستنی پایە و ئەستوونەکانی زمانی پێوەرە وەکوو (ئامراز) داببونەریتە زمانی و کلتورییەکانی ڕابردوو و هێشتای کوردە، پێموانیە شتێکی ئەوتۆی بۆ خزمەتکردن بەلاوە بێ! لەم لایشەوە فیکر ئەکەمەوە ئەگەر بەشێک لە هۆکاری نووسین بە زمانێکی دیاریکراو (لێرە زمانی کوردی)،خزمەت بە کلتوور و زمانە، ئەبێ لە نێو تەمهید و داهێنانە زمانییەکانی دەقدا کە لە دەوڵەمەندکردنی شێعر و زمانی کوردی بەردەوامە، بدۆزرێتەوە. بۆیە واتەی وەئەستۆگەری (تعهد)

له دەقدا زەق ئەبێتەوە، نە لە دەرەوەی دەق . کە لێرەدا فیکر ئەکەمەوە، شێعر بەر لەوەی لە پێناو جەماوەر و نەتەوەیەکدا تووشی چەمکی وەئەستۆگەری بێت، لە پێناو خۆیدا بە نیسبەتی (تعهد) و وەئەستۆگەری بەرپرسیارە.

٤. ئێوە وەک کەسێکی خاوەن بەهرەی‌شێعری لە لایەک و لە لایەکی تر بەرفراوانی خوێندنەوەی ڕەخنەییتان، تا چەن لە ناو دەقەڕەخنەییەکانی ئەدەبی کوردی، ئەندێشەی ڕەخنەیی دەبینن؟ چەمکە تیۆرییەکان چۆن دەتوانن بۆ کاراترکردنی دەقێکی ڕەخنەیی شوێندانەر، ڕۆڵ بگێڕن؟

<u>چەڵەبی:</u> بەداخەوە هەتا چەند ساڵی ڕابردوو ئەدەبی کوردی لە بواری ڕەخنە و تیۆری ڕەخنە دەوڵەمەند نەبوو و هەروەها ئەندێشەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا دەورێکی بەرچاوی نەبوو. ئەوەی ئێستاش هەیە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر ڕوانگە و بیری تاکەکەسی و تاقمێکی تایبەت، هەڵبەت کەس ناتوانێ بوونی کەسانێکی زۆر شارەزا لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی وەکوو ڕەخنەگریکی بە زانست لە بەر چاو نەگرێت. کە بەداخەوە ئەو کەسانە بە نیسبەت ئەدەبیاتی کوردی یەکجار کەمن، بەشێکی زۆریش لە ڕەخنە و ڕەخنەگر لە ئەدەبیاتی کوردی سەرچاوەی ڕەخنەکانییان دەگەڕێتەوە سەر بیرێکی شەخسی و ڕەنگە زۆر جاریش ئامازە بە چەند چەمک و تیۆری کە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا هەیە دەکەن، بەڵام ئەو جۆرەی کە پێویست بێ بە شێوەیەکی بێلایەنە و دوور لە هەر بیرێکی تاکەکەسی لەگەڵ دەق مامەڵە ناکەن و بەپێی زەینییەتی خۆیان دەق و خاوەنی دەق دەبەنە ژێر پرسیار و زۆر جاریش بە شێوەی نەنووسراو و زارەکی دەیخەنە بەر باس کە بەڕاستی ئەوە یەکێکە لە خەسارەکانی هەرە گەورەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

مەبەستم لە کوتنی ئەو قسانەی سەرەوە ئەوەیە کە ئەندێشەی ڕەخنەیی لە ناو دەقە ڕەخنەییەکان یەکجار کەمە و ڕەنگە هەر نەشبێت، بەو هۆیە کە ڕەخنەکان بەشیکی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە سەر بیریکی تاکەکەسی و سەلیقەیی، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ ڕەت بکرێنەوە.

هەمیشە ئاواتی هەرە گەورەم ئەوە بووە کە لە ئەدەبی کوردیدا کەسێکی بیرمەند بەپێی ئەندێشەکانی خۆی و وەکوو ڕەخنەگرێکی سەربەخۆ، کە هیچ چەشنە سەرچاوەیەکی ڕەخنەیی نییە بۆ ئەندێشەکانی و تەنیا دەگەڕێتەوە سەر بیری خۆی کە وەکوو بیرمەندێک لە ئەدەبی کوردیدا، بێتە دی و ئەدەبیاتی کوردی بەپێی کلتوور و ئەدەب و تایبەتمەندی زمانی خۆی بخاتە بەر باس و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. من پیمواینێ زۆر جار چەمکە تیۆرییەکان کە لە ڕۆژئاوا یان لە وڵاتەکانی تر، کە سەری هەڵدەوە، کاتێک ئەدەبی کوردی پێ تاووتوێ دەکرێ، دەبێ بەپێی تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەدەبی کوردی ئەو چەمکە پێناسە بکرێتەوە. بۆ وێنە ئەندێشەی مارکسیزم لە ڕووسییە بەپێی بارودۆخ و زۆر لایەنی کلتووری و دابونەریتی ڕووسییە لە لایەن لێنین وەکوو لێنینیسم پێناسە کراوە و هەروەها لە چینیش لە لایەن مائۆ وەکوو مائوییسم، بەو شێوەیە پێناسە کراوە، مەبەستم ئەوەیە کە زۆر جار چەمکە تیۆرییەکانی وڵاتانی تر، پێویستە بەپێی تایبەتمەندی زمان و کلتوور و ئەدەبی کوردی پێناسە بکرێتەوە، هەڵبەت ئەو کارەش پێویستی بە کەسێکی شارەزا و بەئەزموون و بەزانست، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەیە کە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ئەو کەسە چەندە دەتوانێ خۆی، وەکوو بیرمەندێکی ڕەخنەیی ئەدەبی کورد، ئامادە بکات و ئەوەکە قووڕسە وە ئەستۆ بگرێت.



به بڕوای من کاتێک تیۆری ڕەخنە لە ناو دەقە ڕەخنەییەکان دێتە بەر چاو کە بیرمەندێکی بەزانست لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بێتە دی و دەقە ڕەخنەییەکانمان دەوڵەمەند بکا. ئەگەر ئاوەها نەبێت پێمواینێ زۆربەی زۆری ڕەخنەکان لە تیۆرییەکی زانستی بێبەش دەبن و دەچێتە چوارچێوەی بیری تاکەکەسی و سەلیقەییەوە.

<u>سوڵتانبەگی:</u> مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی لە ناو ئەدەبی کوردیدا تەمەنێکی کورتی هەیە. هەر ئەمەش وای کردووە ڕەخنەی کوردی خەریکی خوێندنەوە و لاسایی‌کردنەوەی دەوروبەری بێ. ڕەخنەی کوردی تاکوو ئێستاش نەیتوانیوە ڕاستگۆیانە و بنەڕەتی ئەدەبیاتی کوردی " چ کۆن و چ نوێ" بخوێنێتەوە. بەڵام بەگشتی ئەمە سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە، ڕەخنەی کوردی بۆ دروستکردنی کیانی خۆی دەبێ ئاوەژووی دەقە کوردییەکان بێتەوە. ئەو کۆد و واتایانە، ئەو ئاڕایشەی شتێکی بە ناوی بەرهەمی ئەدەبی کوردی، یا کەلەپووری ئەدەبی کوردی دروست کردووە، کەشف بکات!!

<u>موڕادی:</u> بەر لەوەی باس لە بیر و ئەندێشەیەکی ڕەخنەیی بکەین، با لە پێشدا بزانین، ئایا شتێک بە نێوی ڕەخنە بە مانا ڕاستەقینەکەی لە کۆمەڵگای ئێمە، بوونی هەیە؟ یان تا چ ڕادەیەک لە تاووتوێکردنی دەق، ڕۆڵ دەگێڕێ؟ ئەوەی ڕاستە ڕەخنە و ڕاڤەگری دەقی ئەدەبی و... بەگشتی لە لای ئێمە لاوازە و تەراوکەوتەیە و ئەگەریش بوونی هەیە، بوونێکی تەسک و تەژە و ئەکرێ بڵێین بە جۆرێک تووشی غەیبەتی سوغرا هاتووە!. ئەگەرچی لەم ساڵانەی پێشوودا، هەندێک ڕەخنە و لێکۆڵینەوەمان لە بەرهەمە لە چاپدراوەکانا بە هەوڵدانی بەڕێزانێک لە چەشنی کاک سالح سووزەنی، موراد ئەعزەمی، د.ڕەهبەر مەحموودزادە و... بۆ ڕاڤە و تاووتوێکردنی دەقی ئەدەبی بەتایبەت شێعر، کە زیاتر لە سەر بەرەگەلی پێشووی شێعری ئێمە نووسراوە، جێی ڕێز و تێڕامانە. دیارە هەوڵدانی ئەم دۆستانە و دۆستانی تریش کە پێویست ناکا ناوی هەموویان بێنم، بە ئێمە دەسەلمێنێ کە دەقبوونی هەیە و تاووتوێکردنەوەیشی، ئەبێتە هۆی پێش چاوخستنی ڕەهەندە نهێنیەکانی دەق و گەشانەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی شێعر و ئەدەبی ئێمە... جیا لەمەیش ڕەنگە بەو قەناعەتە ئاکارییە گەیشتووین کە بێدەنگبوون دەرحەق بە دەقی لە چاپدراو، خۆی جێی ڕەخنە و سەرسوڕمانە و وەکوو خەسارێکی گەورە چاوی لێدەکەین.

بەڵام ئەوەی ڕاستە لە لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی، ڕەخنەگری هێشتا وەکوو کارێکی پیشەیی و پڕۆفشنالْ، پلە و پایە و ئەساسی خۆی دانەکوتاوە،

لەوانەیە ئەمەیش بەهۆی نوستالۆژیایەکی رۆژهەلاتیمان بێت کە حەز ئەکەین زیاتر وەکوو شاعیرێک خۆمان بناسینە کۆمەڵگا هەتا ڕەخنەگرا!
لێرەدایە کە هەر شاعیرێک بە جۆرێک ئەبێتە بەردەنگ و لایەنگەری شێعری خۆی و بەیس و ئەساسێک بۆ پێناسەی شێعری خۆی دائەنێ. کە ئەمەش خۆی قەیرانێکە بە ڕووی دەقی شێعری ئێمەدا. ئەڵبەت ئەمەش لە بیر نەکەین کە هەوڵدانی شاعیران و نووسەرانێک بەهۆی زانیاری و خوێندنەوەی تیۆری و دەقەڕەخنەییەکانی ئەمڕۆ کە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دێتە بەر دەستی ئێمە، توانیویانە بە نووسین لە سەر دەقە شێعرییەکان،ڕەنگە ئەو بۆشاییە وەهمییە پڕ بکەنەوە و بە قەولی محەممەد موەفەقی، ڕێگری فەرامۆشکردن و بایکۆتکردنی شێعری سەردەم بن.
لە وڵامی بەشێکیتری پرسیارەکەتان، ئەبێ لە پێشدا ئەم ڕاستیە زەق ببێتەوە کە دەقی شێعری، هەندێک لە شاعیرانی ئەم سەردەمە بە بێئاماژە بە ناوونیشانی شاعیرێکی تایبەت (دەقەکان شایەتحاڵی ئەم بڕوایەن)، چ لە بواری فیکری و مەعریفی و چ لە بواری کارکردی نێواندەقییەوە، چەن ڕەهەندی و چەن مێحوەرییە، واتە شێعری ستاتیکای ژیانی تاکی ئێمەیە بە هەموو پاڕبینییەکانیەوە (جزئی‌نگری)، ڕەنگە ئەم گوسەست و پچڕانەش کە نە تەنیا لە پێکهاتەی شێعرەکانا، تەنانەت لە ژیانی چەنلەتی ڕۆژانەیی شاریشدا بەدی ئەکرێ و ئێمەش وەکوو شاعیرێک و بوونەورێکی ئەم کۆمەڵگا مەدەنییە، ئەم خاڵانە وەکوو پێرسونایەکی زمانی فۆرمی لە دەقەشێعرییەکانماندا خۆیی تەنیوە کە بڕێ جار ئەبێتە خەسارێک و زۆرجاریش پانتایەکی پانایی (عرضی) لە ئیمکانە فیکری زمانییەکان ئەداتە دەستەوە، کە لێرەدا چەمکی (تیۆری و ڕەخنە) پێکەوە ئەبنە لۆسەیەک بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق. بۆیە ئەم دوو شتە بەردەوام لە پێوەندیەکی دال و مەدلوولی دان بۆ ئەندێشە و بیرێکی نوێی ڕەخنەگری دەقەشێعرییەکان...
٥. ڕەخنە وەک دیدێکی فیکری و مەعریفی و ئاماژەیەک لە جیاوازی دەلالەتەکان، چەندە دەتوانێ بۆ بەجیهانیکردنی ئەدەبی کوردی، بەتایبەت و هەروەها دەرخستنی ڕەهەندە فیکرییەکانی ئەم ئەدەبە و بونیادنانی دیدە جیاوازەکانی بۆ پێشکەوتنی وێژەی کوردی کاریگەر بێ؟

<u>چەڵەبی:</u> بە دڵنیاییەوە یەکێک لەو ئامێرانە، کە ئەدەبی کوردی بە جیهانی دەرەوەی سنووورەکان دەناسێنێ، ڕەخنەیە، هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر تا ئێستا ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی بەربڵاو و زانستی بە جیهانی دەرەوەی سنووورەکانی ئەدەبیات ناسراوە، سەرچاوە لە نەبوونی ڕەخنەی زانستی و نەبوونی بیری ڕەخنەیی دەگرێت. زۆرجار بەرهەمێکی ئەدەبی بە بێ بوونی ڕەخنە لە ناو خۆیدا سنووورەکان دەبەزێنێ و سەرکەشانە خۆی بە ئەدەبی دەرەوە دەناسێنێ، بەڵام ئاوەهاش بە بێ نەبوونی ڕەخنە ئەو بەرهەمە کاڵوکڕچ دەمێنێتەوە و وەکوو گوێزێکی بەڕوالەت جوان و ئازا وایە کە هەتا نەشکێ و لەت نەکرێ نازانین ناوەوەی چییە و چی تێدایە، بەرهەمێکی ئەدەبیش، دەبێ لە لایەن ڕەخنەی زانستییەوە تاووتوێ بکرێت و هەموو لایەنەکانی بێتە بەر باس و بە ئەدەبی دەرەوەی سنووورەکان بناسرێت.

هەر وەک ڕوون و ئاشکرایە ڕەخنە دەورێکی زۆر بەرچاوی لە بەڕۆژبوونەوە و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردیدا هەیە، هەروەها ڕەخنە وەکوو زانستێک پێویستە لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا وەکوو لایەنێک لەو جیهانە گەورەیەدا کاری لە سەر بکرێت و بە شێوەی زانستی و ئاکادیمی بەرەو ڕەهەندێکی فیکری و مەعریفی لە ڕۆچنە نیگایەکی دیکەوە و لە چوارچێوەی پێناسەیەکی تر بێتە ئاراوە و ئەدەب و وێژەی کوردی بەرەو ئاقارێکی، کە لەوەی کە تا ئێستا بووە بەبات و ڕەوتە فیکرییەکانی ئەو ئەدەبە بە شێوەیەکی بەربڵاو زەق بکاتەوە و ڕەوتێکی تر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بێنێتە بەر باس و وەکوو زانستێک بەتەواوی لە چوارچێوەی زارەکی و شەفاهی بێنێتە دەرەوە و خۆ لە قەرەی ڕەخنەی ئەدەبی وڵاتانی کە بدا و لە خزمەت ئەدەبی کوردیدا هەنگاو بنێت.

<u>سوڵتانبەگی:</u> سەیر کە ڕەخنەی نوێ کەرەستەیەکی جیهانییە. کلیلی ڕاڤەکردن و کارگەی بەرهەمهێنانی دەلالەتی زێدەترە. ئەگەر لە پیت و وشەی کوردی تێپەڕین ڕەخنەی نوێ زمانێکی جیهانییە. کەرەستە پێوەندییەکانی باختین ،یان پاژەکانی زمانناسی سۆسۆر لە هەمووی دنیا هەر یەکن. بۆ ئەوەی ئەدەبی ئێمە بەجیهانی بێت، بەر لە هەموو شتێک ئێمە دەبێ خاوەنی خەرمانێک دەقی ئەدەبێ دەوڵەمەند و شایانی خوێنەری چاوکراوەی جیهان بەرهەم بهێنین. ئەگەر بتوانی دەقێکی بەهێز و بەپێز بەرهەم بهێنی...ڕەخنەی جیهان، ئامێزی بۆ دەکاتەوە و لە پانتایەکی فراوانتری واتادا دەیناسێنێ.

<u>موڕادی:</u> با پێشتر ئاماژەیەک بدەم لە چەمکی تیۆرییە نوێیەکانی ئەم سەدەیە و کارکردیان لە نێو ژیان و دەقە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئێمەدا کە پێوایە پێوەندی بە پرسیاری پێشووش هەیە.
بۆ وێنە بابەتی (چەندەنگی) کە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شێعری ئەمڕۆی ئێمەیە، هاونشینی بەرفراوانی دەنگەکانی کۆمەڵگایە و هاوکاتیش مۆدێلێک لە ڕەفتاری نەخۆشە (پارانۆئیدیەکان) واتە هوروژمی هاوکاتی چەن دەنگە لە میشکی نەخۆشدا، یان وێنەگرایی و وێنەخوازی (imagism)لە لایەن (ئێزرا پۆندەوە) بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی وێنا دەکرێ، کە ئێستاش لە نێو دەقەشێعرییەکانی ئێمەدا، بەردەوام بابەتێکی گرینگە و زیاتر وەکوو وێنەی زمانی خۆی ئەنوێنێ.
چەمکی (ماناسڕینەوە)ش هەروەها، کە زۆر کەس بە هەڵە لەگەڵ بێمانایی‌دا هەڵی ئەسەنگێنن!. واتە دەقی شێعری ئەمڕۆ، زیاتر دەقێکی پەراوێزخوازە. بەو مانایە کە (کەڵەماناکان) لە سەنتەرییەتی دەق ئەسڕێتەوە و دواتر لە گشتییەتی دەقدا خۆی وێنا دەکا. هەروەها ماناکان بەپێی ڕاڤە و چەمکی ئاسایی‌سڕینەوە (نامۆگەری)، بوون و ئانتۆلۆژیای خۆیان ئەدەنە دەستەوە و جوانی‌ناسیشیان بۆ خوێنەر تەنانەت لە کایەزمانیەکانیش‌دا، دەرئەکەوێ. ئەم چەن خاڵە کە بەکورتی باسی لێکرا، چەن نموونەیەک بوو لە چەمکی تیۆری و کارکردیان لە دەقدا.

که ڕەخنەگر بە زانیاریەوە ئەتوانێ چ لە باری بوتیقایی و چ لە باری هێرمونیتیکییەوە، ڕاڤە و لێکۆڵینەوەی خۆی ئاراستەی دەق بکا و ببێتە پردێک لە نێوان دەق و خوێنەر. بۆیە (پۆل‌ریکۆر) لە کتێبی (کات و گێڕانەوەدا) دەڵێ: هەر چەشنە دەقێک، جیهانێک بە ڕووی خوێنەردا دەکاتەوە. واتە ئەو جیهانە دەقییە، ئایا هەر ئەو خوازە و سازەیە کە شاعیر لە شێعردا ئەیخوڵقێنێ؛ یان نە، خوێندنەوەیەکی‌تر و داهێنانێکی تری دەقە لە لایەن ڕەخنەگرەوە؟ بۆیە منیش لەو بڕوایەم کە، دەور و ڕۆڵی ڕەخنەگر هەتا دێ لەبۆ ناساندنی دەق، نە تەنیا بە خوێنەری کورد بەڵکوو بە زمانگەلی تری دنیاش دەورێکی سەرەکی و بەرجەستەیە. ئەڵبەت ئەم کێشەیەش لە بیر نەکەین کە ئێمە هێشتا خاوەنی زمانێکی بە تەواوەتی ستاندارد و دەوڵەمەند بە هەموو پۆتانسیلەکانی (مەبەست زمانی یەکگرتوو بە تەواوی زاراوەکانییەتی)، نین. ئەگەرچی بەم کەموکورتیشەوە، هەندێک لە دەقە ئەدەبییەکانی کورد لەم چەن ساڵەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانگەلی زیندووی دنیا، بەڵام ئایا بەڕاستی هێشتا بە باشی دەرفەتی ڕەخنە و تەنانەت خەسارناسیان پێ دراوە؟

بەم چەشنە، گرینگایەتی ڕەخنە و ڕەخنەگری کاتێ دەرئەکەوێ کە سەنتەر و نووسینگەیەکی زانستی ڕەخنەییمان هەبێ و تەواووەخت، بەردەوام بێ لە بەرهەمهێنان و ئەرکی خۆی بە باشی وەئەستۆ بگرێت. دیارە زمانی کوردیش وەکوو هەر زمانێکی زیندووی دنیا زمانێکی بە توانایە و پڕە لە پۆتانسیل و دینامیزمە زمانییەکان و هەڵگری ئەوە هەیە کە بەردەوام لە وەرگێڕانەکان‌دا خۆی تاقی بکاتەوە و لە خانەی ئەدەبیاتی ئەمڕۆی دنیا، جێگەوشوێنگەی خۆی بکاتەوە.

٦. مەریوان وریا قانع لە کتێبی "بەختەوەری و بێدەنگی"دا گۆتاری چوارەمی ڕۆشنبیری وەک بەرەیەکی نوێی ڕۆشنبیری دەستەبەر دەکا کە جیاواز لە بەرەکانی پێشووی ڕۆشنبیرییە؛ ڕۆڵی شاعیرانی سەردەم لە پێکهێنانی بنەما یان پرەنسیبی ئەم بەرە لە ڕۆشنبیری چۆن دەبینن؟

چەڵەبی: لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆ بەڕێز مەریوان وریا قانع و هەروەها بەو هۆیە کە پەرتووکەکەی جەنابیانم نەخوێندۆتەوە و هەروەها وەکوو بیری تاکەکەسی خۆم، بەو هۆیە کە من وەکوو "ئەرسەلان چەڵەبی" هیچ چەشنە باوەڕێکم بە هیچ بەرەیەکی ڕۆشنبیری نییە لەو وڵاتەدا، وڵامی ئەو پرسیارە نادەمەوە.

هەڵبەت ئەوە ڕوانگەی تاکەکەسی خۆمە و منیش لە دونیای ئەدەبیات‌دا خاڵێک نیم کە بێمە بەر چاو و کاریگەر بم و هەر بەو پێیەش زۆر بە ئاسانی دەتوانێ هەڵە بێت.لەگەڵ ڕێزم.

سوڵتان‌بەگی: لە بیچمگرتنی ڕەوتێکی شێعری‌دا ،باشترە بڵێم شێعری بەرەیەک، کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز بەتایبەت هۆکاری سەر بە کات و شوێن دەوریان هەیە. ئەگەر زمانی دەربڕینی ئەم چەند ساڵەی دوایی شێعری کوردی زمانێکی جیاوازترە ئەمە یەکێکە لە دیاردەکانی شێعری ئەم قۆناغە. بەگشتی شێعری ئەم چەند ساڵەی کوردستان ڕاچڵەکان و هەوڵی باشی پێوە دیار بووە. بە نەریتی کۆنی شێعر ،بەردەوام هەنگاو دەنێ بۆ تازەبوونەوە. بۆ تاقیکردنەوەی چەشنەکانی دیتری دەربڕین. بەڵام دەگەڵ هەمووی ئەم خاڵە نەرێنیانەدا کۆمەڵێک دیاردەی واش هەن لە شێعری ئەم چەند ساڵەی کوردی‌دا چنچرووک بە سەر مینای ڕوحی مندا دەهێنن. شێعرەکان زۆر مەیلی بە ناوچە ناوچەبوون و شار بە شاریان هەیە. جیا لە مەش شاعیری ئەم قۆناغەی ئاخیری، هێز و دەسەڵاتی زمانی کوردی زۆر بەلاوە غەریبە. کەمتر خۆ ماندوو دەکا بۆ دۆزینەوە و ئەکتیف وکردنی توانا شاراوەکانی زمانی کوردی. جاری وایە زۆر بەڕاشکاوی هەست دەکەی شاعیرە لاوەکە ئەڵێ خەریکە بە فارسی بیر دەکاتەوە و بە کوردی دەنووسێ. ئەم چەند خەسارە لە پاڵ هەمووی ئەو دیاردە باشانەی شێعری ئێستادا بە مەترسی‌داری دەزانم و ئەبێ وشیارانەتر لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەی.

موڕادی: با سەرەتا بڵێم، بەهۆی گشتی‌بوونی بەشێک لە پرسیارەکان لە لایەک و دەرفەتی کورتی وڵامدانەوەیان لەم لاوەو و لە قاڵبی وتووێژێکی ڕۆژنامەوانی، زۆربەی وڵامدانەوەکانم پێوەندی بە شێعری کوردی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتەوەیە. بۆیە پەیڤاندن لە سەر بزاڤی ڕۆشنبیری بەگشتی و بەرەیەکی دیاری‌کراویش بەتایبەت، مەجالی زیاتری پێویستە و هەڵبەت ئەمەیش بڵێم کە من هێشتا ئەم کتێبەی "مەریوان وریا قانع"م بە دەست نەگەیشتووە، بەڵام بە ئاماژەیەک لە سەر بیروبۆچوونی خۆم، لەوانەیە باس لە بەرەیەک ئەکەن کە بە دوای پرۆژەی ڕەهەند و سەردەم و وێران و...دەست ئەدا بە تازەگەری لە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی، بە جیاوازی لەگەڵ بەرەکانی پێشوودا. ئەوەش لە بیر نەکەین کە لە مێژووی ئەدەبیاتی مۆدێرن‌دا هەمیشە ڕۆشنبیر لەگەڵ شاعیر و نووسەر، بۆ پێشخستنی فیکر و ڕێخستنی بزووتنەوە فیکری و فەرهەنگییەکان، ڕۆڵێکی هاوکاتی بووە؛ بەو مانا کە ئەو بزاڤە فیکری و ڕۆشنبیریە کە لە دەرەوەی دەقدا ڕوو ئەدا، لە نێو دەقەکانیش‌دا ڕەنگ ئەداتەوە. بۆ وێنە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری (مشروعە) سەر هەڵئەدا ، نیمایۆشیجیش هاوکات دەست بە تازەگەری ئەدات و...هتد.

بەهەر حاڵ بەو پێیە کە لە شێعردا ئەم پۆلێنبەندیە بوونی هەیە، پێویستە لە بابەتەکانی تریش‌دا بەردەوام لە داهێنانی فیکر و ئەقڵانییەتی نوێ‌تردا خۆی تاقی بکاتەوە و پێمواید شاعیرانی سەردەم بەو پێیەی ئاماژەی پێ‌درا بە فیکر و ئەندێشەیەکی نوێەوە دەنووسن، ئەتوانن بە نوێخوازی و داهێنانی تازەتر، هاوتەریبی ئەم ڕەوتە فیکری و ڕۆشنبیریە بڕۆنە پێشەوە و بەیس و پرەنسیپێکی نوێ لە کۆمەڵگای مەدەنی! ئێمە، دابمەزرێنن.

٧. لە کۆتایی‌دا سەبارەت بە شێعری کوردی بەگشتی، چ شتێک بە پێویست دەزانن کە ببێتە هۆی تێڕامانی زێدەتری زەینی چالاکانی ئەو بواره لە ئەدەب و هەروەها خوێنەری ئەم وتووێژە؛ وەک دەلاقەیەک بۆ کردنەوەی لێدوانی زیاتر لەم بارەیەوە؛ تکایە بفەرموون.

چەڵەبی: لە کۆتایی‌دا هیوادارم ڕەخنەگرەکان و نووسەرانی کورد جارێکی تر، وەکوو ئەرکێکی ئەدەبی، بە تێڕامان و ڕوانگەیەکەی دیکەوە مەکتەبی

شێعری سواره بخەنە بەر باسوخواس و ئەو ڕۆژە بێت کە شاعیرەکانی ئەدەبیاتی کورد خۆیان لەو ڕەوتەدا تاقی بکەنەوە و درێژەدەرەی ئەو ڕەوتە شێعرییەی ڕۆژهەڵات بن کە بەداخەوە هیچ کات ئاوڕیکی جیددی لێنەدرایەوە.

هەروەها هیوادارم هەنگاوەکانی سەرجەم نووسەرانی کورد بۆ پەرەپێدانی ئەدەب و زمانی کوردی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتەوتر و گەشاوەتر بێت، سپاس بۆ ماندووبوون و دڵگەرمی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد و هەروەها دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە خۆشەویستە .لەگەڵ ڕێز و سپاس بۆ هەموو لایەک.

سوڵتان‌بەگی: —

موړادی: بە گشتی پێمۆایە لەم جیهانە پڕ جنێو و نەفرەتەدا، لەم هەموو شەڕە دەسەڵات و بکێش بکێش و بچڕانەدا، ئەگەر شێعر و هونەریش بوونی نەبێت، فیکر ئەکەمەوە وکوو شاعیرێک، ژیان لەم گۆرگەبازارە، شتێکی بۆ هەڵکردن و بەردەوامبوون نامێنێتەوە. بۆیە فیکر ئەکەمەوە ئێمەی کوردیش وەکوو هەر نەتەوەیەکی‌تر ئەبێ پانتای شێعری ئەمڕۆمان لە ئاستێکی بەربەڵاوتردا ببینین، ئێمە خاوەنی ئەزموونگەلی باشین لەم بوارەدا و هەروا کە لە وڵامی پرسیارەکانی‌تردا ئاماژەم پێکرد، زمانی کوردی، زمانێکی ئەکتیڤ و زیندوویە و بەم هەموو پۆتانسیێلە زمانی و زاراوەییە، ئەتوانێ لە ئەزموونە نوێترەکانا بە باشی ڕۆڵ بگێڕێ و بەردەوامترخۆی بە دەقی شێعری جیهان و جیهان‌دەقییەکان، بناسێنێت.

ئەگەر بە لایەنگەری لە مۆدێلێکی تایبەتی شێعری خۆم نەدرێتە قەڵەم، ئەڵبەت تێڕوانین و بۆچوونەکانیش زۆرجار شەخسییە، بۆیە وەک شاعیری کتێبی (خەونبان)، کە ماوەیەکی کورتە لە چاپم داوە و هەندێک ئەزموونی جۆرواجۆری زمانی وفۆرمی و... بە مەبەستی داهێنانی زیاتری شێعر بە کەڵکوەرگرتن لە پۆتانسییل و دینامیزمە زمانییەکان بەهۆی جوانی‌نواندن و پێوەندی زیاتری دەق لەگەڵ خوێنەردا، تاقی کردووەتەوە، لەو بڕوایەم کە، شێعری ئەمڕۆ، شێعری تاقی‌کردنەوەی ئەزموونە نوێیەکانە، شێعری پرکردنەوەی بەشێکی زۆر لە بۆشاییەکانە، ئەو بۆشاییەی کە جگە لە خودی ژیان، تەنانەت بووەتە مەودایەک لە نێوان دەق و خوێنەردا، بۆیە شێعری ئەمڕۆ، شێعری پێوەندییەکانە، شێعری ژیانی ئێمەیە بە هەموو شەکەتی و هەڵەکەتی و لەتەکانیەوە... لە دوایی‌دا بەردەوامی و بەختەوەری بۆ ئێوە و خوێنەرانی دەقی شێعری ئاواتەخوازم و حەز ئەکەم بە بان‌ترین و درشت‌ترین فۆنتی لەپتۆپەکەم، فۆنتی (٧٢)بنووسم: تکایە جەنگەڵەکان بپارێزن، با دەقی شێعری کوردیش، زیاتر و زیاتر لە چاپ بدرێت!



پیاوێک له پیاڵەیەکی شەڕابدا هەموو حەزەکانم دەخواتەوە

ڕووانا چوپانی

پیاوێک له پیاڵەیەکی شەڕابدا
بەرەو ئێوارەیی تاقستانی زوومی کردووم
سفرەیەک بە گەورەیی دڵم دەکاتە پەرژین
نەوسی سەردبووە له گەرۆی
خۆم ئەکێشمە بەر نەرمە هەتاوی بەر پەنجەرەم
بە نیگایەکی فراوان دێمە ناو فکریەوە
بەڵکوو نەشکێ پەرداخەکەم
بە هوای مەیلت هاتوومەتە ناو ئەم شێعرە
گەر ناخۆشی کەی
ئەبێ دەس هەڵگرم له کاغەز و قەڵەم
بچمەوە سەریاڵ
ئێرە دوڕگەی بێپایانی کچێە نیمە
له کەشفی ماچێکی تازە مامەوە
پێت دامێ ؟!
بە میلی مەرامی سیفەتت گەیشتی بە خوا پیاوێک
بە یەکەم دەریا نوقمی ژنێک
کرژ
کرژ
دەڕژم
خاوو
خاوو
دەمکەیتەوە
پێم ئەڵی بەتاڵ مەبە زوو وەرەوە
پیاوێک له پیاڵەیەکی شەڕابدا هەموو حەزەکانم دەخواتەوە
من کاولی نەفەسی بووم لایەکم لێ بکاتەوە
بە لێوە دزی پێکەنینێک چۆڵ
چۆڵ ئەمڕۆخێنێ
پیاوێک گەرامەری دڵداری ئەڵێ
من دەینوسمەوە
حەزی لێو بە جەگەرەوە پێ ئەنجامە
جارجارێکیش نە
هەموو ئێوارەیەک ئەمسوتێنێ
حەرامم ئەکا
وەکوو ژنێک کە کورێکی هەیە
ئیدئۆلۆژیای ئەشق هیچی تیانامێنێ
ئەم پێچێتەوە له مەحاڵا؟!
ئێرە وێستگەی گۆمانە

شەڕابی چی ؟!
نفرەت بووەتە قاوە تاڵتاڵیش بمخۆن ئەڵێن باوە
حەز بێگانە لێی سەندووم
سیاست خاون ئیمانە
من له جازبەدا خواپەرست
تۆ له فەلسەفەدا کافر
هیچ بارانێک تەڕت ناکا
سێو ناگاتە نیوەی خۆی
تا من نەگەمە شوعاعی زەوی و
بێمە ناو فکرت
شێعر له باڵما بەرز
پیاوێک له نووسینم
له بێدەنگی موبایلەکەم چووەتە شەک
تێک ئەچمە تەنیایم
خەیانەت
خەم و
خۆکوژی
هەڵ ئەپێچمەوە بە تابلۆیەک
له سەفەر
دڵداری
ئەوی دیکەیشیان هاڕمونی ڕوحێک له باوشی تۆ
دێمەوە سەر خۆم
با نەڵێن شێتم
بەکەم ژنم بە پیاسەی پێنوسەکەم حوکومیان بۆ داناوم
بێیان وا نییە گیانم بکێشن
نووخاوکوژ ئەبم
تێر ئاگای له برسی نییە
پیاویش له دڵی ژنا نیشتەجێ نییە
.....
من پەڕوباڵ قەرتاو دەمەوێ بفڕم بە میلتەوە
تۆ سیخۆری دڵمی
شەقام بووەتە هەواڵنێری ئەشق
زۆر کەس کونە
من نامەوێ بچمە کفری ئەم قسانە
لای من پیاوێکی تازە باوی
ئەتکەم بە موسڵمان هەر چەن له حەنای مەنا بێئیمان ژیاوی
کەس تاقەتی ڕومانی دڵداری نەماوە
له بەر شووە شێتەکەی خەیاڵم و
کوڕە ئاسارە جاویدەکەی تەمەنم دەتنوسم
بە پڕ بەرگی لیمۆ
دوور بێ له نیگتیڤی زەمان

هەواڵنامەی کێبڕکێ

...

لێرە تەنیاتم
هیچ فکرێک فریام ناکەوێ
دەچمە دارستانێک لە قەراخستانی چاوانت
لە ڕەنگامەی تێک ئەچێ ئینسان
تا بەگا بە من؟!
منێک بە قەناعەت ناسراوم
هیچ تەماشایەکت پێنەدام
زەوی لەرزۆکە لە بەر پێم
بە تەمای بارانیش بێدێمەوە ناو هەوری نیگات
ویلّت بوومە !
لە دوایین سیمای کورپێکەوە چوومە زکرت
دەزانم
سیالّاوت هاتە لە دەس کەنیشک ئەم زەمانە
دەچمە سەر ئەم حەدیسە خەلّوتیانە
ئاشنا ئەبمە تابلۆکەی بەر مالّتان
چە کۆلّان ڕفانێکە
نانیش حەلّال نەبێ
کچێک بە قەوارەیی کورپێکەوە دادۆراوە
بێ تەعارف ئەلّێن؟!
ژن چ حەشیمەتێکە لە حەیاتی حەوسەلەی ئەو زەمانە
پیاو بووەتە ئەفسانە
ئێرە وێستگەی گومانە

...

لای من پیاوێکی تازە باوی
دلّت لە ڕەنگی بەیانێک بێ
دوور لە من هەلّنەگەڕابێ ؟
چیت پێخۆشە تازەتر بێ
لە مەداری شاعیرانەم گەورەتر بێ
لە مەسکەنی شێعرما ژەنانە قەسرت کردم
کە پیاوانە بێ بە خاون دلّم
کوڕانە بێتە ناو جەرگەی ئەشقم
لە ئەگەری کچێنیما
حەرەمی حەرامی باوشتم
بە مەجازی خۆشەویستیش بێ
دەتکەمەوە لە فەرسەقی چاوانم
ئەترژێنمە شەڕابی لێوەکانم
حەرارەتی دلّ پەنجەرە ئەشکێنێ
فۆڕمێ لە باوەشت دەردێنێ
بە جوانترین سەبک
ناسکترین دەنگ
خۆشترین تام تا دەگەمە تۆ
باران
هێما
هێما
ئەمتەکێنێ
خوایا
تازەم کەرەوە بۆ حەلّلبوونم
دەمێکە ڕوون بوومە لە ڕووباری
ڕووتبوونەوەی خۆم لە کەنار مۆلّەت دەگرم

تا دەگەی بە گەردەنم
سەوزت دەکەم لە جنسی خۆم بۆ ناشتنت
تا دەستت بگا بە ئەندێشەی شەڕابیم
لە باکتریای لەشم قاچاخ
قاچاخ
نەمرم
ئایندیەک لە دووڕیانی چاوەکانم ماتەلّتە
تۆ چرایەکی بۆ لێدەی
سەفەر دەسپێکی تازەترین شێعر بێ
لە بالّای تۆدا
کەمەر ببەسرێ.

شیرین ژیانێک سەخت

هەرمان وەتمانی

بالّات دەدرەوشێمەوە پەشمینەیەک گڕ
تا زەندۆڵ بە هاناتەوە کەربەلاترین زەخت
چاو: گەش دەبارێم
لە دیدارت زەردەپەڕ
پەشیمان نەبم پزیسکبارانی سوور و
گوڵە مێلاقەکانی سەرەڕۆ
کە شێرێک سەر هەڵبدا کۆپ
وە بالّات دەدرەوشێمە شەو
تاڵ دەپڕسێی و ژەنگ
زامێک بە ڕووخسارتەوە شیرینژیانێک سەخت
تا زەوی کە دادەبارێتە باران و
گڕ
دەبالّات هەڵدەکەم پەشمینەیەک ژان
کە نەتگوت ژەنگ:
دایڕێژە ناسک بلّێسە
گوڵ دەپشکوێم...

له گۆڕەپانەکان‌دا...

شەویار گولابی‌ئازەر

"ئێرە گۆڕەپان نازبالّنجی پوولّە و
پوولّیش کاراکتێری کرپانەوەی شقارتە"

.....

● گەر گالّتەم بە گۆڕەپان بخوێنێتەوە حەز
ئەوە پوولّ بە پژمینی باوێشک لە خەمی ڕۆژانەدا
موسیقا بە بەرد دەژەنێ

.....

● دەرێ بابانت ڕۆشن
دەبەید هەلّمەتروشکێ
لە سەیری نێوبژێوانی جەستە و ئاگری ئەم گۆڕەپانەدا

.....

● گۆڕەپان دەرفەتێکە
لە مەزنترین سالّوەگەڕێ پاپۆڕە سەرخۆشەکان و
کرۆکی خەزێنەیەک

.....

● ئێرەییت قیڕەی گەوجی کارەساتە
لە چیرۆکی پۆختەی مشاندنی غیرەت و
هەلّدانەوەی شەرتی گۆڕەپان لە خاکدا

.....

دەستم چەتر و بن دیوارم دیوەخانێ

ڕەزا سووری

مالّ بە مالّ ....
جادە بە جادە ...
کۆلّان بە کۆلّان...
سەرت هەلّبێنە
دڵانت دەرخە
پێکەنینێک چی تێ ئەچێ کچێ؟
نیگایەک چی تێ ئەچێ خاتوون؟
نازانی دەمێکەیە لەم قورمساخ پیادەڕەوانەی ئەم شارە بێ
دەرودەروازەیا گرفتارم
جادە بە جادە ...
تێوەگلام لە گلێنەی چاوی کلاویتا... ڕەش ڕەش...
دڵانەت دەرخە
پێکەنینێک چ بایەخ !
دەمم زیپ
دەستم بێخوێ
چاوم سپی
بزەیەک چەنی خەرجە؟
گیرفان گیرفان ...
منالّیم لە بالّتاوێکی گەشا کالّ بووە
ئێستا بۆر ئەکاتەوە سمێلّی تاشراوی پیاوەتیم و بەزیام نەکرد ئەم ماچەی تۆ
نەتدامێ
دە لایەک ... دە نیگایەک ... دە مالّم بە قوڕگرتی دە سەمایەک ...
چێنچین ... چین ئەمانە وا گرفتارم و بەرم نایا خولیای گرژی
دە هەوایەک ... دە گۆشە چاوێک ...
مالّ بە مالّ ...
کۆلّان بە کۆلّان ...
بست بە بست ...
ئێستاش وا لە ئوتوبان وەڕەزم
لە ئاسانسۆڕ و پرد و تەلار و هەرچی نیشانەی تۆی پێوەیە
دە بە گیانی ٢٣ سالّ هەناسەم، دوێنێ پلیکانە بەرقیەکانی مێترۆ بۆنی تۆیان لێ‌ئەهات
دە نیگایەک ... !!! ... مالّتم ئاوا کرد
جادە بە جادە ...
فرمێسک بە فرمێسک ...
دڵۆپ بە دڵۆپ ...
خواش نەیزانی چەن شێتانە شێتم ...
چەن جادەم بە جادە کرد و چەن کەنارم وازۆی پێخاوسیەکانم کرد
دە ساتێ دە کاتێ .. لە هەورازێ لە نشێوێ لە بەندەنێ .. کچێ گرفتارم...
لە ماچێ ... لە ڕاموسانێ ... لە ژوانێ ...
کاتژمێرێک ماوە بۆ تەواوبوونی حەوتەمین وێسگەی چاوەڕوانی ...
کەنار بە کەنار ...
مالّ بە مالّ ...
پرد بە پرد ...
سەرم بکەمە سەر دەستم و هەنارێک ژێر سەرینەکەم ...
ئای بە لەنجە مەڕۆ مالّم وێرانە ...
نەشماندی لەنجەیەک ، هەنگاوێک ...
دە نیگایەک ...
وا چاوت ٧ سالّە نەترووکاندووە...

ئەو سەنگفەڕشانە چییان تیایە کچێ
جادە بە جادە ...
مالّ بە مالّ ...
ئەزانی کەس ناوی تۆی نەبیستووە ؟!

هەوالنامەی کێشت

ده ساتێ .. کاتێ ...
ئاااااخ ... چەن سەغڵەتە داماوی جەستە بەردینەکەت بم ...
ئەمە ٧ ساڵە ... ٧
لە بارانێ ... لە پروشانێ ... لە شڵێوانێ .. کڕێوانێ ...
دەستم چەتر و بن دیوارم دیوەخانێ ...
هۆ دادە... دە لادە خۆت لادە ... چ بارانێ چ تەرزانێ
پرچت تەپش نابێ ...
جلت خوسیش نابێ ...
سنگ و بەرۆکت شۆڕپش نابێ ...
بەرەدمت گۆم ... کەنارت چۆم ...
ئەم جارەش ماڵ بە ماڵ ، جادە بە جادە ...
پەیکەرت گڕانیتەو ... پەیکەرم کەس لە کەسە ...
دە چاوێ ... دە نیگایێ .. دە هەوایێ ...
بزەیەک چەن ؟
دەستم لە گیرفان ...
کووچەکەمان چی تیایە وا بە ڕوو پشت و بە دڵ زیزی ...
حەیرانێ ... ماڵم وێرانێ
ئاوڕێک وەیە ...
جادە بە جادە، کۆڵان بە کۆڵان ...
ئەمە ٧ ساڵە چیرۆکی کوڕە شێتەکە و پەیکەری کچە شەرمنەکە بۆتە قۆشمەجارِ
دە نیگایێ ... دە نازێ ... بە لەنجەش ناڕۆی دڵم بتگاتێ ...

بستێک دوورتر لە قامکەکان
بۆ باوەشێکی گەرم و شین
کە بە دەستێکی لە بەر پێمدا،
داوێتی لە تاوانی ماچە قەدەغەکراوەکاندا
قوربانی کرد
بەوێ دەستی، دارە تووی ئاسمانی ڕنی
بۆ باوەشێکی تری دایکانەی پڕ متمانە
کە شەپۆلی تیشکی خۆری ژینی لێدەهاژی و
سیپاڵێ بێوەژنێتی بە کۆڵ دادابوو
بۆ کۆڵانێک کە لە ترپەترپی شەمێکی گرینۆک
لە بیلبیلەی چاوەکانتڕا
بۆ لای من چەمیبوو
بەرەو ڕابردوو دەڕۆم
دەبمە گەڕایەک لە کونی شمشاڵێکدا
کە لە گۆرانی مانگ و لە ژێر عاسمانی پڕ ئەستێرەدا،
گۆڕا.
بۆ دوایە
بۆ ڕواڵەتێکی تاڵ و ڕەش لە باب
کە هەرزەکاری چاند و دەرئەنجام
بۆ هەڵاتن لە خۆ،
بە هەڵکەوت سەری نایە سەر سەرینێکی دوو کەسی
بۆ دوایە،
ئەوەندە کە ئێتر، نە ناوێک
نە ماڵێک، نە وڵاتێک، نە بیر و بڕوایەکم هەبێ
وەک گەڵایەکی ون بوو لە نێو لێردا.
بۆ هەوەڵین گوناحی خاک
کە ناوی ئینسانی لە من نا.
بۆ ئەو شوێنە
کە لە پنچکێک، لە هەرە شوێنی ناسکی گیا ڕوسکام
بۆ ئەو شوێنە،
کە لەوێ لە بن سێبەری داری بەڕوو،
ئارەقەی ماندووی تەوێڵی مێژوو دەسڕمەوە و
گەڵاکانم بە هەناسەی وەنەوزەکانی دەشنێتەوە
دواتر لەوێ
هەموو شتێک دەسڕمەوە
هەموو شتێک، تەواوی ئاسەواری بوونم لە نەبوونِدا
هەموو شتێک بێ لە شێتی کە وشەی خوڵقاند
هەتا هەموو شتێک هەر وەک خۆی ببینم
لەپڕ لە خەو ڕاچەنینی گریانە و
ڕووشاندنی ڕوخسارم بە چنجرۆکی تووڕەیی
کە بە هاوارەوە لە وێنەی وڵات ڕادەکا و

"دەڵێی هەزار ساڵە دەژیم"

سەید سمایل بەرزەنجی

لەو سووچە بچووکتر لە هۆدەکەم
وڵاتێکی قەدکراوە،
لە نێوان دوو دەریادا ڕێخەی دێ
لەو کاتەی کە زۆربەی شەوم شەق کردووە
هەتا تەواوی ئاسەواری بوونم،
لە پێناسەکەم بسڕمەوە
شێتی شەپۆل لە دووی شەپۆل دێ
شەپۆلشکێنەکان تێکدەشکێنێ
بۆ هەرێمی منداڵێم دەگەڕێمەوە
بۆ شوێنێک کە قارقارەی منداڵیم هەڵدەگرم و
شارێک بە شاباشی شادی دەپێوم
بۆ دوایە،
بۆ ئەو سێوانەی کە لە کۆڵانەکانی هاوینێکدا

له پەنجەرەوە بەرەو هەرێمی ڕەش و تاریکی خۆی دەچێتە دەر.
دوو دەریا هەتا نێو قەدی هۆدەکەم هاتوون
شەپۆل لە دوای شەپۆل
یەکیان شیوەن دەکا
ئەوی تر ناسنامەکەم بۆ ئەو پەڕی ئاوەکان دەبا
ئیدی وڵاتێکم نییە و
جیهانەکەم بچووکتر لە هۆدەکەم
هۆدەکەشم،
لە دەریا بێسەروبنی بیرەوەرییەکانمدا
لە دڕکێک دەکا.

خورەی خەیاڵدان

ڕۆژ هەڵەبجەیی

(١)
شەو ڕەنگێکمان بیر دەخاتەوە،
لە هەناویا تیشکی خۆر سپی، سپی
ئاسمان بە قەڵەمی باران
عاتیفە دەنووسێ ئەزەلی...
ملیۆنەها ساڵە عاشقە و نایگۆڕێ،
مەعشوقەکەی زەوی...!!
(٢)
کە سێبەر پیر دەبێ،
ئێوارە دەبێتە گۆڕستانی،
کە درەخت پیر دەبێ
تەور دەچێتە خەیاڵی...!!
(٣)
مەرگ هەردەم لە ڕۆشتن دایە..
تەنها حەقیقەتێکە
پێڵاو ناگاتە پێی بۆ ڕۆشتن..
مەرگ هەمیشە لە سەرکەوتن دایە..
تەنها فێرگەیەکە بە ئەزمونی
وەرزەکانی ساڵدا تێناپەڕێ،
باکی نییە لە سەرکەوتن..!!
(٤)
پێکەنین و گریان...
دراوسێی پردێکن،
لە سەری نووسراوە ژیان
(٥)
نە ڕووناکی و نە ڕەشەبا و
نە سێبەر دیل ناکرێن...
با لەوانەوە فێر بین
وانەی ئازادی ئەزبەر کەین...!!
(٦)
هەندێجار کە گەردەلوول باسکی هەڵدەکا،
شەپۆل دەریا دەکاتە کۆیلە..
درەختەکان گەڵا دەکەنە شەپقە..
بەلەمی با جووتێک باڵ،
دەداتە چیلکە...!!
(٧)
کە ئێوارە هات لە خەیاڵدانما،
تێڕامان دەکێشم و سەفەر،
لە ناخما کەڕەتێ سفر دەکەم،
پێڵاوەکانی شەو پێوە دەدەم،
لە دەژمێری حەوتی چاوەڕوانییا
لە ژوورە دڵتەنگەکەمدا،
قفڵێک لە نووستن دەدەم..!!
(٨)
لە خەیاڵدانا خەیاڵ، خەیاڵ،
خامۆشی هەڵدەکێشم،
کە دەزانم لە بزاڤی بیرەوەرییەکانمدا
ئێتر بێدەنگ، بێدەنگی...
ئاخر تۆ چیت، چی؟؟؟
کوشتن دەمکوژیت و
کەچی هەر خۆشەویستی...!!
(٩)
کە کەشتییەک توانی لە ناوەڕاستی
دەریا مەلە بکا..
نقووم‌بوون لە شانەکانییەوە،
سواڵ دەکا..
کە گوڵ توانی لە ناو باخچەدا،
بە پێوە پێبکەنێ،
شنەبا لە ناو گۆرەوییەکانیا
خۆی حەشار ئەدا..
کە جریوەجریوی چۆلەکەیەکیش،
چووە خەیاڵدانی تاری کەمانەوە،
تا ئەبەد عەتری گوڵ وا بە سنگی گوڵستانەوە...!!
(١٠)
ئەوە منم دڵم دەکەمە نیشتمانی تۆ،
کەچی ماڵی چاوەکانی تۆ،

خاڵییە لە خەیاڵدانی من...
ئەمە ئەوینێکە یەک لایەن...
خەتای تۆ نییە من هەمیشە بارانم و
تۆ چەتری سەرم نیت،
ئەی خورپەی خەیاڵی خەیاڵدانم...!!
(١١)
تۆ کە دیمانەی جێهێشتنت کێشا،
منت شەڵاڵ کرد لە فیراقی دڵ،
تۆ شەرت کرد لەگەڵ ناسکی،
ئەمە پێناسەی غەدرکردنێکە،
لە پەنجەی گوڵ..!
(١٢)
جوانیم خۆی حەشار داوە،
لە پشت پەراسووەکانی پیرییەوە،
وەک چەپڵەڕدانی گوڵێک،
لە خوار قاچی سەرەنوێلکەوە...!!
(١٣)
دیدارم لەگەڵ تۆدا درەختێکە پڕ لە گەڵا،
کە جێمدێڵی تینووبوونی هەنگاوەکانت،
تابووتی درەختێکە تەرمی گەڵا...!!
(١٤)
تۆ پیاو بوویت، قارەمان
دەستت هێنا بە پرچەکانما و
ڕەشیت سرییەوە..
لە باوەشت کردم و باخی
سێوەکانت ڕنییەوە..
بە ئاوەدانیما تێپەڕیت و
چەمی چۆڵەوانیت ڕۆ کرد...
وتت ئیتر تەواو ..حەوسەڵەم نوختەیەکە تەواو
میش ووتم درێغا لە خورپەی خەیاڵدانما،
تۆ چەند پیاو بوویت چەند قارەمان..!!
(١٥)
کە عیشق هەڵهات،
مەرگ لە دەرگا نادات...
عیشق هەڵهاتنی خۆرە ،
لە کەمەری شەودا...!!
(١٦)
ڕابردوو واتای جێهێشتنە،
ئێستام داپۆشیوە بە سبەینێ
بە پلەکانی سبەینێ،
دەگەمە لووتکەی داهاتوو...

بەڵام هەر جێهێشتنێک دێتە ڕێم
دووبارە ڕەنگکردنەوەی ڕابردوو...!!
(١٧)
خورپەی خەیاڵدانێکم هەیە
قولپە دا لە خەیاڵی شین، شین،
بەڵام باخچەیەک گسکی لە دڵشکانم نەداوە،
هەتا خۆم هەڵواسم بە ئێشی شکۆفەیەکەوە...
ئاوێکی چاوشین لاقی نەشۆردووم،
تا پێکەنینم شنەشن بشنێ...
چاوەڕوانییەکی مۆر
موڕاجەعەی ئازارەکانی نەکردووم،
تا بێهودەیم بێهۆش بنوێ...
من هەر دەچمەوە سەر ڕەگی بەردەکەی سیزف،
وا چاکە خورپەی ئەو خەیاڵدانە بشکێنم،
کە قولپە دا لە خەیاڵ شین، شین...!!
(١٨)
شەو گەیشتۆتە پرچەکانم و من داخراوم...
شەو گەیشتۆتە دڵی چرپاکەم و من داخراوم..
ئەو کاتەی بە یەکجاری دائەخرێم و ناکرێمەوە،
دەڵێن: شەو گەیشتۆتە دڵی ژنێک،
شێت و پەتەڕی...!
تەنیایی لە شەقامەکانی شار دەکاتەوە،
تۆخ، تۆخ بە شووڕەیی...!!!
(١٩)
ئەی مەرگ ئەی ئەزەلینترین شەراب...
بوەستە هێشتا دوو هەنگاوم ماوە،
بیخەمە جانتاکەم..
هێشتا کەمانچەکەی موجتەبای میرزادە،
مشتێک ئاوازی ماوە بگاتە ڕۆحم،
هێشتا خۆرئاوابوونێک ماوە،
نوێژ بکا لە سەر لوتکەی ڕۆحی ڕۆمانسییەتم..
ببورە ئەی مەرگ کە تۆ دێی
هەموو شتێک دەگاتە هیچ،
ولاتی منیش هیچستان...!!!
(٢٠)
زۆر هەور هەن دڵۆپە ناکەن،
هەر هاتووچۆ دەکەن لە خەیاڵدانی ئاسمانەدا...
زۆر هەنگاو هەن لە ڕەگەزی هەور نین..
کەچی باران دەنێژن لە ئاسمانی دڵدا...!!
(٢١)
ستیانی هەناریک دەڵێت: لە ناو شەوی هەناوما،

کەسک و سور دائەگیرسێم و
دەبمە نیشتمانێک چراخان...
بەڵام کە دەستێکی چەقۆ بەر ئەو ستیانەم دەکەوێ،
وێران دەبم و دەبمە نیشتمانێک،
دڵۆپ، دڵۆپ نیگەران ...!!

"مردن خەریکە ئیش دەکا، زەوی سەرقاڵی سووڕانە"

عەبدولقادر نیازی

بۆ ئەوەی دەخەوم‌دا دووپات بییەوە دەست بە ئاوێنەدا بێنە
وەکوو مەرگ کە دەگاتە پەنجەرە جیهان دەروەستی
بیستنم نییە.
بەردەوام دەچاوێکم‌دا دەخەوم، مێروولەکان تێی‌دا دەگرین
وەک گریانت بۆ پسانی ملوانکەکەت لە ئیستعارەی شەوانم‌دا.
پەراوێزی چاوەکانم لە دەقی پرچەکانت‌دا تەفسیر دەکەم
[چارەم نیە خەو بە دڵەڕاوکێی مریەم دەبەخشم]و
پەنجەرەیەک لەتم دەکا و
لە چاوت‌دا ئاسمان دەڕووشێ
خاوەنی هیچ دەمامکێک نیم
چاوەکانت ئاسمان خوڵقی پیاوێک دەکەن لە کۆڵانێکی بۆنبەست‌دا [لە
دەستەکانم دەگەڕێم؟]
ئەو دێڕانە گەر لە تۆدا بلەوەڕێن
ڕاستی تۆ لە ساڵی ئەسپ‌دا بە ئەستۆی جیهان‌دا بڕای
من سواری خەیاڵم دەبم
[سەرم لە خەونەکانت کەسر کە]
دەنگ دەگەزم و مانگ لە حەنجەرەم‌دا دەخەوێ
شتێک لە چاوم‌دا ئاوێزانە[وەک ئەوەی مانگ بە پێخواسی پیاسە بکا یا لە
دەمارم‌دا سەگ بترەکێ]
لە نیشتمانێک دەگەڕێم / لێت حاڵی نیم / گرانترە لە ((وەڕین))! /
تا کوێ بڕۆم لە دەرەوەی ئاوێنەتم؟ / بە سەرەتادا بچینەوە؟! /
[تا کرۆکیم دەکێشیەوە من تان‌وپۆی قاڵی دەچنم] بۆ تۆ بە تەقەوە ڕەنگم
ئەو ڕۆژەی لە ئاوێنەت‌دا داخرام و لە هەناسەم‌دا بووم بە کرۆشەی هۆشی تۆ
[جار جار پێویستم بۆ هیچ کات]
تەنیایت کرۆکییەکی گرینۆکە لە گیانم‌دا
ڕاستی ئامادەی خەتی دەستم بە لە مردن‌دا تا کفن بم و پەپوولەش لە
جیهان‌دا جێی بێتەوە
ـ لەو شێعرەدا چەند منالّم بە دێڕێکیش ژیر دەبمەوە وەکوو دوعای
ملوانکەکەت لە ڕەوایەتێکی ((ڕووت))دا ـ
[جەزای ڕووتبوونم دەبەخشم بە ڕابردووی عەیبێکی تۆ] بەس نییە یا
خودا بمرم؟
هەر کە شێت بم دەتنووسم و لە سەر قسەی خۆم دەوەستم
[دەرەنگیش بێی قەیدێ ناکا، دڵەکوتە دەڕژێمە ناو هەنگاوی تۆ ـ
ماندوو نەبم ـ]
هەوەسی ئاوێنەم کردووە و
شاعیرێک لە فنجانەکەم‌دا هەڵدەوەشێ
منالّیم لە دەرفەتی حەوشەیەکدا پشتاوپشت دڵەکوتەی شکانی گرت
نێستا
ژنێک ماچ دەکەم بۆ قژەکانی خۆم بگریم
نێستا کۆڵان لە هەنگاوی من دەهاڵێ و کەوشەکانم لە منالّیمەوە ڕووتن
یا پۆلیس !؟ ـ مەمگرە ـ لە دریژەی کەلەبچەدا ـ
: فلانی ئەو جارەش دەتبەخشم ـ
کۆڵان لە خۆت داتەکێنە
مردن دەست بە ئاوێنەدا دێنێ.

تا، سەبووری...

شەریف فەلاح



به باڵای شاخا تا قوواڵایی دەشت،
گڕای‌گڕ دووری.
***
له زەنوێری چیاوە تا قریوەی شار،
بڕای‌بڕ تاسە،
لێوڕێژ له زڵەی زەمان،
لێوان‌لێو ترس.
***
له لێوارەی بێئاقرەیی پرسیاری ڕووت
تا بێشەڵانی پیر
گوڕای‌گوڕ سەبووری.
***
حەسرەتی ماچی تەوێڵی
نیشتمان و ئەم هەموو پاڕانەوە،
تا یەلدای دووریتان پڕین له خۆزگە،
تا بن میچی ئاسمانی شاخ
دۆڵادۆڵ گورگ
***
هەرێمی ڕوحی کوێستان و
کازیوەی تەزیوی، تەریکی تاریکی

پڕاوپڕ ڕووناکی

هەوالنامەی نێت

***

جەزبەی عەشقی منالّی،
سێبەری یادێک و کوڵۆلّیی
خەونە ئەرخەوانییەکان،
تا بەرەبەیانی گەورەییمان
پەڕانپەڕ دار.

***

هێور بەوە
جادەکان پڕن
لە زایەڵەی سەفەر،
ڕێگاکان تژین لە حەیرانی
کێژێکی چاو سەقەری نامەبەر.

***

گوژمێک هات و
بادەی تاڵی ئەم خۆزگەیەش
نەگەیشتە لێوی وشکی
تاسەبار و پڕ سەبووریم.

پیاسەی من لە وجوود و خوددا

دیمەن سۆهرابی

لە چۆڵەوانی بەرینی ناباوەڕی
ئیمان بە وجوود
خەیاڵی خاوی ناوەڕۆکە
کە بە عێرفانی نەرمی گەڵا بەفرم ناسی
لە هۆدەی قورماوی بیر و ڕامدا
لە باران تۆزام
ئوبژەیەکی ساردم
لە جێی ئۆبژەیەکی سارد و بێمانا چاند
چریکاندم بە گوێی
پەلەوەرەکانداً
کە ئاسمان جێی پیاسەی ئاشقانەی گوللەیە و
ئەشق لە چاڵە قوتەکانداً
پەیک بۆ بەردەوامی هەڵدەدا
پێکەنیم بە فرمێسک و
ڕژاندم چاوانم بە خۆشی ڕێبواریم
لە ژێر تاقانە دارەکانی بڵیندترین کێوەکان
وا لە تەنیاییدا هەر هەڵۆ دەیانگاتێ و
لە چریکاندندا هەر گوللە
گریاوم بۆ هەرچی بزەیە
وا لە سەر لێوی ئاڵی مرۆڤی چاوەڕوانەوە
کاڵتر خۆی دەنوێنێ
لە ئاوەدانی مێشک هەڵدەفڕێ
و ڕوحم دەخزێتە درەختی سەر سەوزەوە
ئەشق ئازادم دەکا و لە هەناسەم دەخا
خوێن بە لاپەڕەکاندا دەپڕژێ
و تامی ئازادی دەنووسمەوە
گەرمای فرمێسکەکان گۆنام دەسووتێنێ
و بەرەو ناباوەڕیم دەخشێنێ
هەڵدەوەرم و ڕوحم لە خاک دەخزێ
جێ پێی هەرچی هاوڕێیە لە دڵمدا دەنەخشێ.
چاوەکان فێری فەرامۆشی دەبن
ئەشق فێری تاڵی تەواوکردنی نەتوانین
ڕەنگی دەنگی سەگی برسی دەنیشێ لە
تاڵی ڕووتبوون لە خوددا
سووک و سادە لاپەڕەکان
پێدەکەنن
بە یاسای داپۆشراوی بوون
بە چاندنی خود لە وجود و
هێنانە کایەی من لە باوەڕەکاندا
پێدەکەنن
بە عێرفانی من گەیشتن
لە ئۆبژەیەکی سارد و ساردا.

هاتن بۆ هەمووان نییە!

دلاوەر قەرەداغی

تۆ بۆت هەیە بێیت
منالّانی کۆلّان بۆیان هەیە بێن
موسافیرە غەمگینەکان
عاشقانی پێکراو
بۆستەچییە نیگەرانەکان و
پیرەمێردە دەستفرۆشە زوێرەکانیش
بێن
هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت و
تارژەن و غەمژەن و دەفژەنەکان
باغەوانانی تەنیای باخە دوورەکان و
پەڕەسێلکە تەڕەکانیش لە گەڵت بێن

تۆ بۆت هەیە بێیت و
کۆتر و پەپوولە و شەمشەمە وردبینەکان
لەقلەقە حەکیم و زیکزیکە قسە زلەکان
هەر هەموو هەژدیها و فیل و نەهەنگ و تیمساحەکان
هەر هەموو مێروولە و هەنگ و کرم و
خاڵخاڵۆکەکانیش با بێن
هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت
بەیانییەک زوو دەڕۆم
بە جانتایەکەوە
لە چایخانەکەی گەراج دادەنیشم
چاوەڕێتان دەکەم بێن و
هەر هەموو پێکەوە بڕۆین!

هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت
پاشا و سوڵتان و ئەمیر و بارۆن و
ژەنراڵەکان بۆیان نییە بێن
زاهید و شاعیر و قەدیس و گەپیدە
بریندارەکان دێن
هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت و
خودا و نیشتمان
وێنە ڕەش و سپییە غەمگینەکانی دڵشکان و
هەر هەموو کوژران و ڕەقبوونەوەکان
لەگەڵت بێن
تۆ بۆت هەیە بێیت و
با ماڵەباجێنەکانی کچێنیی
مسۆدەی ڕاڕای نامەکان و
هەر هەموو ڕاوەستانی پڕ لە دڵەخورپەی
ئەمدیو دەرگەی حەوشەکانیش لەگەڵت بێن
ئێوارەیەکی درەنگ جانتا دەپێچمەوە و
دەڕۆم
لە بەندەرێکی غەریب
لە دوای بەلەمێکی بچکۆلەدا دادەنیشم و
چاوەڕێتان دەکەم هەر هەموو بێن!

هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت

مانگ بۆی هەیە بێت
با و باران و بەفر و هەتاو
ڕووناکی و تاریکیی
ئومێد و نائومێدیی
چەپ و ڕاست
ئاگر و ئاو و
وەرزەکان وەک چوار منالّی ئاقلّی
دەستوپل بۆیاویی
یەک لە دوای یەک
بە ڕیز بێن
شەوێک کە کەس بە دەرەوە نییە
دەچم بۆ سەفەر
بە جانتایەکەوە لە وێستگەیەکی غەمگینی قەتار
بە تەنیا لەسەر سەکۆیەک دادەنیشم
چاوەڕێتان دەکەم بێن و
هەر هەموو پێکەوە بڕۆین!



سەحەر مێهرەبانی

هەموو شوێن تاریک،تاریک
ڕەشایی لە پیری بردوومەوە
ڕەنگێک جگە لە تاریکی
سپیایی
ڕەنگی زەردەخەنە
لە نێو بوومەلێلّی شەوێ
لە سەر ددانم ڕژاو دەریا فێری کردم
ئابی چاوانێک هەیە
کە تەنیا ماسی سەرسام
بە باڵایەکی هەڵکوورماو لە نێو سیڕەی دەلاقە
لە چۆلی گلێنەی دەلەرزێ
سووری
گەشاوەیی کوتوپڕی پێستێک
لە ژێر چاوانی ئابی دەریا
لە سێبەری نیگای من ئاگر دەگرێ
وەنەوشتر لە نیگای تەڕی وە نەوشە دەبم
تەڕ
تەڕ
تەڕ
کاتێک مانای لێوی

هەوالنامەی وێژە

له سەر گەرنم تینوویایەتی نووسی
تاکوو لەشم سەوز بێ
له عەتری کڵپی
تەواوی پەردەکانی زەردوو مابەینمانی داپۆشی
له سەر شانی بەهێزی پەنجەرە
هه موو شوێن تاریکه
تاریک و تارە
و ڕەشایی لەبیری له بیری بردوومەوە
ته نیا تیشکێ وەتاغەکەم
بۆنی ڕووناکایی کەزێی تۆیە
که له بیرەوەری باڵنجه سووڕەتێکەم

تا سرودێ له تۆ...

یونس حسەینی



١- دوو دڵیت بکه شانی "با" و
دەستت ئاوێزانی شانم
منم حەقایەتی زەوی و
مێژوی سەفەر....!!!
هەڵم مژە و
له پیربوونم کاڵ کەرەوە !!!
٢- پێکەنینت ئەونەی نەماوە گوڵ بگرێ
بەو شەرتەی
چۆلەکە و
منداڵی
شێعر و ئەوین
بارا.....و
ببن به بەری هەناسەت!!!!!
٣- بێوەیی ژن،
هەزار ئاسمان له نگاتا چۆک دائەدا و
سەدان چیرۆک
له تۆدا بوون به سەرچاوە
قاڵیەک گوڵم که و
کراسێ ، پوڵەکەچن
دوێنێت بسپێرە به مێژوو و
سبەینێت به من‌دا هەڵخە!!!

زانکۆ خەلیفە

بەهار.....
دەمێکە لەم شووشەیە ئەدا و
گەڕۆڵ گەڕۆڵی بارانی
که هەم له تەکتا
گلێنەمی و
تەق
تەق
ئەدا لەم شووشەیە
دانەیەک دڵ شک ئەبەم و
بۆت ئەنووسم ....
هەڵمی شووشەکە
ئەچوورێتەوە و
هەم له تەکتا ...
گومێکە دڵم
خوێن و خەفەت
گ ر ر ر ر ر ر م م م م
هەور و هەڵا
گ ر ر ر ر ر ر م م م م م
سەیر ئەچۆڕێتەوە
دڵـــــــــــــم
سەیر .....
ئەچۆڕێتەوە
خوێنی دڵم
کووووووووووووووووووو
هەڵمم م م م
هەم مم م م له تەکتا

فڕین و زریاچە

ئیرەج عیبادی

١
ڕۆیشتم و
قوواڵایی زریاچە تا چاوگەی تۆماری هەناسەکانی خەم،
ونی کردم
کارەبای ئیحساسی مەلێک به تەنافی فڕینی شەوی ناڕێکی ڕۆژهەڵات
له دار قەواخ درا
بۆ
ئەو هەموو ئەستێرە زەوقی ئاوی و باڵای ئەوین و تۆ نادرکێنێ
وڵامی چاوەڕوانەکانی حەزت هێشتا نازانی
بۆ ئەم ئێوارە ماتڵە وا ئەوین ڕووخاوە؟



٢

تا نێو بەڵەمی دڵت فڕیم
زریاچەی خەیاڵ هەنگاوەکانی دەستەکان و
پێیەکانی نەخەوتووی کانی دەژمارد
زووتر لە زوو
هەڵکە ماچ با تەڕ بین
مەڵێک سوور هەستی کرد گزنگی فلوتێک لە سووڕانەوی پاڕۆ
باور کا
کەچی
جێ ژوانی مەڵە ئاوییەکانی نیگا،
دەشتی ئاوە!

٣

هات، هاواڕێک تا پەردەکانی زەردی وەتاغەکەی خەونم
تا کەنارەی بایخی شێعرەکانی بیزووی بروسکە
موجێک هاژەی لەشی تا بەیانی هەڵخست
ئێسکی ئاوی دڵەخۆڕپەکانت
یانی فڕین تا باران!

٤

کەسێک عاشق دەبێ لە سەر نووسینی
دەلاقەی پەژارەکانی هەور و
قایخی تەماشای بێلێخور دەفڕێ
لەشی لێوەکان و خۆرەتاوێکە،
لە سەر لێوەکانی من سەما دەکا و زریاچە دەخوێنی!

٥

وشەکانت تا زریاچەی حەیا تۆفانیە
ئەم گێژاوە تاوتاوێک
تاوم دەدات تا مسیجی شێعر و بڕانەوی فڕینی گەرووی چەتەر
لە هەوڕازی ئاوسبوونی پەپولەی بێڕەنگی خەفەت
دێمە خوارەوە
کچێنی هێمنایەتی کە دەتپوشێ
چالاکتر لە چاوەکانتا مەلە دەکەم.

٦

زریاچەی تاسەت درۆ بوو
درگە کراوەکانی قرژانگی دووریت لە لاپەڕەی ژەهرا دەخوێنێ
ئەم گێژاوە، قوژبنی فریو دەنووسیی و بالای مەیلم دەخواتەوە و
پەڕەزردی ولاتی فڕین خەفە دەکا!

٧

قوواڵە قووڵ گۆمی بێدەرتانی پەژارەی پۆلیس و
قفلی حەجمی دیوارەکان
ئەو کاتە وا گاڕاژی کاولی چارەنووس
کایەی بێوچانی شانەی قژەڕەشاکانت
بە ڕاست،
لە سەرشانەکان و ناچنێ.

٨

لە قەراخی زریاچەی شەوێک ماندوو
تا وەتاغی تەنیاییەکانم
ئاڵقەی پەیمانی دوو چاوی چۆلەکە جێبەجێ کرا
کاکەشانی فڕین گەشەی کردو بێدەنگ فڕی،
تا جادەی مانگ موبایلەکەم ماتەڵ بوو
هەلووەکی هەتاو بەرەو زەینی دارە خاڵیەکان ئاو گەمەی کرد
سەوز بووم لە نەهامەتی سەرگەردانی سەندەلێکی خاڵی
کە ئالبۆمی ناتەوای ئێسئێم ئێسکانو هاتە چڕۆ!

٩

زریاچەی هەناسەم باڵی تەماشای
ناشارێتەوە
دەستم
دەست ئەداتە
دەستی خەڵەتاوی گریان
تا کچێک لە گەڵ ئەوپەڕەی ئاوازی کەسێکدا
حەزەکانی پیاسە کا!

١٠

زریاچەی خەونی پیاوێ
تا ئاسانەی فڕینی قەناری شێعرەکانی کازیوە ڕووتە
ڕووت
ڕووت تا باڵای قاوە و قارەمانی نۆتە نەنووسراوەکانی
تاوگەی ناوێک
کەسێک باڵا دەکا!

١١

شاباڵی ماچێکی وێڵ ماتەڵمانە
لێوە سوورەکانی کازیەوە، لە وێرانەی ئاسۆ دەچێ
بە یەک باڵ فڕین نانووسێ، شاباڵ
باڵێک تر هەڵخە
زریاچەی تێنووی با
بێدەنگ و بێهەناسە قاقڕە و
تا من و تامی بزە ناڕامە!

هەوالنامەی کتێب

ئەگەر دوو جار بمرم لە وانەیە نەجاتیم بێ!



مریەم قازی

-پێنسەدویەک، پێنسەدودوو ، پێنسەدوسێ...پێمڕایە ئەوەندەم بژارد و لە وەتا لە بیرمە یەک پشوو ئەوەندە باسکم لێنەدابوو... هەر چەند زۆر ماندوو بووم! بۆ جارێکی تر نابێ زۆر خۆم ماندوو کەم هەڵبەت ئەگەر بمبیننەوە! خەریکە بە یەکجاری نائومێد دەبم هەرچی حەول دەدەم لاقم بۆ لەم لیتەیە نایەتەوە دەرێ. زۆر نیگەرانی خۆم نیم، خێزانم و منداڵەکانم پەنگە تا ئێستا هەموو ولاتیان لێکردبێم. دەی با زۆری بیر لێنەکەمەوە هەموو شت چا دەبێ و منیش دەچمەوە نێو ماڵ و منداڵ؛ بەڵام ئەو جار خودا بکات ئەوانەی بۆ جاری چەندووم دێن بە شوێنمدا چاکتر بگەڕێن و بمبیننەوە هەڵبەت خەتای خۆمە ئەوەی دەبێ بۆ خۆشم حەولی بۆ بدەم بە باشی بەڕێوەی نابەم نە هەرایەک، نە پەلەقاژەیەک، تەنیا هاتوچوویەک وەک مێژووکەی نێو ئاو کە هەر وەبزانن گیا و قەوس و لیتەی بن ئاوم کە بە هەموو هاتوچوویەکی نەرمە شەپۆلەکان لەوانەیە بلەڕێمەوە... ئەوە چ بوو نەرمەی گوێی گەستم؟ ئا ئا ئەو ماسییانە بۆ ئاوا دەکەن؟ ئەوە چییە بە دمییانەوە پێمڕایە نەختێکییان لێکردەوە، بریا زوو هاتبان و بیاندۆزیبامەوە چ نییە شتێکی وا نەبوو. نێو ئاویش بۆ خۆی عالەمێکی هەیە هەر چەند ئاو زۆر مێهربان نەبوو دەتکوت داخوا من چیم! کە هاوکات خەریک بوو تەواوی ئاوی ئەم ئاوبەندە پانوبەرینەم لە زار و سینگ و دەروونمدا جێ بکاتەوە؟ هەر بە یەکجاری بڕستی لێبڕیم و تا لێرە لە بنی ئاو چاوم کردەوە هەر نەمزانی چ بوو؟ خوا بکا وەک جاری پێشوو زوو نەجاتیم بێ ئەو دەم ئەوەندەم پێنەچوو خودا ڕوحمی کرد بە تۆڕی ماسیگرەکانەوە بووم و دەگەڵ ئەوەکە دەریانکێشامە دەرێ، ئاوی زگمییان داوە دەری و دوای چەند هێڵنجی تووند هاتمەوە سەرەخۆم! چەند ڕۆژم پێچوو تا گەیشتمەوە ماڵێ چوونکە هەم تاوتوێ دایگرتبووم و بۆ خۆم قسەم بۆ نەدەهات هەم خەڵکی ئەم ئاوابییەی لەوێ ڕایانگرتبووم نەیاندەناسیم و لە ڕاستیدا زۆریشم پێخۆش نەبوو بگەڕێمەوە ماڵێ. بەستەزمانە خێزانم کە دوای چەند ڕۆژ چوومەوە بە گریانەوە کوتی:

- چا بوو گەڕایەوە لە ڕاستیدا من نەجاتیم هات! هەموو دەیانگوت مەلەوان چۆن دەخنکێ؟ هەموو دەیانگوت دوامین جار دەگەڵ من بووی...هەر ئەو دڵپیسیانەی تۆ لێتدەکردم...

ئا ئا ئەوە چ بوو دیسان؟ پێمڕایە سەری پەنجەی دەستم بوو، ئەو ماسییانە خەریکن بە جارێک پچڕپچڕم دەکەن، چاکە لانیکەم ئێشی نییە دەنا خۆ شێت دەبووم. بەڵام وانابێ، دەبێ کارێک بکەم چاکە هێشتا باقۆ نەگەیونەتە سەرم لە بن ئەو ئاوە ڕەشە خۆ زەندەقم دەچێ دەگەڵییان. قەت پێم وانەبوو بن ئاو هێندە بەسام بێ، لەو سەرە لە بن ئەو ئاسمانە شینە و پێکەنین و شڵپەشڵپی ئاو ئاگامان لەو بنە نییە، ئەوە چییە؟ دادەی باقۆیە! بە خودای ئەوانە نامهێڵن! دەی ها دەی! نازانم لاقم لە چی گیراوە؟ بۆ هەرچی دەکەم نایەتەوە دەرێ؟ ئەوە چ بوو؟ لا لا هێندەم لێ نزیک مەبەوە ئەها بە خودای پێمڕایە لووتم بۆ دایماڵی! خودا غەزەبت لێگرێ! چا بوو ڕۆیی با حەولێکی بدەم ئاوا نابێ لەوانەیە ئێستا زۆر یەک لەوانەی لە قەراغ ئاوێ دانیشتوون و خەریکی کەباب سازکردنن، هەر نەزانن یەکێک لە بن ئەو ئاوە خەریکە دەبێتە خۆراکی باقۆ و ماسییان، دەنا بە هانامەوە دەهاتن... جاری پێش شتی وایان بە خێزانم گوتبوو کە ماوەیکی زۆر کەسم نەدواند نازانم ئەو جارەش چی پێدەڵێن؟ بەڵام دڵنیام ئێستا ئەو لە من نارەحەتترە. نەکا بۆ خۆی لە تاوان بێت و بە هەر جۆرێک بێت حەول بدات بمبینێتەوە ئاخر دیسان تەنیا ئەو بوو کە لە قەراغ ئاو دانیشتبوو و ئاگای لێبوو کە چوومە نێو ئاو و نەچوومەتەوە دەرێ... خودا بکەم ئەو کارەی نەکا مەلە نازانێ و لە ئاوی زۆر دەترسێ. چەند جاران پێیگوتبووم. خودا بکەم ئەو جارە بگەمەوە سەر ئاو تازە قەتی مەلە تێدا ناکەمەوە...ئەوەتا ئەوەتا دیسان ئەوە بە شوێنمدا هاتنەوە!

- ئەوەتام! ئەوەتام لێرە لێرە! وەرن بۆ لای من ...نا بێفایدەیە، ئاو ناهێڵێ دەنگم چاک بێتە دەرێ و بڵقەبڵقی تەقەلاکەشم سرنجییان ڕاناکێشێ... ئەگە جارێک هەر جارێک ڕوو لە من کەن دەمبینن یانی کارێک دەکەم بمبینن. یانی ئەوان کاکۆڵی سەریشم نابینن کە هەڵگەڕاونەتەوە سەرێ و وەک دەسرەی ماڵئاوایی دێی و دەچێ؟ وە بیر ئاهەنگێکی چینی دەکەومەوە کە ژنەکانیان دم بە پێکەنین، بە باوەشێنێک نەرم دەگەڵی سەمایان دەکرد، دادەی، بە خودای پێمڕایە یەکیان منی بینی خودا بکەم وەک جاری پێش نەبێ کە چاوی لێکردم بەڵام نەیزانی بۆ خۆمم! نا خەریکە ئەوانی دیکەش ئاگادار دەکاتەوە و قامکی بۆ لای من ڕادەێرێ! ئا ئا بۆ خۆمم وەرن، وەرن شک مەکەن بۆ خۆمم! ئەم ڕیشاڵانەی دەبینن گیا و گۆڵی بن ئاو نییە پێستی پیرەڵۆکی منە خەریکە وردەوردە بەری دەدا. ئاخ زۆر شکۆر خودایە هاتنە لام دۆزییانمەوە ، نەجاتیم هات! لە بن عەینەکی غەواسێکانییان چاوییان زەق تێبڕیوم. بڵقەبڵقی هەوای کەپسوولەکانیان وەبیر هەوای نێو ئاکواریۆمی ماڵێم دەخاتەوە کە هێندەم پێ جوان بوو، دڵم نەهات دەگەڵ شتەکانی ماڵێ بیانفرۆشم، لە بیرم بێ کە چوومەوە ئەویش لە بەر چاوم لابەم. پێمڕاننییە تازە قەتم تووڕی بێتەوە ، شەرت بێ لە تووڕیان بخنکێم تازە دم لە ئاو نەدەمەوە. دەگەڵ ئەوەیکە لە سەرەخۆ خەریکە دەرمدەکێشنەوە، لاقێکم بەجێ دەمێنێ، نایەشێ قەی ناکا

وەدەزانم هەر لەسەرەتاوە ئەو لاقەم نەبووە وەک هەزاران کەس کە بێلاقن، خودا بکەم بگەمەوە سەر ئاو و لە سەر ئیشکایی خۆم ببینمەوە...ئاخ خودایە گیان، ئاو تا دێ ڕووناکتر دەبێ، نەجاتیم هات ... زۆر ماندووم لە قەراغ ئاو کە ڕایانکێشام. دەگەڵ وەی کە تیشکی تاو ڕێک خەریکبوو وەک باقۆکان چاوبیان دەکۆڵیم، چاوم وەسەر یەک نەنا؛ بەڵام کە هەر دوابەدوای چاوە پڕ فرمێسکەکان و دەستە شەکەتەکانی خێزانم کە بە زۆر لایان برد، چاوم بەو کەسەی کەوت کە پێی قەرزدار بووم و ببوو بە خۆرەی سفرە بەتاڵەکەمان. پێمخۆش بوو بە هەر جۆرێک بێ، چاوم وەسەر یەک نێم یان لانیکەم کەسێکی تر ئەو کارەی بۆ کردبام، چەند زوو هەموو شتم لە بیر چووبۆوە! پێمخۆش بوو توانیبام بۆ جارێکی تر، خۆم بە بێدەنگێک لە ئاو هاوێمەوە ...پێمواندەبوو هێندە زوو وەک جاری پێشوو لەوەی کە نەجاتیم هاتبوو پەشیمان ببمەوە... کە دەستێک هات و خودا و ڕاستان چاوی لە سەر یەک دانام و دنیا بە یەکجاری ڕەش داگەڕا ئاسوودە بووم بەڵام ئەگەر بێتوو ئەم جار خۆم لە ئاوێ هاویشتەوە، شەرت بێ ببمە خۆراکی ماسی و باقۆش تازە دەست لە غەواسەکان هەڵنەهێنمەوە...



میراتگر

ڕزگار لوتفی

"هەموو شەوێک، هاوکات لەگەڵ بوومەلێڵی ئەستێرەپەڕاندا، بە دەفرێکی نەخشێنراوی ئاڵتوونیەوە، کە لێواولێو و تەژی بوو لە ترسوخۆف، هەڵیدەکوتایە سەرم. پاشان بە هێمنی و زۆر بە وەستایی و بێئەوەی دڵۆپێکی بە فیڕۆ بدات، ڕۆی دەکردە گەروومەوە."

... نەمدەناسی. زۆر حەزم لێی بوو دەمامکی ڕوخساری هەڵماڵیبا و بۆ تەنیا جارێک، چاوم بە چاوی کەوتبا. بەشکوو بمزانیبا، ئەو کەسەی بێوچان و بە کاوەخۆ، هەموو شەوێک، لە سەروبەندی ئەستێرەپەڕاندا، لە لاشانی پردە پەینڕێژەکەی خواروو شار، بەرەوژێر دەبووەوە و هەنگاوی دەنایە ناو ئەو پەینوپاڵەی ڕۆژانە، لە سەوەتەکانەوە، هەڵدەڕێژرانە قەراغ چۆمی شار، کێیە و مەبەستی لەم کردەوانە چیە؟

نەخەوتووی...؟ گوێت لە منە...؟ گەلێک جار، حەزمینم نەدەما و بە تەواوی بێئۆقرە دەبووم و بەو مەراقەوە دەجەڕام. چەشنی زەلامێکی ئەستووری بێدەرەتان، کە لەتاو ژانی گورچیلەی بە کەس ڕانەگیرێت.

پەستێو و کونج و قوژبنە تاروتنۆکەکانی مێشکم دەپشکنی. پەلم بۆ زوورە ئاستەنگەکانیش دەکێشا. بەڵکوو وەبیرم بێتەوە، لە چ سات و کاتێکدا و چلۆن، منی بێپەڵوپۆ و چڵمەلەتە، هاوردەی ئەم بن سەوەتەیە کرام.

دەنگێک دەڵێت:

" گەوجەگەوج بەسە! لە مێشکتدا سۆراغی مەگرە. وڵامەکەی لەوێدا نیە. لە ناو ئەو خاکەدا بۆی بگەڕێ، خاک...!؟"

دەنگێکی تر دەڵێت:

" مرۆڤی ژیر و زانا، لەم خاکە پیس و پەڵۆخ و لە نوێژچووەدا، بۆ ئەو وڵامە مەزنە ناگەڕێت. وڵامی مەزن، لە چەنتەی مەزن دایە. مەزنترین چەنتەش، ئاسمانە، ئاسمان ...!"

دەنگێکی دیکە دەڵێت :

" سەرێک نەیێشێت، پرێسکەی لێنابەستن گەلۆ. کەمت پرسیار هەیە، ئەمەشت لێ زیا ..."

... هەر جارێک نەهات، بێچرپە و بە کاوەخۆ، ساتەوەختێکی کەم، بە دیتنی ڕادەچڵەکام و دەچڕژام. دەستبەجێ دەهاتمەوە سەرخۆ. هێندەی دووپات کردبووەوە، بەتەواوی پێی ڕاهاتبووم. بە نووکی گۆچان، سەوەتەکەی ژوور سەرمی بەرز دەکردەوە و دەیهاویشتە زۆنگاو و گەناوی چۆمەکەوە. پڵتەی دەهات. ئەوسا، دەفرێکی نەخشێنراوی ئاڵتونی لە پێچەڕۆکی دەسماڵێکدا، دەردەهێنا. لەو گۆزەڵە مەفرەقییەی بن پشتوێنەکەی، لێوڕێژی دەکرد و لێهاتووانە پێی دەخواردمەوە. هاوکات لەگەڵ هەڵقوڕاندنەکەدا و دوای بەرزکردنەوەی سەرم، لام ڕوون دەبووەوە، هەمان ئانوکاتە. دەم و زەمەنی ئەستێرەپەڕان. پاشان دەچووەوە سەر وەختی سەوەتەکە. لە ناو گەناو و زۆنگاوی چۆمەکەدا، بە ئاوەچۆڕەکەیەوە و بە یارمەتی گۆچانەکەی، دەیکێشایە دەر و دەیخستەوە بان سەرم. ڕێکوپێک لە شوێنەکەی خۆیدا و چەشنی شەوانی ڕابردوو. لە گەڕانەوەیدا هەنگاوەکانی بێچرپە بوون. دیار بوو پێ لە سەر پەینوپاڵی ئەو ناوە دەنێت.

چەندە پێم گەوج و نەفام بوو، بە هەست، نە وەک بە قسە. لە بەر چاوم ساویلکە بوو. بەو ساویلکەییەی قاقا پێدەکەنیم. دەزانی چۆن ...؟ئاوا:"قا..قا..قا... !"

پێکەنینەکەم لەوەدا نەبوو. دەکەوتمە سەر گازەرەی پشت. پاشان هەڵدەئایسام و پژمین و تڕپنیش بە دووی‌دا. کە دەهاتمەوە سەرخۆ، لێم ڕوون دەبووەوە کە هەمووی خەون و خەیاڵە. خەون و خەیاڵێکی پووچ. چەشنی تاقە گوێزێکی ساغ، دوای شکاندنی، قرچەی بێت و بە پووچ دەربچێت:

"به سەرت قەستەم، ئەوەندەم گوێزی پووچ شکاندووە، حەدوحەسری نیە ...!"

لە یادم چوو بڵێم: ئەو زەلامەی، زۆر حەزم بە ناسینی دەکرد، گوێزی بۆ نەدەهێنام. جرج و مشکەڕەشە ئاوسەکانی قەراغ زۆنگاو و گەناوەکە، کێشەوەیان دەکرد بۆم... ئەوە دەڵێم چی... ؟ بەڵێ... قاقام دەکێشا. بۆ گەوجێتی و ساکاری ئەو زەلامە دەمامکدارە .

هاتووە ڕێک، لە ناو ئەو پەیزوپاڵە و لە قەراغ زۆنگاو و گەناوی تەنیشت پردەکەی خواروی شار، سابات و مەنزڵی بۆ کردووم. وا کە لە بۆنوبەرامەی بۆگەنیوی پیسایی ئاوەڕۆکانی شار، کە چەشنی ڕەشمارگەل، خۆیان دەپەستێونە ناو چۆمی شارەوە، با وەزاڵە بێم. منی چڵمە لەتەی زەبوونی بێپەڵوپۆ، ژان بمگرێ و بکەومە سەر پێڵاوە قێزەون و پەیناویەکی. بپارێمەوە و بەزەیی لێ بخوازم! قا..قا..قا.. ئەی چۆن بەو گەوجەی پێنەکەنم. بەوەش وازی نەهێناوە و ..

" هەموو شەوێک، هاوکات لەگەڵ بوومەلێڵی ئەستێرەپەڕاندا، بە دەفرێکی نەخشێنراوی ئاڵتوونیەوە، کە لێواولێو و تەژی بووە لە ترسوخۆف، هەڵێکوتاوەتە سەرم. پاشان بە هێمنی و زۆر بە وەستایی و بێئەوەی دڵۆپێکی بە فیڕۆ بدات، ڕۆی کردووەتە گەروومەوە !"

گەوجێکەی لەوە دایە کە نازانێ مرۆڤ، تەنیا بوونەوەرێکە، بە هەر چەشنە بارودۆخێک، پادێ. هۆی ...! لەگەڵ تۆمە ...! میوانە خنجیلانەکەم ...! بەو پەلکە ساوایەت قەستەم. هەر چوار شەوی ئاستەنگ و بە پەژارەوە بووم، تەنیا چوار شەو و بەس. ژان بەری دام و پێی ڕاهاتم.

ئێستاش تەنیا، خەفەتباری ئەوەم، بۆ تا هەنووکە نەمتوانیوە بیناسم و پەردە لەو ڕازەی هەڵێنم. هیچ کات بێهیوا نەبووم و کە تۆش بوویتە میوانم یاخود خانەخوێم، لە جاران گەلێک هیوادارتر بووم و لە ڕۆژنەکانی ئەم سەوەتەوە، ئەستێرەکان، گەشتر لە جاران دەبینم. بە تەمای ئەو ڕۆژەیەم، ساقەتەی لەشت، هێندە بەرز بێتەوە، تەنگ بەم سەوەتەیە هەڵبچنێت. چیتر ناترسم ئەم گوێزەشم، وەکوو گوێزەکانی دیکە، بە پووچ دەربچێت.

دوێنێ شەو لەبوومەلێڵی ئەستێرەپەڕاندا، دوای نوێژی بەیانی لە مزگەوتی گەڕەک، هاتیبە دەرەوە. بە ئومێدی بە سەر کردنەوەی. گۆزەڵە مەفرەقیەکەت بردە پەنا گوێت. بە کەم هێزی ڕاتوەشاند. ڕەنگە قومێک ببێ و نەبێت. یاخود دوا قومی بێت. ڕووت کردە پردەکەی خواروی شار. هەنگاوەکان وەدووتدا نەدەهاتن. ڕەنگە وزەیان دوا چۆڕی هاتبێت. بە لارەلار و خێشەخێش گەیشتیتە سەری. بە نووکی گۆچانەکەت، سەوەتەکەت لێترازاند. دەفرە ئاڵتوونیەکە لە دەستا لەرزی. تەکانی شەوانت نەمابوو...

...دەفرە نەخشێنراوە ئاڵتوونیەکەی خستۆتە سەر لێوت. مێرووڵە دەکات. لە شەوانی پێشوو ناچێت. لەناکاو دەپژمیت. دەکەیتە کۆخەکۆخ. وەکوو باوکێک بە ئەسپایی بە پشتی منداڵەکەیدا بکێشێت، لە پشتت دەسرەوێنێ و دەڵێت:

" یا غەوسیگەیڵانێ، نەخنکێی ڕۆڵە ...!"

هەستم کرد باوکمە و بەزەیی جووڵاوە. لە چرکەیەکدا قەتیسمانی، فرمێسک و سەرێژبوونیان ڕووی دا. هەناسەم گڕی گرت. چاوم کەوتە سەر چاوی. نووزەیەک ڕندووەکەی نێوانمانی تەقاند:

"بابە ...!"

پەشیمانی لە ڕوحیدا گوورا. وەکوو تووێی پەلکەخورما کە لە ژێر ئەو پەیزوپاڵەوە گووراویت و ماوەیەکە بوویتە میوان یاخود، خانەخوێی من.

هەر دوێنێ شەو بۆم ڕوون بووەوە، دوا چۆڕی گۆزەڵە مەفرەقیەکەی دەرخوارد داوم، خۆی پێڕانەگیراوە و بە جێی هێشتووم. گۆزەڵە مەفرەقیەکە و دەفرە نەخشێنراوە ئاڵتوونیەکەش، بە میرات بۆ من مانەوە. دواتریش زانیم، ئەویش وەک من میراتگری باوکی بووە ...!



تەنیا بیرم لە قسەکانی دەکردەوە

کوردستان گولابی ئازەر

چەند ڕۆژە هەر بە دەنگی زەنگی تلەیفۆنەکە وەخەبەر دێم. دروست سەری ساعەت ١٠ی بەیانی. وەک ڕۆژانی پێشوو تا دەگەڕێمەوە زەنگەکەی خەلاس دەبێ بەڵام لە تەنیشت گوشیەکە هەڵناستم. دەزانم بۆ خۆیەتی. ئەوەندەش کەللەڕەقە تا بە ئامانجەکەی نەگات دەست هەڵناگرێ.

سەری زەنگی سێهەم گوشیەکە هەڵدەگرم. وەک هەمیشە ئەمن دەبێ سڵاوی لێبکەم. ئەویش وڵامم داتەوە. چەند دەقەی هەوەڵێ هەر خەریکی ڕیپۆقەکانی سەر چاومم.

هەر نازانم باسی چ شتێکیش دەکا. تا دەگاتە بەحسی ڕۆژانی پێشتر. هەموو ڕۆژێ لەوەڕا دەست پێدەکا...

ــ بەشی خۆم لێجیا کردنەوە. زۆر باش بووم. سەری مانگێ بۆتان دەحیسابێ دەکەم.

هەر کە ئەوەی کوت، دەزانم دوایە باسی چ دەکا.

ــ ئەتۆ بێدەسەڵاتێکی سەرلێشێواى. چارەڕەش هێشتاش هەر دەخەوێ دای؟! دەزانم بیر لە نەهارێ دەکەیەوە.

هەر دەتکوت دە دڵم دایە. بە ڕاستی بیرم لێدەکردەوە.

ــ ئەتۆ هەم بێدەسەڵاتی، هەم کوێری. شێتە ئەو تازە هی منە و هی تۆ نێ. بۆ ئەوەی نازانی... بۆ نازانی چت پێدەڵێم....ئەو بێوەژنە. خۆ ئەوەی چاک دەزانی.

پێی دەڵێم: بەڵام هێشتاش دایکە بە هەر شێوەیەک بێ؟

ــ بەسی کە.

بیر لە قسەکانی ناکەمەوە تا بەرەبەری نیوەڕۆ. دروست لەو کاتانەی کە قاقای تێدەکا. شێت دەبم. هەست بەوە دەکەم بەڕاستی ئەو تازە هی ئێمە نێ.

لە حەوتەمین سااڵی دوای مەرگی باوکم، پێکەنینەکانی دایکم بۆ ئێمە مانای نەماوە! ئیدی پێکەنین نەبوون، وەک گوولە لە سەری جەرگی هەر دووکمان کاری دەکرد.

دەمەوێ دەرکەی لە سەر بکەمەوە، دەست دە قژی بنێم. نامەوێ چی دیکە بە دەنگی بڵێندەوە پێبکەنێ. ئەمن دەترسێم. نازانم بۆچی بەڵام ترسی لە دەستدانی خۆشەویستێک شێتت دەکا. عەقڵت لێدەستێنێ.

نامەوێ بیر لە قسەکانی ئەو بکەمەوە، بەڵام لە حەوتەمین سااڵی دوایدا، ئەو ئیدی هەر کات لەچکە گوڵ بەنەوشەکەی لە سەر دەنێ ئەمن دەترسێنێ، یانی شێتمان دەکا.

بەڕاستی هەست دەکەم ئەو، تازە هی ئێمە نێ. ڕاوەستاوە. زەقزەق چاوی تێدەبڕم.

دەمەوێ پێی بڵێم زۆری لێجوانە! بەڵام پێی دەڵێم گوڵەکانی زۆر زەق و بەرچاون. پێشی دەڵێم بەڕاستی لێی نایەتەوە. دەمەوێ بڕۆمە پێشێ و لە سەری بکەمەوە. ئەومان لەگەڵ ڕەنگی ڕەش پێجوانترە. سەری ساعەت ٦ی ئێوارێ پێمخۆشە دیسان زەنگ لێداتەوە. چاوم لە سەر یەک دادەنێم. دەست بە بژاردن دەکەم. یەک، دوو، سێ...لە سەر ژوماره ٨٩ ناهومێد دەبم. بەڵام دیسان دەبژێرمەوە : ٩٨. ٩٨ ... زەنگ لێنادا.

دەمەوێ دەست بە بژاردن بکەمەوە بەڵام دەزانم بێفایدەیە. بیر لە قسەکانی دەکەمەوە. هەست دەکەم هەر لەو نزیکانە لە دەستی دەدەین. لە حەوتەمین سااڵی دوایدا، هەمیشە ئەو کاتانە کە تلەیفۆنەکە بووق ناخوا، هەست بە ترسێکی زۆر دەکەم.

گوشیەکەی لە دیوەکەی خۆی داناوە، دەزانم بە تلەیفۆن قسان دەکا، گوشیەکە پێک دادەدەم. تا بزانێ گوشیەکەم هەڵگرتووە. هەست بە ترس دەکەم، گوشیەکەش زەنگ دەخوا، بۆ خۆیەتی.

دیسان ئەمن دەبێ سڵاوی لێبکەم!

ــ پێی دەڵێم: کە بیرم لە قسەکانی کردۆتەوە، بەڵام تەنیا هەر بیرم لێکردۆتەوە

ــ ئەو دەڵێ: لە حەوتەمین سااڵی دوایدا دڵم بۆ ماڵێ تەنگ بووە. بەڵام بۆ لە دەستدانی ئەو زۆرتر.

ــ پێی دەڵێم: بەڵام ئەو هی ئێمەیە بە هەر شێوەیەک بێ.

ــ ئەو دەڵێ: نە بە هەر شێوەیەک. بەڵام خۆشحاڵم کە ئەتۆش بیرت لێکردۆتەوە. ئەمن و تۆ هەر دووکمان بە خیانەتی ئەومان زانیوە.

دیسان پێی دەڵێم: کە تەنیا بیرم لە قسەکانی کردۆتەوە. تەنیا بیرم لێکردۆتەوە

ئەو دەڵێ : ئەمن دەترسێم.

پێی دەڵێم : ئەو هەر هی ئێمەیە بە هەر شێوەیەک بێ. ئەمنیش ناترسێم.

ئەو دەڵێ : نە بە هەر شێوەیەک بێ. نە بە هەر شێوەیەک.

گوشیەکەی پێک دادەدەم. دەترسێم. دەرکەکەش پێک دادەدەم.

هەواڵنامەی کێبڕکێ


کەحێل

لەیلا نوورانی

شەپۆلەکان بەدوای یەکدا خۆیان لە لەشی بەستێن هەڵدەسوو، وڵات ڕەنگی شین بوو، ژیان خزابووە ناخی دەریا و ئاسمان، ڕەوەئەسپێکی بەشکۆ لە بەستێنی دەریا جوانترین هەستی نهێنی بنیادەمی دەلاواندەوە، کلک و یاڵیان تیشکێکی تایبەتی لە وڵاتدا بڵاو دەکردەوە، حیلەی ڕەوەکە تێکەڵاوی دەنگی شەپۆلەکان مۆسیقایەکی تایبەت بۆ ئەو تابڵۆ ئەنتیکەیە بوو، لە نێوان ئەو ڕەوەئەسپە یەکیان زۆر بەرچاو بوو، کەحێلێکی زین و لغاوکراوی لە پادەبەدەر جوانی کلک و یاڵ بە ژەنگار، چاوەکانی لە بن بەرچاوکەکەی لە دوور دەدرەوشانەوە، بە پێچەوانەی ڕەوەئەسپەکە تێنەپەڕی، نزیک بۆوە و لە پێشی ڕاوەستا، پڕمەی دەهات و سمکۆڵی دەکرد و دەچۆوە سەر پاشوان، وەک بیهەوێ بە ئاکارە شتێک بدرکێنێ یان داخوازێکی هەبێ. وا حەیرانی چاو لێکردنی ببوو هیچ هۆشی لە سەر خۆی نەمابوو، تەپەتەپی دڵی لێببوو بە دەنگی دەهۆڵ؛ نەیدەزانی لە خۆشی بینینی ئەو هەمووە جوانییەیە یان لە ترسی ئەو ئەسپەی بەرامبەریێتی! ئەگەر چاوی هەڵهێنا، ئازای بەدەنی وەسەر ئاو گەڕابوو، لە پڕڕایەکی سەری هەڵبڕی و لەبەرخۆیەوە کوتی: ئەستۆی شەیتانی شکێ، خۆ دیسان خەوم لێ کەوتەوە! یەکپێ هەستا و یەخەی کۆتەکەی بڕێک هەڵکێشا سەرێ و چەکەکەی بە شانی دادا و چەند هەنگاوێک ڕۆیی، دەتکوت تاریکایی بێبڕانەوەی شەو نەیوێراوە قەرە لە قەرەی بەفری سپی بدا و بڕێک داوێنی هەڵکێشاوەتە سەرێ و تخوونی نەبووە، لە دوور لووڕەی گورگێکی برسی سامی ڕە وڵاتی دەخست، کێوە کفنپۆشەکان گەورەتر لە قەوارەی خۆیان دەنواند، هەر پیاسەی دەکرد و لێوی خۆی دەکرۆشت و لە حەول و تەقەللا دابوو خەو داینەگرێ، نەیدەزانی بۆ لەوەتا هاتووەتە ئەو پاسگایەی نزیک سنوور، وا خەوخەو بووە، جار هەبوو تا مەلابانگدانێ هەر خەریکی خوێندنەوە بوو و جارێکیشیان بە بیری دانەدەهات خەونووچکە بردبێتییەوە، بەڵام لێرە دەڵێی خەو لێی دەبوو بە دوو بەردی قورسی هەڵواسراو بە پێلووی چاوەکانییەوە و هەموو ئیختیاری لە دەستی دەردەچوو، مستێکی بەفر هەڵگرت و لە سەروچاوی هەڵسوو، دەتکوت تووشی ترس بووە، زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە دواوە و لەوی وابوو ئەسپەکە بە دواوەیەتی، بەو حاڵەشەوە حەریری ناسک و تەنکی بزەیەک لە سەر لێوی نیشتبوو، هەستێکی نهێنی نەناسراو لە ناخیدا وەک گوڵ پشکووتبوو، گەڕابۆوە دیوە بچووکەکەی تایبەتی پاسەوانەکان و لە سەر کورسییەکە دانیشت، ئاخێکی قوواڵی هەڵکێشا. بیری دەیبرد بۆ وڵاتی حەز و ئاواتەکان، خڵتەی غەمێکی لە دڵدا مابوو. بیرەوەری ئەو ڕۆژانەی هەموو مرۆڤێکی خاوەنهەست لە مێشکیدا تۆماریان دەکا و دەبنە سێبەر و بە سەر بەشێک لە ژیان دەکشێ و قەت حەز بە پابوونەوەیان ناکا.

بەیانە هەر دەر و ژووری بوو، چایەکەشی بە پێوە خواردەوە، چاوی وەک ئەستێرە دەدرەوشی، لاپەڕەکانی بە دەستەوە بوو بەڵام جارێکیش چاوی پێدا نەخشاندن، کوتبووی ئەوڕۆ ڕۆژێکە لە مێژووی ژیانمدا بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، شێرزاد چاوی لێکردبوو و واقێکی بردبۆوە. شانۆ دەستی پێکرد، هەموو لەوێ بوون، کەسایەتییە نێوبەدەرەوەکانی شار و زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆ و خوێندکاران. لە پێشدا سپیپۆشان دەوریێکی دیوە دەستکردەکەیان لێدا و دەوراندەوری پیرێکی ڕیشسپی گەڕان و قۆڵیان ماچ کرد و دەنگی دەف لە وڵات گەڕا، سپیپۆشان بە دەوری خۆیاندا خولیان دەدا و لە هەمان کاتیشدا ئاڵقەیەکیان سازدابوو و دەسووڕان، بەیانە و دووکەسی تر شێرەکانی مەولانایان دەخوێندەوە، وەک هەمیشە بەیانە لە جەغزی چارشێوێکی ڕەشدا قەتیس مابوو ئاخر کچەمەلا بوو، بابی ئیزنی پێ نەدەدا بێچارشێو دەرکەوێ، بەیانە سەری داخستبوو و بەدەم کوتنەوەی شێرەکان وەک کەسێکی حاڵات گرتبێتی هۆشی لە هەموو کەس و هەموو شت بڕابوو سەری بە جوولانەوەیەکی نەرم بۆ ڕاست و چەپ وەردەسووڕاند و لەپڕ لە سەر کورسییەکە هەستا و چارشێوەکەی فڕێ دا، جلێکی وەک عەبای سپی لەبەر دابوو دەتکوت پەپولەیەکی سپییە قۆزاخەی جێ هێشتووە. دەستەکانی ئاوەڵا کردبۆوە و بە دەوری خۆیدا دەسووڕا، ئیدی شێرەی نەدەکوت تەنیا بە دەنگێکی نەرم شتێکی دەکوت و دەکوتەوە و تێکەڵاوی کۆڕی زیکر بوو، وەک ڕوح دەهاتە بەرچاو نەک بنیئادەم، هەموو چاویان لەوی بوو لەو ڕوحە تەنکە سپی و تایبەتەی دەسووڕاوە و چاوە بە مۆلەقوەستاوەکان نوقمی خۆیان دەکرد، بەڕێوەبەری شانۆ چەقۆیان لێدابا خوێنی نەدەهات، پەیتاپەیتا دەیکوت ئەوە چیە؟!! ئەوە چیە؟! لە سالۆنەکەدا دەنگەدەنگ پەیدا بوو، پەردەکەیان کێشا و شانۆگەران هەموو وێستان و چاویان لە بەیانە بڕی، بەیانە هەروا دەسووڕا و شتێکی دەکوت و دەکوتەوە. شێرزاد لێی چووبووە پێشێ و گرتبووی و ڕایتڵەکاندبوو، هیچ کەڵکی نەبوو بەیانە لە دنیایەکی تردا سەیری دەکرد و دوور لەو دنیا ئاڵۆزوپڵۆزە بوو... چەند ڕۆژ دواتر زاربەزار لە شاردا گەڕا؛کچەمەلایەک لە بەرنامەیەکی ڕێزگرتن لە عیرفان سەمای کردووە و بۆیان کردە ئاڵای ڕۆمێ، ئەو ڕوژەی لە بەر دەرکی زانستگا وێستی ماڵئاوایی لە دۆستان بکا تۆزی خەمێکی گەورە و گران لە سەر ڕوخساری هەمووان نیشتبوو جگە لە خۆی، ئارامومەند بوو ئەگەر چاوی لە دەلاقەی چاوەکانی شێرزاد بڕی تف لە زاری شێرزاددا وشک ببوو، سەریشیان بڕیبایە نەیدەتوانی بڵێ بەیانە بۆ وات کرد؟! بەڵام نەیزانی بە کوێدا و چۆناوچۆن بوو هەڵیدایە و کوتی: بەیانە لە (سماع) کردنەکەتدا دەتکوت چی؟! بەیانە دمی لێ نزیک کردبۆوە و کوتبووی (ئەمنیش هەم)، شەپۆلی خەفەتێکی خۆڵەمێشی لە چاوەکانی شێرزادڕا گەیشتە ناخی بەیانە و تا بنانگوێ سوورسوور هەڵگەڕا و لێوەکانی وە لەرزین خست بەڵام زوو تێپەڕی و دیسان هێور بۆوە، بەیانە بێئاوڕدانەوە ڕۆیی و هەموو چاویان لێکرد هەتا بە عەبا سپییەکەیەوە وەک هەڵمێکی سپی نوقمی حەشیمەتەکەی ئەوبەری شەقام بوو. لەو ڕۆژەوە شێرزاد چڕژابوو، کەیفی بە هیچ ساز

نەبوو، بێ بەیانە هەنگوینی بە زاری تاڵ بوو، هەرچی حەولی دابوو لە هیچ کوێ سەروسۆراغێکی دەست نەکەوتبوو، بەیانە خۆی لە هەمووان نەدیو کردبوو، مۆبایلەکەشی دایمە کوژابۆوە. کەس نازانێ نە عەرز قووتی دابوو و نە ئاسمان هەڵیکێشابوو تا ئەو ڕۆژە تایبەتەی مامۆستا بە پەژارەوە پێی ڕاگەیاندن بەیانەشمان کردە مەنسووری حەللاج!! یانی چی مامۆستا، مەبەستت چیە؟! ئەوە شێرزاد بوو وەک هەمیشە خۆی پێ ڕانەگیرابوو، مامۆستا سەری داخست و کاتێک هەڵیهێنایەوە فرمێسک گۆنای تەڕ کردبوو: ئەو خۆی دیتەوە، ئەو ڕۆژە ئەو ڕاستەقینە خۆی دیتەوە و ئێستاکەش دڵەبەردینەکان و تانەی ئێمە بۆوی بوو بە گڕوبڵێسە و ژیانی بەیانەمان پێ ئاور دا، ئەو ڕزگاری هەتاهەتایی بوو، باوەشی بە مەرگێک داگرت بۆنی ژیانی لێ دێ، ئەو سەربەستترین کەسی نێو ئێمە بوو، شێرزاد ئیدی هیچی نەبیست... تا دوو ساڵ دوایەش ئارای لەگەڵ کەس نەبوو و قەت ئیزنی نەدا باسی بەیانەی بۆ بکەن و بۆ خۆشی هیچی نەدەکووت. بەڵام هەموو شەوێ لە ژوورەکەی دەیدی بەیانە بە جلە سپییە تایبەتەکە بە دەوری خۆیدا دەسووڕا و دەنگی دەف تێکەڵاوی دەنگی بەیانە وەک بلاوێنترین مۆسیقای دنیا دەهاتە گوێی، شێرزاد دەگڕ بیرانەوە ڕادەچوو و سەت پرسیار مێشکیان گەمارۆ دەدا و بە وڵامێک هەموویانی دەتاراند و دەیکوت: ئەوە نوێکراوەی وتەی (اناالحق)ە بۆ ژیانی کچێکی کورد!! دەتکوت خۆڵەمێشی لەشی بەیانە بە دەریای ناخی شێرزاددا دەکرا و هەموو شەوێ شەپۆلەکانی قینونەفرەت قۆناغەکانی ڕوحیان تێکدەڕووخاند و کەسیش نەبوو لیباسە تایبەتەکەی بەیانە بە شەپۆلەکانی دادا و ئەهەوەنی کاتەوە... دیسان ئاخی هەڵکێشا ئێستاش دەنگی دەف لە گوێیدا دەزرینگایەوە لەناکاو چەند تاپۆ و نیسێی وەبەر چاو هات، چەکەکەی هەڵگرت و بەپرتاو چووە دەرێ، کێن ڕاوەستن... ڕاوەستن... بە دەنگی تەقە سەربازەکانی تریش بە هاواربیەوە هاتن و هێزێکی سەرەڕۆ قامکی شێرزادی لە سەر پەلاپیتکەی چەکەکە وە جوولّە دەخست، دەنگی تەقوتۆق لە ولّاتدا ئاوازی دەداوە و دەبوو بە ڕمب و گورز و بە سەر پەیکەرەی کەڕ و چیادا دەهاتە خوار، حیلەی ئەسپێک و نالّەی چەند کەس کۆتایی ئەو شەڕە داسەپێنراوە بوو، شێرزاد دەلەرزی، تاووتوێیەک دایگرت ددانی دگانی نەدەگرت، چەند کۆڵبار بریندار ببوون و یەکیان گیانی دەرچووبوو، شێرزاد پێی پێوەنا و هەڵات تا گەیشتە سەری، لە حەیبەتان دەلەرزی! ئەژنۆی نووشتاوە و چەکەکەی لێ بەربۆوە؛ کەحێلێکی کلک و یاڵ بەژەنگاری گەوزاوی خوێن، لە سەر بەفر کەوتبوو و جۆگەخوێنێکی باریکەڵە لە لای خاڵەگەیەوە تا سەر بەفرەکە وەک تووڵەمار درێژ ببۆوە. شێرزاد هەر چاوی تێبڕیبوو، وەبیر خەونەکەی کەوتەوە... زایەڵەی حیلەی تێکەڵاوی نالّە لە کاتی ئەنگوانیدا شێرزادی چڕاندبوو، پێیوابوو بە چەکی وی ئەنگووا، ئەرێ وابوو؟! شێرزاد ئەوەی باش لە بیر بوو بۆلای گەورەترین نیسێ تەقەی دەکرد! ئەسپەکە ئێستاش لەشی گەرم بوو، بە کونە تفینکیدا هەڵمێکی سپی دەهاتە دەر و شەو هەڵیدەلووشی، جارجارە لاقەکانی ڕادەتڵەکاند. کوڕەکان ئاوریان کردبۆوە و مەیت و بریندارەکانیان بۆ ژوورێ ڕادەگوێست، یەکیان بە هەڵاتن خۆی گەیاندە شێرزاد و کوتی: لێی گەڕێ تازە ئاوی حەیاتێی بە گەرووی ڕۆکەی ناژی، واوەچوو با تیری خەلاسەی لێدەم، شێرزاد بە هەموو دەمایە خۆی هەرتک دەستەکانی قووچاند و بێئەوەی چاو لە سەر ئەسپەکە هەڵگرێ، ددانی دە چیڕەوە برد و نەڕاندی: لامەزهەب لێی گەڕێ... سەربازە بە سەرسووڕمانەوە دوورکەوتەوە، ئاورەکە ولّاتی هێندێک ڕووناک کردبۆوە، چاوەکانی ئەسپەکە دەدرەوشان؛ ئەو چاوانەی دەتکووت ئاشنایەکی لەمێژینە بوون و ئێستا ببوونە ئاوێنە بۆ گڕی ئاورەکە و لە چاوەکانیڕا بڵێسەی دەکرد و گڕی دەگەیشتە دڵی شێرزاد و دەیکزاندەوە، شێرزاد شتێکی بە سەر هاتبوو چەکەکەی لە پەنا ئەسپەکە وەک دێو و درنج دەهاتە پێش چاو. لە چاوی ئەسپەکەدا بەیانە لە نێوانی شاگرەکاندا دەسووڕاو و دەسووڕاوە، شێرزاد دەگریا بۆ ئەسپەکە و بۆ شانۆی چاویشی؛ لە پانتایی بێبڕانەوەی خەیاڵیدا ڕەوەئەسپێک دەورەیان دەدا و بە ئاکارە و سمکۆڵکردنیان سەرکۆنەیان دەکرد، جەزرەبەیان دەدا... نەیزانی چەندی کێشا هەتا لە نێوانیان خەلاسی هات و وەخۆ هاتەوە. ئێستاش ئەسپەکە لەگەڵ مەرگ ئاوقای یەک بوون؛ هەتا لە ئانوساتێکدا بەیانە لە چاوەکانی نەدیو بوو و گڕەکەش نەما، پێلووی وەک پەردەی شانۆ کەوتنە خوار و ئەسپەکە ئیتر جوولّەی نەکرد. شێرزاد دەتکوت سەرما بردوویە و ڕەق هەڵاتووە بە زەحمەت هەستایە سەرپێ، سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی ، بابی دەنگی دەهات دەتکوت لە دوور هەرای دەکاتێ: کوڕم ژن و ئەسپ و چەک جێی بەقایە نین، جێی بەقایە نین... نین... نین. دەنگی پڕ بە مێشکی شێرزاد ئاوازی دەداوە، کێوی ڕا و ئاواتەکانی بە تەقینەوەیەک پرشوبڵاو ببوون و تۆزی نەمانیان لێ بڵێند ببوو. ئیتر دەتکوت هەموو شت نیسێی (هیچ و بێمانابوون)ی بە سەر کشابوو. لە لووتکەی کێوەکانی ئەو دیوی سنوور، کولێرەناسکەی هەتاو لە سەر سفرەی ئاسمان چاوی وەشەواڕە دەخست، شێرزاد پشتی لە هەموو بێبەقاکان کردبوو و بەڕەو سنوور هەنگاوی دەنا.



ئاوێنە

ک.د.ئازاد

پیری و فەقیری و تەنیایی بە یەکەوە هێرشیان بۆ هێنابوو!
وڕ و کاس بوو! لە هەموو دارایی و مالّی دونیا، تەنیا هەر ئەو مالّە گەورە و دەرەنْدەشتەی بۆ مابوو! هەموو جێیان هێشتبوو!
«ئای لەو هەموو حورمەت و شکۆیە»!
لە بەرخۆیەوە هەر ورتەی بوو:« عەزیزترین کەسەکانم! ئای ئای! چیان لێهات؟ کۆڕ و کچ جێیان هێشتم! هەموو ڕۆیشتن بۆ هەندەران!»
گەیشتە بەر دەم ئاوێنە! خۆی لە ئاوێنەکەدا دی! تا زیاتر سەیری خۆی دەکرد، زۆرتر دەهاتە سەر ئەو باوەڕە کە خەریکە جوانتر دەبێتەوە! گەنج دەنوێنێ! شتێک ڕایکێشا بۆ ناو دڵی ئاوێنەکە! چۆ ناو ئاوێنەوە!
« ئای لەو دونیا خۆشە! تەواو گەنج ببۆوە! سالار و سەلاح و سالّە! هەر سێ کوڕەکەی بەرانبەری خەبەردار ڕاوێستابوون! مونیرەی کچی خەریکی چایی تێکردن بوو! باخانی خێزانی، کە هەموویان لە زاری ئەوەوە، پێیان دەگوت بەخە، لە سەرەوە دانیشتبوو!
ئەویش چوو لە لای خێزانی دانیشت! بە دەست ئیشارەی کرد کە هەموو دانیشن!
- بەخە؟
- بەڵێ باوکی سالار!
- زۆر بەختەوەرم! کە چاوم لەو منداڵانە و لە تۆیە، دەڵێی هەموو دونیا هی منە!
- ڕاستە مێردەکە! منیش هەر ئەو هەستەم هەیە!
- مونیرە؟ کچم چ خەبەر؟
- باوەگیان چی؟
- قەرار نەبوو عەلی دەزگیرانت بێ و سەبارەت بە گوێستنەوەت قسە بکەین!
مونیرە لە شەرمان سەری داخست و بەخەی خێزانی هەڵیدایە:
- هات! تۆ لە مالّ نەبووی!
- دەی چیتان پێوت؟
- هەر ئەوەی خۆت پێتوتین! «ژن ژنی خۆتە و هەر وەخت توانیت دەستی بگرە و بیگوێزەوە»! وانیە؟
- زۆر باشە!
- سەلاحگیان! کەی دەچییەوە بۆ زانکۆ؟
- سبەینێ بابەگیان!
- ئەی تۆ سالار؟
- من هاتووەوە بۆ دامەزراندن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکەم! تازە ناچمەوە! دوایە بۆ نیشانْدان و پەسەندکردنی پڕۆژەکەم لە لایەن ئوستادەکەمەوە سەردانێکی زانکۆ دەکەم و ئیتر تەواو دەبم!
- سالّەگیان! دەگەڵ کارەکەت چۆنی؟
- زۆر باشم بابەگیان! شیرکەتەکەمان قەرارە بمنێرێ بۆ ئوروپا!
- بۆ؟
- بۆ کڕینی کەلوپەل و ئاڵوگۆڕی بیر و بڕوا دەگەڵ شیرکەتەکانی وەک خۆمان!
- زۆر باشە! هەر سەرکەوتوو بن ڕۆڵەکانم!
هەستی کرد سەری دەگێژەوە دێ!
ڕوخساری ناو ئاوێنەکە پیر و پیرتر دەبوو!
کە بەخە مرد، منداڵیش یەک یەک بە بەهانەی جۆراوجۆر ڕوویان لە ئوروپا و ئەمریکا و هەندەران کرد! لە پێشدا مونیرە و زاواکەی دوایە سالّە و دواتر سالار و سەلاح!
تەنیا مایەوە! تەنیای تەنیا!
«ئەو هەموو بەختەوەریە چی لێهات »؟

هەستی کرد ئاوێنەکە و مالّەکە دەخولێنەوە! دەستی بە لێواری قەرەوێلّەکە گرت تا نەکەوێ!
بەخە بەرانبەری وێستا بوو! بزە لە سەر لێو! باوەشی بۆ گرتەوە! ئەویش بە پێکەنینەوە خۆی دەباوەشی بەخە هاویشت!

❊❊

دەر و دراوسێ بە پۆلیسیان وت: ماوەیەک بوو مامسمایل دیار نەبوو! زۆرمان لە دەرگا دا، کەس نەیکردەوە! سالاری کوڕی لە نەرویجەوە تلەفۆنی بۆ مالّی کاک هەمزەی دراوسێیان کردبوو و وتبووی باوکم جوابی تەلەفون ناداتەوە! بزانن چ دەکا و چی بە سەر هاتووە!
کە پۆلیس دەرگای مالّی مامسمایلی کردەوە بە سەر تەرمی مامسمایل داکەوتن کە ماوەی پازدە رۆژ بە سەر مردنیدا تێدەپەڕی! هەر چەند تەرمەکە بۆنی کردبوو بەلّام ئەوانەی لە نزیکەوە دیبوویان، دەیانگوت: مامسمایل بە مردوویش بزەیەکی لە سەر لێو بوو!



ڕەشایی

زێنەب بابایی

شەوەزەنگێکی، بەسام و سەیر بوو، چاو هیچ کوێی نەدەدیت...
تەنیا ڕەشایی بوو، و ڕەشایی، ئیشکە سەرمایەکی سەخت و سەخڵەت... دەو شەوە ڕەشە و ئەو سەرما دڵتەزێنە، تەنیا جاروبار دەنگی باڵ¬لێکدانی شەمشەمەکوێرە، کە جاروبار لەبن گوێم¬دا دەخووشی، دەهات؛ بەلّام دەبا ڕۆیشتبام... چەند هاتبووم نازانم، چەندەی دیکە دەبێ بڕۆم، ئەوەشم نەدەزانی... تا دەمتوانی چاوم زەق دەکرد تا بتوانم بیدۆزمەوە، ببینمەوە... دەنگی باڵ¬لێکدانی شەمشەمەکوێرە هات، دەستم لە پێش دەموچاوم ڕاگرت، دیسان لەبن گوێم خووشی... وەڕێ کەوتمەوە... ڕاوەستانم نەبوو، دەتکوت لاقم لە هیچ شتێک ناکەوێ، دەستیشم هەروەتر... وەک ئەوەیکە لە سەر هەورێکی، ڕەش پیاسەی بکەم هەموو شتێک نەرم، و هەموو ولّات ڕەش... هەڵبەت کارم بە هیچ نەبوو، تەنانەت بە دوای ڕوحەکەی خۆمدا هاتبووم دەمهەویست بێتەوە ناو جەستەکەم، کەوا لە جەستەم هاتە دەرێ و دەستی پێکرد بە هەڵاتن... هەڵات هەڵاتێکی بوو، دەو هەورە ڕەشەیدا، مەگەر خودا بزانێ، وا بە سووکی و هاسانی هەڵدەهات و ئەمنیش گێژ و بێتاقەت... بۆ ماوەیەک لێم ون بوو... ڕەشایی... بە دەنگی... چاوم هێندەی دیکە زەق کردەوە... دەنگی قاقا دڵلەرزێنەکەی بڵێند بووم... لێم وەدیار کەوتەوە، دەبێ بە دوایدا بڕۆم... ڕانەوەستم، نەکا لێم ون بێ، دەنا جەستەی بە ڕوح!!! هەر نابێ نا!!!
زۆرم وەپێش کەوتەوە، ئاخر ڕۆیشتنەکەی زۆر بەهێزتر بوو لە ڕۆیشتنی من، هەر دەخووشی، وەک بای، هەر بۆیە نایگەمێ... هەنگاوم خۆشتر کرد، هەناسەبڕکە ببووم، دیسان لێم ون بوو، دەو ڕەشایی¬یەدا سەرم وەک خول¬خوولەی دەسوڕاند و بە دوای¬دا دەگەڕام و بە تەواوی هێزی خۆم هەڵدەهاتم لەپڕ لە دوورەوە، وەدی هات... باوی لاقم خۆشتر کرد، تا بیگەمێ... لێی نیزیک ببمەوە... باوەشم بۆ کردەوە، بەڵکوو بێتەوە ناو جەستەم... بە تاقەت و خێرا خۆی پێدادام... دەنگەدەنگی چەند کەسم بە حاستەم گوێ لێدەبوو ... دەنگی پیاوێک، دەنگی دایکم کە دەگریا و دەنگی بابم... هۆشم ڕۆیشتەوە... هەڵاتنی ڕوحەکەم لە نێو مێشکم، قاقاکانی هەر لە گوێم دابوو... دەنگی قسەکردن و گریانی دایکم ئازاری دەدام... چاوم بۆ هەڵ¬نەدەهات... دەنگی باڵ¬لێکدانی ئەو هەموو شەمشەمەکوێرە کە دوور و نیزیک دەبووە... بەلّام حەولم دەدا، لە قسەکان حاڵی بم... ئەو هەموو دەنگە چییە؟! دەنگی دایکم دە نێو دەنگەکان¬دا بە گریانەوە، دەپاڕاوە... ئای دوکتور، دەستم بەداوێنت ... بلّێی وەهۆش؟! ... بلّێی بەو جەستە تێکشکاوەی بتوانێ هەستێتەوە سەر پێ؟! حەولم دەدا هۆشم بێتەوە، بزانم کێ جەستەی تێکشکاوە!! کوتی: ماشێنەکە زۆر بە تووندی، خۆی لێداوە، خودا ڕوحمی پێکردووە، بەلّام پێمواندبێ، بتوانێ، تازە بە پێی خۆی بڕوا! هەر ئەو کوڕەت هەیە؟! بە مێشکم داهات نەکا دەگەڵ منیان بێ؟! جەستە تێکشکاندنی چی؟! چاو لەو دایکە بەستەزمانەم کە!! خۆ ئەمن جەستەم نەشکاوە، ڕوحەکەم لە جەستەم هاتە دەرێ و هەلّات ... دەنگی بابم ... دەتکوت دەچاڵاوێدا قسە دەکا ... دەیکوت: ئاخر چۆن!! هەر بەو حەبانە ... بۆ چی دەبێ؟؟ بۆ خواردوویەتی؟! لە کوێی هێناوە ... دەنگەکان دوور دەبوونەوە ... دوور ... ڕوحەکەم لە پەنام ڕاوەستابوو، قاقای دەکێشا ... تەمام گرت دەستم درێژ کەم و بیکێشمە لای خۆم ... بەلّام ئێشی دەست و شان و پیلەم کە تاقەتیان نەبوو ... بێ¬هێزی کردم و دەستەم پێی ڕانەگەیشت ... قاقای ڕوحەکەم دیسان بڵێند ببووە و قوومارێ لەگەڵ شەمشەمەکوێرەکان دەکرد ... دیسان لە هۆش چوومەوە ...



سیسیلیا ...

جیهان کەرەمی

- سیسیلیا، گوولّەکەم...هەستە درەنگە!

خەریک بووم لە پێش ئاوێنەی وەتاغ ڕدێنم دەتاشی و سیسیلیا هەروا لە جێ دابوو. زاری داپچکڕێبوو و بە چاوی پڕ لە ترسەوە لە خاڵێکی نامۆی بن میچی ژوورەکەی دەڕوانی. ماوەیەک لە ئاوێنەدا لێمڕوانی و دوایە بێخەیالی بووم. خەریکی ڕدێنتاشین بوومەوە:

- سیسیلیا لە بیرتە باسی ئەو سەگەم بۆ دەگێڕایەوە کە هەموو شەوێ دەهاتە خەونم...

لە ئاوێنەدا سەیرم کردەوە. هەر وا زاری داپچکڕێبوو و بە چاوی پڕ لە ترسەوە لە خاڵێکی نامۆی بن میچی ژوورەکەی دەڕوانی:

- لە بیرتە سیسیلیا؟! دوێنێ شەوێ بۆ ئاخرین جار هاتە خەونم. خۆت دەزانی... پێم گووتوی خەونەکانی من زۆر لە ڕاستی دەچن. زۆر جار لێم دەگۆڕێ. نازانم لە خەو دام یا نا. هەموو ساتێک... تەنانەت هێستا... گوێت لێیە سیسیلیا؟!

خەریک بوو لە ڕدێنتاشین تەواو دەبووم. لە ئاوێنەدا سەیرم کردەوە. جوولّەی نەدەکرد. هەروا زاری داپچکڕێبوو و بە چاوی پڕ لە ترسەوە لە خاڵێکی نامۆی بن میچی ژوورەکەی دەڕوانی:

- ئەو شەو لە خەونمدا کووشتم. دەستم دە قووڕقرۆسکەی ملی نا و بەتەواوی هێز دامگرت. وردەوردە لە بن دەستمدا گیانی دەڕچوو. نیگاکانی وەک نیگای بەشەر دەچوو. پڕ بوو لە پاڕانەوە. بەڵام ڕوحمم پێنەکرد. تۆپاندم، سیسیلیا، تۆپاندم. دەنا کاری چاکم نەکرد؟!

تەواو بووم. چاوێکم لە دەموچاوم کرد هیچ کوێ بەجێ نەما بێ. دوایە بڕێکم ئافترشەیو لە سەر دەستم ڕۆ کرد و لە دەموچاوم دا و هاوکات لە ئاوێنەدا سەیرم کردەوە. جوولّەی نەدەکرد. هەروا زاری داپچکڕێبوو و بە چاوی پڕ لە ترسەوە لە خاڵێکی نامۆی بن میچی ژوورەکەی دەڕوانی:

- من وردەوردە دەڕۆم سیسیلیا.

لێباسم لەبەر کرد و لەبەر ئاوێنە لە خۆم و لە ئەوم ڕوانی. نە جوولّەی دەکرد و نە متەقی دەهات. شل و بێ¬دەنگ. هەروا زاری داپچکڕێبوو و بە چاوی پڕ لە ترسەوە لە خاڵێکی نامۆی بن میچی ژوورەکەی دەڕوانی. چوومە لای. لە پەنا تەختەکە دانیشتم و سەرم لە پەنای سەری دانا و لەو بەری میچم ڕوانی. هیچ دیار نەبوو. شینایی سەر ملیم ماچ کرد و هەستام. ئەو نە هیچی کرد و نە هیچی گووت. تەنیا بە زاری داپچکڕاوە و بە چاوی پڕ لە ترسەوە لە خاڵێکی نامۆی بن میچی ژوورەکەی دەڕوانی:

- خۆشم دەوێی سیسیلیا

